# پڕۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

## 2015 - 2016

## دەزگای ئایدیا بۆ فکرو لێکۆڵینەوە


**سەرپەرشتیاری پرۆژە**

**ئەنوەر حسێن (بازگر)**

**ستافی پرۆژە:**

د.لوقمان رەئوف - ئەرسەلان حەسەن

باوان عومەر - زریان محەمەد



2016

پرۆژەی (100) نامیلکەی فەلسەفی

# ئاشنابوون بە دۆرکهایم

وەرگێڕانی
ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال

2016

خاوەن ئیمتیاز: دەزگای ئایدیا
لێپرسراوی دەزگا: ئەنور حسێن

وەرگێڕانی: ئارام مەحمود - دانا لەتیف جەلال
تایپ: کەیوان عومەر - کاوان عەبدولرەحمان - نیاز کەمال - نیاز جەمال
دیزاین: ئاکام شەمسەدینی
چاپ: چاپخانەی دلێر
تیراژ: 1000 دانە
ساڵی چاپ: 2016
نرخ: 1500 دینار
شوێنی چاپ: سلێمانی - کوردستان
نۆبەتی چاپ: چاپی یەکەم
لەبڵاوکراوەکانی: **دەزگای ئایدیا** بۆ فکر و لێکۆڵینەوە

www.ideafoundation.co
info@ideafoundation.co
idea@ideafoundation.co
www.facebook.com/dezgai.idea
053 330 0391 - 0770 195 5044

لە بڵاوکراوەکانی دەزگای ئایدیا
زنجیرە (87)

# تیۆری خۆکوشتنی دۆرکهایم

عەلیڕەزا موحسنی تەبریزی

لە فارسییەوە: ئارام مەحمود

تـیـۆری خۆکوشتنی دۆرکـهـایـم، کـه لـه کتێبی (Le Suicide) بڵاوکراوەتەوە، یەکەم هەوڵی ڕێکخراو و سیستماتیکی کۆمەڵناسانە بۆ شیکار و تێگەیشتنی چەمکی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن و گرنگترین پاڵنەر و وروژێنەرە بۆ ناسینی زانستی ئەم ڕەفتارە. لەمڕووەوە لێکۆڵینەوەی دۆرکهایم لەبارەی خۆکوشتنەوە بە مۆدێلێکی زانستی لە کۆمەڵناسیدا دادەنرێت.

تیۆری خۆکوشتنی دۆرکهایم وەک ئەوەی (ڕۆبێرت مێرتۆن R. Merton) باسی دەکات، بە تیۆرێکی (مامناوەند Middle range theory) هەژمار دەکرێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەمجۆرە تیۆرانە ئەوەیە، کە هەوڵدەدەن زانیاری ئەزمونی (Empirical Data) بە شێوەیەکی سیستماتیک و ڕێکخراو لەگەڵ جۆرێک گشتاندن بگونجێنن. تایبەتمەندییەکانیتری تیۆریە مامناوەندەکان ئەوەیە کە:

1. پێکدێن لەو بابەت و گریمانانەی، کە دەتوانرێت لێیانەوە بە شێوەیەکی لۆجیکی گریمانە دەربێنن و تاقیانبکەنەوە.

2. توانای پەیوەندیکردنیان بە تۆڕێکی فراوان لە تیۆرێکی گەورەتر هەیە.

3. تەنیا لە باسێک یان گشتاندنێکی ئەزمونیدا سنوردار نابن، زیاتر لە دەرئەنجامێکی سنوردارن، بۆ نمونە دۆرکهایم شیکاری خۆی لەوەدا سنوردار نەکرد، کە تەنیا باسی پەیوەندی پێچەوانەی نێوان یەکپارچەیی و گرێدراوی کۆمەڵایەتی و خۆکوژی بکات، بەڵکو تیشکی خستەسەر شیکاری تیۆری ئەم

پەیوەندییە. لەمڕووەوە وەک واقیعی کۆمەڵایەتی، ویژدانی بە کۆمەڵ، ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی و هاوشێوەی لە شیکارەکانی دۆرکهایم-دا دەخرێنەڕوو.

4. بەشێوەیەکی لۆژیکی کۆمەڵێکی پێکەوە گرێدراو لەوگریمانە و بابەتانەن، کە دەتوانرێت تاقیبکرێنەوە. بۆ نمونە دۆرکهایم لەم بابەتە گشتییە کە "هەرچەندێک گۆڕانی کۆمەڵایەتی زیاتربن، ئاڵۆزی کۆمەڵایەتی زیاتر، خۆکوژی زیاتر دەبێت" بەو ئەنجامە گەیشت، کە بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی. خۆکوشتن زیاتر دەبێت.

5. یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی نەزانراو و نەناسراو و شاراوەکان ئاشکرا و دیاریبکرێن، بۆ نمونە لێکۆڵینەوەی ئەزمونی دۆرکهایم لەبارەی خۆکوشتنەوە، ئەو بابەتەی روونکردەوە، کە بەر لە بەرگرتن و چارەسەری کێشەیەکی کۆمەڵایەتی وەک خۆکوشتن، پێویستە بیناسین و بە شێوەیەکی زانستی لە هۆکارەکانی بکۆڵرێتەوە.

دۆرکهایم لە یەکەم کۆمەڵناسە ئەزمونگەراکانە و لە رووی میتۆدۆلۆژییەوە کتێبی خۆکوشتنی دۆرکهایم، یەکێک لە یەکەم ئەو لێکۆڵینەوانەیە، کە سوود لە شێوازی بوونی چەند گۆڕاوێک لە لێکۆڵینەوەکەیدا وەردەگرێت.

دۆرکهایم لەگەڵ بەراوردکردنی ئامار و زانیارییەکانی پەیوەندیدار بە خۆکوشتن لە ژمارەیەک وڵات و مەزهەب و سەردەمە مێژووییەکان و کاتی جیاوز لە رووی رۆژ و مانگ و ساڵ، بەو ئەنجامە دەگات، کە خەمناکی و رق و فشارە دەروونییەکان، خواردنەوە کحولییەکان و نەخۆشییە دەروونییەکان، هۆکارە ژینگەییەکانی وەک کەشوهەوا و شوێنی جوگرافی، نـەژاد و وەرزەکانی ساڵ ناتوانن هۆکاری خۆکوشتن بن، لەمڕووەوە لێکۆڵینەوەی دۆرکهایم لەبارەی زانیاری پەیوەندیدار بە خۆکوشتن لە سەدەی نۆزدەدا، دۆرکهایم بەو ئەنجامە دەگەیەنێت، کە خۆکوژی دەرکەوتەیەکی

کۆمەڵایەتییە. دۆرکهایم بە پشت بەستن بە ئامار و لێکۆڵینەوە، خۆکوشتن بە دەرکەوتەیەکیبەردەوام دادەنێت، کە لە ڕێگەی ڕەفتاری تاکەکانەوە، ناتوانرێت پاساو و شیکاری بۆ بکرێت، لەبەرئەوە خۆکوشتن بە کۆی بەرهەمی هۆکارە جۆراوجۆرەکان دادەنێت، کاریگەرییەکانی (خێزانی، کۆمەڵایەتی، ئایینی و سەرجەم راستییەکانی کۆمەڵگە) هەروەها سەرچاوەکەی دەگێڕێتەوە بۆ تێکەڵاوبوونی قاڵب و لەبەریەک هەڵوەشانی سیستمی کۆمەڵگە و لاوازبوونی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و لە ئەنجامیشدا تەنیایی و رەتکردنەوەی تاک.

بە دڵنیاییەوە پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە هەوڵدانی دۆرکهایم بۆ ئەوە نییە، کە لە هۆکاری خۆکوشتنی تاک بکۆڵێتەوە. دۆرکهایم باس لەوە دەکات، کە لەگەڵ ئەوەی لاسایی کردنەوەی خۆکوشتن، هۆکاری بەشێک لە خۆکوشتنی تاکەکانە، بەڵام کاریگەری لەسەر ڕێژەی خۆکوشتن لە کۆمەڵگەدا نییە.

بە روانین لە کۆمەڵناسی وەک دەروونناسی کۆمەڵ، دۆرکهایم هەوڵدەدات، تەنیا ڕێژەی خۆکوشتن بە بێ کۆنترۆڵکردنی گۆڕاوەکانی رەگەز و تەمەن شیدەکاتەوە.

ئەو ئەنجامە گشتییەی دۆرکهایم پێیدەگات ئەوەیە، کە ڕێژەی خۆکوژی لە کۆمەڵگەدا تەنیا بە سەرنجدانە ئەنجام و شوێنەواری ڕێژەی گۆڕان لە پەیوەندی کۆمەڵایەتی و یەکپارچەیی چینەکاندا روونده‌بێتەوە.

- شێوازی دۆرکهایم بۆ بەدەستهێنانی گـۆڕاوە سەرەکییەکان بۆ دیاریکردنی ڕێژەی خۆکوشتن بریتین لە:

1- لادانی هۆکارە سەرو کۆمەڵگەییەکان (Extra- Social factors) لە پەیوەندییە باڵاکان.

2- جۆرێک گشتاندنی تایبەت لە پەیوەندی نێوان خۆکوشتن لە کۆمەڵگە و ڕێژەی یەکگرتوویی و پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان.

بەپێی ئاماری وڵاتانی بەلجیکا و ئەڵمانیا و فەرەنسا و ئەمەریکا و ئیتالیا، دۆرکهایم بەو ئەنجامە گەیشت، کە هۆکارەکانی سەرو کۆمەڵایەتی لەوانە شێتی و خواردنەوەی کحولی و نەژاد و بۆماوەیی و کەش و هەوا و وەرزەکانی ساڵ و لاساییکردنەوە، بە هیچ شێوەیەک پەیوەندیان بە رێژەی خۆکوشتنەوە نییە.

لەگەڵ ئەوەی هۆکارە بۆماوەییەکان بە رێژەیەکی سنوردار پەیوەندی بە رێژەی خۆکوشتنەوە هەیە، بەڵام دۆرکهایم ئاماژە بە ئەوە دەکات، کە ئەگەر بەوشێوەیە بێت، پێویستە رێژەی خۆکوشتنی ژن و پیاو یەکسان بێت، بەڵام لە راستیدا وانییە. لەمڕووەوە خۆکوشتن لە بنچینەدا دەرکەوتەیەکی تایبەت بە پیاوانە و پەیوەندییەکی واتادار لە نێوان خۆکوشتن و بۆماوەییدا نابینرێت. بەپێی گشتاندنە ئامارییەکان، کە دۆرکهایم لەو زانیاریانەی دەستیکەوتوون و خستونیەتەڕوو، ئاماژە بە سێ ئاستی ئەم گشتاندنانە دەکات:

1- گشتاندن، یان گریمانەی عەقڵ.

2- گشتاندن، یان گریمانەی مامناوەند.

3- گشتاندن، یان گریمانەی زۆرینە.

- تایپۆلۆژی خۆکوشتن لە دیدی دۆرکهایمەوە:

دۆرکهایم لە بەشی دووەمـی کتێبی خۆکوشتندا، بەشێکی زۆری لێکۆڵینەوەکەی خۆی بۆ تایپۆلۆژی خۆکوشتن تەرخانکردووە. بە بۆچوونی دۆرکهایم دەتوانرێت خۆکوشتن لە چوار چینی گشتیدا رێکبخرێن:

1. خۆکوشتنی خۆویستانە Egoistic.

2. ئەو خۆکوشتنانەی کە کەسانی تر دەیخوازن Altruistic.

3. خۆکوشتنی ئانۆمیک، یان بێسەروبەرە Anomic.

4. خۆکوشتنی ناچاریانە (زۆرەملێیی) Fatalistic.

خۆکوشتنی خۆویستانە و ئەو خۆکوشتنانەی، کە کەسانی تر دەیخوازن لە دوو جەمسەری دژی یەک و خۆکوشتنی ئانۆمیک، یان بێسەروبەرە و خۆکوشتنی ناچاریانە (زۆرەملێیی)ش لە دوو جەمسەری دژی یەکن.

1. خۆکوشتنی خۆویستانە Egoistic

دۆرکهایم خۆکوشتنی خۆویستانە تایبەت بەو کۆمەڵگانە دەزانێت، کە تێیاندا فەلسەفە و سوننەتی تاکگەرایی (Individualism)، سەربەخۆیی تاک (Self – Independency)، پشت بەستن بە خود (Self – Reliance) ، خۆبەسی (Self – Sufficiency) باو و پەسەندکراوە.

لەوجۆرە کۆمەڵگانەدا بە هۆی رێژەی کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و فشاری کۆمەڵ زۆر بە کەمی، لاوازکردنی رۆحی بەکۆمەڵ، بێلایەنی رێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان لە بەرپرسیارێتی تاک، دەستبەسەرداگرتنی بۆنە و پەیوەندییە لاوەکی و رەسمییەکان لەلایەن پەیوەندییە سەرەتاییەکان و گرێنەدراوی تاک بە کۆمەڵگەوە، کەمبوونەوە، یان ناکۆکی توند لە هاوشێوەسازی لەگەڵ گروپە کۆمەڵایەتییەکان و پشتیوانی نەکردنی کۆمەڵایەتی و سەرپەرشتی نەکردنی لایەنی سۆزداری و دەروونی تاکەکان لەلایەن رێکخراوەکانەوە، بۆتە هۆی زیادبوونی مەیلی خۆکوشتن لە دۆخی قەیراناویدا.

لە بابەتی پەیوەندیداردا بە خێزانەوە وەک گروپی سەرەتا، دۆرکهایم باس لەوە دەکات، یاکپارچە و یەکگرتوو نەبوونی خێزان، دەبێتە هۆی ئەوەی رێژەی خۆکوشتن لەناو سەڵتەکاندا، بەبەراورد لەگەڵ ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە زیاترە، هەروەها خۆکوشتنی ئەوانەی لە هاوسەرەکانیان جیابوونەتەوە و منداڵی کەمیان هەیە، لەوانەی جیابوونەوە و منداڵیان نییە، زیاترە.

هەروەها لە شارەکان کە رۆحی بەکۆمەڵ و یەکگرتنی ئۆرگانی کەمترە، خۆکوشتنی خۆویستانە زیاترە، لە رێژەی خۆکوشتنی خۆویستانە لە گوندەکاندا، بەهۆی باڵایی رۆحی بە کۆمەڵ و یەکگرتوویی و یەکپارچەیی

کۆمەڵایەتی.

لەلایەکیترەوە بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی مەزهەب و خۆکوشتن، دۆرکهایم پێیوایە ڕێژەی خۆکوشتن لەناو مەزهەبەکانی کاسۆلیک و یەهودی لە کەسانی پرۆتستانت کەمترە، چونکە ئایینی کاسۆلیک و یەهود بانگەشە بۆ یەکگرتوویی و بەکۆمەڵ بوون دەکەن، بەڵام مەزهەبی پرۆتستانت بە جەختکردنەوە لەسەر بەهاکانی تاک و تاکگەرایی، تاکڕەوی و بەرپرسیارێتی خود، لاواز کردنی یەکپارچەیی و یەکگرتوویی، جۆرێک دابڕانی کۆمەڵایەتی و کەمی یەکگرتووی کۆمەڵایەتی بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگەی کاسۆلیک و یەهودی هەیە.

بە بڕوای دۆرکهایم خۆکوشتن لە وڵاتانی پێشکەوتوو و پیشەسازی زۆرتر لە جۆری خۆویستانەیە، چونکە ژیانی بە ستانداردکراو لەم کۆمەڵگانەدا، نەک تەنیا بۆتە هۆی گەشەپێدانی بۆرۆکراسی و عەقڵانیەت و کێبڕکێی دابەشکاری کار و تاکگەرایی و سکۆلاریزم و شیکار و گۆڕانی عەقڵی نمونەیی بۆ عەقڵی تەکنیکی، بەڵکو بۆتە هۆی ئەوەی کە پەیوەندی و ڕێککەوتنە سۆزداری و گروپییەکان ببنە قوربانی سەربەخۆیی مادی و تاکڕەوی فەلسەفی و کێبڕکێی توند و لە ئەنجامدا مرۆڤ لە زۆرێک لە تایبەتمەندیی و چۆنایەتی ژیان لەوانە خۆشەویستی و هەست و مەیل و دڵدانەوە کە پێویستی بوونە جیا بێنەوە و جۆرێک نامۆبوون تاقی بکاتەوە.

خۆکوشتنی خۆویستانە، یان خۆپەرستانە دووجۆری لاوەکی هەیە:

ا. جۆری مالیخولیایی خەیاڵی.

ب. جۆری ئیپیکوریانیزم Epicureanism.

لە جۆری مالیخولیایی خەیاڵی، کە لەگەڵ جۆرێک لاوازیدایە، دۆخی خەمباری و کاردانەوەت توند دەبینرێت، لە جۆری ئیپیکوریانیزم هەستی بێمەیلی و کەمخۆراکی بەشێوەیەکی ڕاستەقینە لە تاکدا دەردەکەوێت و

کارێک دەکات، تاک بەرامبەر هەرچییەک لە دەوروبەری هەیە بێمەیل و هەست و خوێنسارد بێت. خۆکوشتنی خۆپەرستانەی ئیپیکوریانیزم زۆرتر لەگەڵ جۆرێک هەستی بێواتایی و رەشبینی بەرامبەر راستییە هەبووەکان و دەوروبەریدایە.

2. ئەو خۆکوشتنانەی کە کەسانیتر دەیخوازن Altruistic

ئەمجۆرەی خۆکوشتن تایبەتە بەو کۆمەڵگانەی، کە بە توندی پشتیوانی لە یەکگرتوویی و تاکێتی گروپەکان، گرێدراوی تاک بە گروپە سەرەتاییەکان و هاوکاری و رێکخراوە جیاوازە کۆمەڵایەتییەکان دەکەن. لەمجۆرە کۆمەڵگانەدا، رێژەی کۆنترۆڵ و فشاری گروپ زۆر بەرزە و گرێدراوی گروپی زۆر قوڵە و هاوشێوەبوونی گروپ خوازراوە، بەشێوەیەک کە بوونی تاک بێ گروپ هیچ واتایەکی نییە و تاک نەک تەنیا ناچارە تاکێتی خۆی لە گرێدراوی بە گروپەوە جێگیر و گەرەنتی بکات، بەڵکو لەگەڵ پەسەندکردنی پەیڕەوی و گوێڕایەڵی گروپ و رێنمایی و پشتیوانی گروپ لە دۆخە قەیراناوی و ناخۆشەکاندا ئومێدەوار و باوەڕی هەیە.

لەمڕووەوە لەمجۆرە خۆکوشتنەدا تاک لاوازە و پەیوەندی کۆمەڵایەتی تاک بە گروپەکەوە توندە. لە جیاتی ئەوەی تاک تووشی هەستی بێمەیلی و هەڵچوون بێت، چالاک و پڕ لە وزەیە. لەمجۆرەدا تاک لە جیهاندا بۆ شوێنێک بۆ ژیان دەگەڕێت، بۆ نمونە بە بڕوای (هندیەکان) کاتێک پیرەمێردێکی هندو خۆی بەدەر لە پیشە و بەرپرسیارێتی دەبینێتەوە و پێیوایە کە کاری خۆی کردووە و ئەرکی خۆی بەجێهێناوە، کەواتە کاتی رۆیشتن و ماڵئاوایی هاتووە، بە باشی و رەزامەندییەوە لە نەوەکانی خۆی دەڕوانێت، کە بەرهەمی هەوڵەکانی و بە درێژایی ژیانی بوون، لەبەرئەوە دەگاتە دڵنیایی ئەوەی، کە ئەرکی خۆی لەم جیهانەدا بەجێگەیاندووە و کاتی ئەوەی دێتەبەرچاو، کە خۆی لەم جیهانە رزگار بکات، بە ئەم بڕیارە دواتر

ئەو مەشقی یۆگا دەکات و دەچێتە پێشوازی مردنێک کە لە جیهانەکەیتردا ئەو بە (موکشا Moksha) بەسترێتەوە. موکشا پەیوەندی نەمر و ئاکی باڵایە.

دۆرکهایم ئەو خۆکوشتنانەی کە کەسانی تر دەیخوازن، بە جۆرێک کاری پاڵەوانانە هەژمار دەکرێت و ئەوە بە رەفتاری تایبەتی سەرباز و بواری سەربازی دەزانێت. بە بۆچوونی دۆرکهایم ئەو خۆکوشتنانەی کە کەسانیتر دەیخوازن لە کۆمەڵگە دێرین و بیابانی و دوور و بێ پیشەسازی، کە لە یەکگرتوویی گروپی پتەویان هەیە، بوونی هەیە و کەلتوورە. خۆکوشتنی پیر و پەککەوتەکان لە خێڵەکانی (ئەسکیمۆ) بۆ رزگارکردنی منداڵ و دایکیان لە کاتی هەژاری و کەمبوونی خواردندا، (هاراکیری Harakiri) یان (سکدڕین Belly Cutting) ژاپۆنییەکان بۆ پاراستنی ئابڕووی خێزانەکەیان، یان خۆکوشتنی ژن دوای مردنی هاوسەرەکەی لە هندستان، یان خۆکوشتنی فڕۆکەوانە ژاپۆنییەکان لە شەڕی جیهانی دووەمدا بۆ لەناوبردنی دوژمن، خۆکوشتنی کۆیلە دوای مردنی خاوەنەکەی لە ئاسیای رۆژهەڵات، خۆکوشتنی زیندانیانی شەڕ، پێش ئەوەی لە دادگای دوژمن دادگایی بکرێن، خۆقوربانی کردنی رابەر و پێشەوا ئایینییەکان بۆ سەلماندنی راستی و سەرکەوتن بەسەر زوڵم و ستەم و لە کۆتاییشدا خۆکوشتنی ئاک، یان گروپێک بۆ پشتیوانی و پاراستنی بنەما و فەلسەفەی قوتابخانەیەک یان ئایدۆلۆژیایەکی سیاسی، بە نمونەی ئەو خۆکوشتنانەی کە کەسانیتر دەیخوازن، هەژمار دەکرێن.

ئەمجۆرەش دابەش دەبێت بۆ:

ا. ناچاری (زۆرەملێ)

ب. بە ئیرادەی خود.

ت. هۆشیارانە.

شێوازی ناچاریانە زیاتر لەناو (پۆلینێزیانس Polynesians) کە بە یەکێک لە خێڵە سورپێستەکانی باکوری ئەمەریکا هەژماردەکرێن، دەبینرێت.

لەمجۆرەی خۆکوشتنەدا کە کەسانیتر دەیخوازن خۆکوشتن وەک ئەرکێک لە کۆمەڵگەدا دادەنرێت، واتا رەفتارێک کە کۆمەڵگە وەک ئەرکێکی تاک چاوەڕوانی دەکات و پێویستە ئەنجامبدرێت. ئەو خۆکوشتنەی کە کەسانیتر دەیخوازن لە هەندێک کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتیشدا دەبینرێت، وەک خۆکوشتنی ژن دوای مردنی هاوسەرەکەی، بەپێی ئەو کەلتورە ژنی هندی پێویستە دوای مردنی هاوسەرەکەی خۆی بکوژێت، چونکە ژیانی کۆمەڵایەتی ئەو بە تەواوی بە ژیانی هاوسەرەکەیەوە گرێدراوە و بە پچڕانی ژیانی هاسەرەکەی ژیانی ئەویش کۆتایی دێت.

لەو جۆرەی خۆکوشتنەی کە کەسانیتر دەیانەوێت و بەدەستخۆتە، تاک بە ئیرادەی خۆی بەرەو مردن دەچێت و تێیدا جۆرێک مەیلی عیرفانی هەیە و بە شەوقەوە بەرەو مردن دەڕوات. ئەمجۆرە خۆکوشتنەیان بۆ خۆبەخشەکانی سەرەتای مەسیحیەت گێڕاوەتەوە.

لە جۆری خۆکوشتنی هۆشمەندانەدا، دوورکەوتنەوەی تاک لە خۆی و چاوپۆشی لە ژیانی ئەم جیهانە لەبەرئەوەیە، کە کۆمەڵگە و کەلتور ئەمکارە بە شایانی ستایش و رێز دادەنێن و تاک هۆشیارانە فەرمانی کۆمەڵگە جێبەجێ دەکات. نمونەی ئەمجۆرە خۆکوشتنە لەناو بوداییەکاندا بە ناوی (تێراڤادا Theravada) دەبینرێت.

دۆرکهایم پێیوایە، کە لە هەردوو جۆری خۆکوشتنی خۆویستانە و ئەوەی کە، کەسانیتر دەیخوازن، کۆمەڵگە بە هۆی فەرمانکردنییەوە کاریگەری لەسەر رەفتاری تاک دروست دەکات.

لە خۆکوشتنی خۆویستانەدا تاک بە لە دەستدانی گرێدراوی کۆمەڵایەتی، سەرگەردان دەبێت و دەکەوێتە پەراوێزەوە و دەردەکرێت. لە بەرامبەردا ئەو جۆرە خۆکوشتنەی کە کەسانی تر دەیخوازن، کۆمەڵگە بۆ رێنمایی و بەپێی کەلتوری خۆیان گرنگی بەو مرۆڤانە دەدات، کە لە

پەراوێزدان.

3. خۆکوشتنی ئانۆمیک، یان بێسەروبەرە Anomic.

بە بۆچوونی دۆرکهایم خۆکوشتنی ئانۆمیک لە ئەنجامی لە دەستدانی هاوسەنگی، یان گۆڕانی خێرا و قوڵ لە دامەزراوە و سیستمە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبێت. ئەم دۆخانەش لە ئەنجامی قەیرانی ئابوری، لەبەریەکهەڵوەشانی بەها کەلتورییەکان، گۆڕانی حکومەت، ڕێکنەخراوی چینەکانی کۆمەڵگە و شۆڕشەوە دەبێت.

بە بڕوای دۆرکهایم لە بەرامبەر ئەم دۆخانەی کۆمەڵگەدا، کە وەک بەڵای کۆمەڵگە هەژمار دەکرێن، جێگیری ژمارەیەک لە تاکەکان تێکدەچێت، بەشیوەیەک کە جێگیرکردنەوەی ئەو کەسانە مەحاڵ دەبێت و زەمینەی خۆیان بۆ لەناوچوون و خۆکوشتن دەڕەخسێنن و بە بۆچوونی دۆرکهایم تەنیا شتێک کە خۆکوشتن کەم دەکاتەوە، شەڕە.

دۆرکهایم پێیوایە دەستدرێژی دوژمن بۆ سەر وڵات، یەکگرتووی و یەکپارچەیی لە تاکەکاندا زیندودەکاتەوە و هانیان دەداتا، بە شێوەیەک کە پاراستنی بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی وەک ئابوری و مەعنەوی و نیشتیمانی و باوەڕ دەبێتە هۆی زیاترکردنی گرێدراوی کۆمەڵ و لە ڕێژەی خۆکوشتن کەم دەکاتەوە.

لەبەرئەوە دۆرکهایم خۆکوشتنی ئانۆمیک بە ئەنجامی گۆڕانێک و شوێنگۆڕکێی کاتی و لەهەمانکاتدا لەناکاو لە کۆمەڵگەدا دادەنێت.

ڕونکردنەوەی خۆکوشتنی بێسەروبەرە (ئانۆمی) لە گرنگترین ڕونکردنەوەکانی کۆمەڵناسییە بۆ خۆکوشتن و یەکێک لە کاریگەرترین شیکارە کۆمەڵایەتییەکانە بۆ ئەم دیاردەیە. وشەی ئانۆمی لە دوو بڕگە پێکهاتووە، یەکەم (نۆمیا Nomia) کە لە یۆنانیدا بە واتای (نۆمیس Nomis) و یاسا دێت و لە ڕووی زمانەوانییەوە ئاماژەیە بۆ بنەماکانی ڕەفتار، یاسا، دابونەریت و

هاوشێوەکانیان. ئەوەیتر (ئا) کە بە واتای ڕەتکردنەوەی دێت، بەمشێوەیە ئەم وشەیە بۆ بێسەروبەرەیی بەکارهاتووە، کە لە واتای دۆرکهایمیدا بە واتای سەرگەردانی مرۆڤ دێت بەرامبەر یاسا کۆمەڵایەتییەکانی ڕەفتار.

ئەم وشەیە لە ساڵی 1591وە لە ئینگلیزیدا بەکاردێت و لە سەدەی حەڤدەیەمدا بەشێوەیەکی بەردەوام بە واتای پابەند نەبوون بە یاسا بە تایبەتی یاسا ئیلاهییەکان بەکارهێنراوە. ئەم وشەیە بۆ یەکەمجار لەلایەن دۆرکهایمەوە خراوەتە ناو کۆمەڵناسییەوە و بەکارهێنراوە و بۆتە یەکێک لە چەمکە سەرەکییەکان.

دۆرکهایم چوار تایبەتمەندی بۆ خۆکوشتنی ئانۆمی لەبەرچاودەگرێت:

– یەکەم: گۆرانی خێرای کۆمەڵایەتی، کە پێدەچێت لەگەڵ خۆکوشتنی ئانۆمیک نزیک بن، بۆ نمونە لە ژمارەیەک قەیرانی کۆمەڵایەتیدا وەک قەیرانی ئابوری ئەمەریکا لە دەیەی 1930، دا ڕێژەی ئەمجۆرە خۆکوشتنە زیادیکرد. (ماریس) ئاماژە بە ئەوە دەکات لەگەڵ ئەوەی کە خۆکوشتنی ئانۆمیک لەگەڵ گۆڕانە خێراکانی کۆمەڵگەدا، پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە، بەڵام پێویستە سەرنجی ئەوەش بدەین، کە لە سەرجەم گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکاندا ڕێژەی ئەمجۆرە خۆکوشتنە زیادناکات. بۆ نمونە لە شەڕی جیهانی یەکەم و دووەمدا ڕێژەی ئەم خۆکوشتنە لە ئەوروپا و ئەمەریکا زۆر کەم بوو، وەک ئەوەی دۆرکهایم ئاماژەی پێدەکات شەڕ یەکێک لە هۆکارەکانی یەکگرتن، لە هەمانکاتیشدا کەمکەرەوەی خۆکوشتنی ئانۆمیکە.

– دووەم: بە بۆچوونی دۆرکهایم هەر تێکچوونێک لە سیستمی کۆمەڵ و ڕێکخراوی گشتی کۆمەڵگەدا، دەبێتە هۆی زیاد بوونی خۆکوشتنی ئانۆمیک (بێسەروبەرە). لە دۆخی سروشتی و ئاساییدا جۆرێک هاوسەنگی کۆمەڵایەتی و تاک دەسەڵاتدارە و لە نێوان ئامانجە کەلتورییەکان و ئامرازە کۆمەڵایەتییەکاندا بۆ گەیشتنە ئەو ئامانجانە گونجان هەیە. لەگەڵ ڕودانی

ئانۆمیدا پەیوەندی نێوان ئامانج و ئامڕاز، یان لە نێوان کار و ئەنجامنامێنێت، لە ئەنجامدا جۆرێک سەرگەردانی و لەدەستدانی ئاڕاستە ڕوودەدات. بە گشتی لە قەیرانە کۆمەڵایەتییەکاندا کەم بوونەوەی ئامڕازەکان ڕوودەدات بێ ئەوەی لە ئامانج و پێویستییەکاندا ئەم کەمییە ڕووبدات و سەرپەرشتی تاک لەلایەن کۆمەڵگەوە لاواز و تاک ڕەهادەکرێت، لە ئەنجامیشدا ناتوانێت هاوسەنگی خۆی رابگرێت.

– سێیەم: پیشە پسپۆڕییەکان و لیبراڵ وەک تایبەتمەندی بۆ خۆکوشتنی ئانۆمیک هەژماردەکرێن، بۆ نمونە بەڕێوەبەرانی پیشەسازی و مۆدێرن زیاتر لە کرێکار و کارمەندەکانیان خۆیان دەکوژن، لە ڕاستیدا کۆمەڵگە پیشەسازییە مۆدێرن و شارییەکان خاوەنی ڕێژەیەکی زیاتری خۆکوشتن لە کۆمەڵگە باو و گوندنشینەکانن. هۆکارەکەش لەوانەیە ئەوە بێت، کە کۆمەڵگەی پیشەسازی مۆدێرن و شاری ئاڵۆزی زیاتریان لە کۆمەڵگە سوننەتی و گوندەکان هەیە.

– چوارەم: جیابوونەوە (تەڵاق)، وەک جۆرێک ئانۆمی، واتا بە ناکۆکی لە نێوان ئامانج و ئامڕازی خێزان هەژماردەکرێت، لەمڕووەوە ڕێژەی خۆکوشتنی ئانۆمیک لە ناو ئەوانەی جیابوونەوە و تەڵاق دراون، بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی بەو پرۆسەیەدا تێنەپەڕیون زیاترە.

خۆکوشتنی ئانۆمیک دەتوانێت (گشتی General) یان لاوەکی بێت، لە گشتییەکەدا ئانۆمیک وەک کارێکی توندوتیژانە دژی ژیان هەژمار بکرێت. لە لاوەکیەکەدا وەک کارێکی توندوتیژی دژی خود، یان بێجگە لە خود هەژمار دەکرێت.

4. خۆکوشتنی ناچاریانە (زۆرەملێیی) Fatalistic

ئەمجۆرە خۆکوشتنە بەشێوەیەکی سنوردار لە تیۆرەکەی دۆرکهایمدا باسکراوە، دۆرکهایم لە ڕونکردنەوەی ئەمجۆرەدا باس لەوە دەکات، کە خۆکوشتنی ناچاریانە جۆرێک کاردانەوەیە بەرامبەر پێداچوونەوە و کۆنترۆڵ

و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی توندی کۆمەڵگەیە. کاتێک کۆمەڵگە بە توندی سیستمێک دادەنێت، لەم دۆخەدا تاک بە توندی دەکەوێتە ژێر کۆتوبەندی کۆمەڵگەوە و هەموو شتێکی بۆ دیاریکراوە، ڕێکخراو و وشک و بێگیانە. بە بۆچوونی دۆرکهایم کاتێک ڕێگری و کۆنرۆڵکردنەکانی کۆمەڵگە بەخێرایی و لەناکاو توند دەکرێن و دیکتاتۆرانە فەرمان بەسەر تاکدا دەسەپێنرێت، ئەگەری خۆکوشتنی ناچاری زیاتر دەبێت، بۆ نمونە کاتێک تاک وەک کۆیلە دەفرۆشرێت، یان ژنێکی گەنج بە زۆر دەبرێتە ژووری پیاوێکی بە تەمەن، یان هاوسەرگیری بەسەر کچێکی کەم تەمەندا بە زۆر دەسەپێنرێت، ئەگەری خۆکوشتنی ناچاری زیاددەکات. لەم دۆخانەدا خۆکوشتن وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر کۆمەڵگە و هەڵاتن لە ئازار و ناڕەحەتی و سەپێنراوەکان بەسەریدا و نادادپەروەری کۆمەڵگە.

لەم خشتەیەی خوارەوەدا، ئەو چوار جۆرە خۆکوشتنەی دۆرکهایم ئاماژەی پێکردوون خراوەتەڕوو، لەگەڵ بەراوردکردنیان و تایبەتمەندیان و ئەو دۆخانەی تێیاندا ڕوو دەدەن.

## تایپۆلۆژی خۆکوشتن لە تیۆری دۆرکهایمدا:

| جۆرە سەرەکییەکان Basic Types | تایبەتمەندی Characteristics | پارادایم Paradigms | جۆرە لاوەکییەکان Secondary types |
|---|---|---|---|
| 1. خۆویستانەEgoistic | ئاگەرایی، بێمەیلی، هەستی گرێنەدراوی بە کۆمەڵگە و ژیان، بێتوانایی ئێگەیشتن لە بوون و ژیان کردن | لای ژمارەیەک مەزهەب، کۆمەڵگەی ئابوری، خێزانی و سیاسی، لە شەڕ و شۆڕشەکاندا، شکستی (ئابوری، پیشەیی، خوێندن، خۆشەویستی). | 1. مالیخولیایی<br>2. ئەپیکوری |
| 2. ئەو خۆکوشتنانەی کە کەسانێر دەیخوازن Altruistic | لاوازی ئاگەرایی، گەڕان بە دوای جێگەیەک لەسەروو ژیانی ئەم جیهانەوە | کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، سەربازەکان، شەهیدە مەزهەبییەکان. | 1. ناچاری<br>2. خۆویستانە<br>3. هۆشیارانە |
| 3. خۆکوشتنی ئانۆمیک یان بێسەروبەرە Anomic | هەستکردن بە رێکنەخراوی، بێزاری، تورەیی، هەستی ماندوێتی. | لە قەیرانە ئابورییەکان، گۆڕانی خێرا، تەڵاق، پیشە. | 1. گشتی<br>2. تایبەتی |
| 4. خۆکوشتنی ناچاریانە Fatalistic (زۆرەملێیی) | هەستی فشار، زوڵم، سیستمی توند، کۆتوبەندی کۆمەڵایەتی | لای ژنانی گەنج کە بە زۆر هاوسەرگیریان کردووە، زیندانیکراوی هەمیشەیی، کۆیلە | |

ئەو کۆیلانەی کە لە کەشتییەکدا مەحکوم بە کارکردن بوون، مەیلی خۆکوشتنی تێکەڵ لە جۆرەکانی خۆویستانە و ناچاریانەن. ئەم کۆیلانە روبـەڕووی بێمەیلی سەرچاوە گرتوو لە سیستم و چاودێری توندوتیژی دەرەکین.

ئاوێتە بوونی جۆرەکانی ئانۆمیک و ناچارکردن، جۆرێک لە خۆکوشتن بەدەستەوەدەدات، کە دەرئەنجامی رێکنەخراوی و چاودێری نەکردنی کۆمەڵایەتی لەلایەک و رێکخستن و کۆنترۆڵی توندی دەرەکی لە لایەکی ترەوەیە. سەرەڕۆیی تازەپێگەیشتوان ناسێنەری ئەمجۆرە خۆکوشتنە ئاوێتەیەیە، کە تێیدا تازەپێگەیشتووان بە توندی لەلایەن کەلتوری نزمەوە کۆنترۆڵدەکرێن، لەلایەکی تریشەوە بەهاکانی کەلتوری چینی ناوەند رێکخستن و توانای کۆنترۆڵی ئەوان لەدەستدەدات.

لە جۆری تێکەڵ و ئاوێتەی خۆکوشتنی خۆویستانە و ئانۆمیک، پێکهاتەیەک لە بێمەیلی و هەڵچوون و کار و جوڵە دەبینرێت. لە نەخۆشانی دەروونی (سایکۆتیک Psychotic)دا ئەمجۆرە خۆکوژییە تێکەڵەیە دەبینرێت.

لە جۆری ئاوێتەی ئەوجۆرەی کەسانی تر دەیانەوێت لەگەڵ ناچاریانە، خۆکوشتن دەرەنجامی بەڵێن و پابەندبوونێکە، بۆ نمونە خۆکوشتنی پاڵەوانانەی سەربازێک، دەتوانێت پێناسەی ئەم جۆرە خۆکوشتنە بێت، کە لەلایەکەوە تایبەتمەندی خۆویستانەی تاک بۆ شانازی پاڵەوانێتی، لەلایەکی ترەوە سیستمی توندی سەربازی تاک ناچار بەو کارەدەکات.

ئەوەی دەتوانرێت لە تیۆری خۆکوشتنی دۆرکهایمەوە دەرکەوێت، دەرخـەری ئەوەیە، کە لە نێوان تیۆری ئەو لەبارەی کۆمەڵگە، واقیعی کۆمەڵایەتی، گروپەکان و ئەخلاقیات و تیۆری خۆکوشتنی دۆرکهایم پەیوەندی هەیە.

بە بۆچوونی دۆرکهایم، کۆمەڵگە وەک ناسێنەری بە کۆمەڵ،

بەرهەمی کاری تاکەکانە. لە هەمانکاتدا کۆمەڵگە کە پێناسی کۆی کار و بیری مرۆڤەکانە، کە دروستیانکردووە، پێناسی سەنتێزێکە، کە لەم ئاوێتەبوونە بەرهەمهاتووە.

کۆمەڵگە وەک واقیعێکی دیار دوو سیفەتی گشتی هەیە، دەرەکی بوونی لای تاک و توانای رێگری و فەرماندانی. بە واتایەکی تر کۆمەڵگە لە بەرامبەر بەش و تاکە پێکهێنەرەکانیدا، لەسەرترە و ئیمتیازی هەیە. کۆمەڵگە لە دەرەوەی تاکە و فەرمانی پێدەکات، بەشێوەیەک کە لە رەفتار و کارەکانیدا، رێ و شوێن و ئاراستەی بۆ دیاری دەکات.

فەرمانکردن و رێگری کۆمەڵگە لەو رووەوەیە، کە بە گشتی ژیانی کۆمەڵایەتی ژیانێکی یاساییە و رێگریەکانیش بە دوو شێوە دەبێت:

1. رۆح یان ویژدان.

2. پەیوەندی بەرامبەر، کە بەرهەمی لێکهەڵوەشانی کۆمەڵایەتییە و یاسا رێکی دەخاتەوە.

دۆرکهایم لە نێوان کاری کۆمەڵایەتی و مۆراڵدا جیاوازی دانانێت، بە بۆچوونی ئەو مۆراڵ لایەنێکی تری کاری کۆمەڵایەتییە. مۆراڵ لەگەڵ جۆرێک هەستکردن بە پابەندبوون و ناچاری و مەیل دیاریکراوە.

بە واتایەکی تر مۆراڵ سەرچاوەی هێزی رێگری و لادانی کۆمەڵایەتییە و سەرچاوەی رێکخستن و سیستم و یاسای رەفتار و هۆکاری پابەندبوونی کۆمەڵایەتییە. مۆراڵ لە ئەنجامی سەرکەوتنی بەرژەوەندی کۆمەڵایەتی و گشتی بەسەر بەرژەوەندییەکانی تاکدا دەردەکەوێت، واتا:

بالادەستی بەرژەوەندی کۆمەڵگە لە بەرامبەر بەرژەوەندییە تایبەتییەکان = مۆراڵ

پەیوەندیدار بە تیۆری گشتی کۆمەڵگەوە، دۆرکهایم شیکاری تیۆری خۆکوشتنی خۆی دەخاتەڕوو. بە بۆچوونی دۆرکهایم، خۆکوشتن کارێکی بە

کۆمەڵە نەک تاک، چونکە هەموو واقعێکی کۆمەڵایەتی بەرهەمی واقعێکی کۆمەڵایەتی ترە. بێجگە لەوەی هەندێک هۆکاری تایبەتی تاک دەتوانرێت لە ژمارەیەک خۆکوشتندا باس بکرێت.

ڕێژەی خۆکوشتنی کۆمەڵایەتی بە لێکدانەوەی تاکێتی شیناکرێتەوە.

بە بۆچوونی دۆرکهایم کۆمەڵ و مۆراڵ، دوو بنەمای سەرەکین، کە لەسەر بنەمای ئەوانە، دەتوانرێت شیکاری خۆکوشتن بکرێت.

ڕێــژەی خۆکوشتنی کۆمەڵایەتی لە بنچینەدا دەرکەوتەیەکی کۆمەڵایەتییە، نەک تاک، بە هۆکاری دەرەکییەوە گرێدراوە، کە دەسەڵاتی بەسەر تاکدا هەیە.

بەبۆچوونی دۆرکهایم مەیلی ئەخلاقی تاکی خۆکوژ بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، هۆکارێک و گۆڕاوێکی سەرەکی خۆکوشتنە، نەک ئەزمونی تاک و تایبەتی ئەو. لەمڕووەوە هەموو تاکێک بەشێوەی کۆ، مەیلی خۆکوشتنی هەیە، بەڕێژەیەک، ئەگەر گروپە کۆمەڵایەتییەکان، کە تاک بەشێکە لە ئەوان، یەکگرتو و ڕێکخراو و بە سیستم و بنەما بن، خۆکوشتن کەمتر بڵاو دەبێت.

ڕێژەی خۆکوشتنی کۆمەڵایەتی لە ڕاستیدا مۆدێلێکی پێشبینیکەری خوازراو بۆ هۆکاری خۆکوشتنی تاکەکانە، نەک مۆدێلێک بۆ ڕونکردنەوەی پاڵنەرەکانی تاک بۆ دیاریکردنی ڕێژەی خۆکوشتنی کۆمەڵایەتی.

لەلایەکی ترەوە ڕێژەی خۆکوشتن بە هۆی هەژاری ئابورییەوە نییە، بەڵکو بەرهەمی هەژاری ئەخلاقی کۆمەڵگەیە.

لەو لایەنەوە کە خۆکوشتن نیشاندەری جۆرێک لاوازی دەسەڵاتی کۆمەڵگەیە بۆ بینینی ڕۆڵ و کارایی خۆی وەک ڕێکخەر و ڕونکردنەوەی کەموکورتییەکان لە سیستمی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی.

مامناوەندی ڕێژەی خۆکوشتنەکان لە هەر کۆمەڵگەیەکدا لەگەڵ تاوانەکانی تر، دەتوانرێت وەک تایبەتمەندییەک بۆ نیشاندانی بێئەخلاقی لە

کۆمەڵگەیەکدا بەکاربهێنرێت.

دۆرکهایم لەگەڵ پێشکەشکردنی نمونەناسی خۆکوشتنی کۆمەڵایەتی، ئەوە دەخاتەڕوو، کە پرۆسەی پەسەندکردنی کۆمەڵگە هۆکاری حاشاهەڵنەگری یەکگرتوویی کۆمەڵایەتییە. لەمڕووەوە خۆکوشتنی ئانۆمیک و فاتالیستیک، پێدەچێت زۆرتر بەرهەمی کاری نەخۆشی کۆمەڵگە بێت.

ئەگەر خۆکوشتنی خۆویستانە و ئەوەی کەسانی تر دەیانەوێت، لە بنەڕەتدا دەرئەنجامی لێکهەڵوەشانی پێکهێنەرەکانی کۆمەڵگە بێت، پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە لە هەر چوار جۆرەکەدا پێکهاتەی کۆمەڵگە بە یەکەوە ئامادەن.

- رەخنە و لێکدانەوە و پێشنیار

ئالفرێد نۆرس نوسیویەتی: "زانستێک کە گومان لە فەرامۆشکردنی دامەزرێنەر و وەدیهێنەری خۆی بکات، زانستێکی بەباچووە." ئەم وتەیەی نۆرس وەک بنەمایەکی گشتی بۆ زۆربەی زانستەکان راستە و کۆمەڵناسییش لەو بنەمایە بەدەر نییە.

لەگەڵ ئەوەی نزیکەی سەدەیەک بەسەر بڵاوکردنەوەی (خۆکوشتن)ی بەرهەمی دۆرکهایمدا تێپەڕیوە، هێشتا وەک گرنگترین بەرهەمی کۆمەڵناسی خۆکوشتن لێیدەڕوانرێت، ئەمەش لە کاتێکدایە، کە بیروڕاکانی دۆرکهایم بەشێوەیەکی گشتی و بەتایبەتی خۆکوشتن رەخنەی لێگیراوە.

بەڵام پێویستە سەرنج لەوە بدرێت، کە گرنگی کاری دۆرکهایم زیاتر رێکخستن و فۆرمۆڵی تیۆرێکی کۆمەڵناسی خۆکوشتن بووە و ئەوەی تائێستا لە بوارەکانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە بواری وردەکاری و لێکۆڵینەوەی خۆکوشتن ئەنجامدراوە، یان بە ئاڕاستەی پەسەندکردنی تیۆری دۆرکهایم و سەلماندنی دوبارەی گریمانەکانی دۆرکهایم بووە، یان فراوانکردن و تەواوکاری ئەو بووە.

دۆرکهایم زیاتر وەک کۆمەڵناسی واقیعگەرا ناسراوە، کە خۆی بە چەمکێکەوە بەستۆتەوە، بە ناوی (واقیعیەتی کۆمەڵایەتی)، کە لە دەرەوەی مرۆڤ هەیە و فەرمانی پێدەکات.

زۆربـەی رەخنەگرانی بیروڕاکانی دۆرکهایم پێیانوایە، کە نەک دۆرکهایم خۆی بە خاوەن بەڵێن بەرامبەر چەمکی واقیعیەتی کۆمەڵایەتی زانیوە و لە رەخنەگرانی زۆرەملێیی کۆمەڵگەیە، بەڵکو بەشێوەیەکی تایبەتی لە تیۆری خۆکوشتندا، چاوی خۆی بە رووی ژمارەیەک هۆکاری ناکۆمەڵایەتی داخستووە و گۆڕاوەکانی وەک نەژاد و ئاڵودەبوو بە خواردنەوە کحولییەکان و نەخۆشی خەمۆکی وەک پاڵنەری خۆکوشتن لەبەرچاو نەگرتووە.

وەک ئـەوەی (ماریس) باسیدەکات، دۆرکهایم بەشێوەیەک، کە جیاوازیان نەبێت لە رۆڵی هۆکار و گۆڕاوە دەروونییەکان بۆ خۆکوشتن و دۆزینەوەی هۆکارەکانی دەڕوانێت، کە ئەمەش خۆی تا رێژەیەک مایەی تێگەیشتنە، بەڵام جێی لێبووردن نییە.

لێکۆڵینەوەی (ماریس Maris) لەبارەی خۆکوشتنەوە لە (شیکاگۆ) لەگەڵ پەسەندکردنی ژمارەیەک لە گریمانەکانی دۆرکهایم، لە چەند لایەنێکەوە رەخنەی لە بۆچوونی دۆرکهایم گرتووە و بە دۆزینەوە نوێیەکانی لە بواری تاقیکاریدا، هەوڵی تەواوکردنی تیۆری خۆکوشتنی دۆرکهایم-ی داوە.

بەبۆچوونی ماریس کاتێک رەخنەگرتن لە تیۆری دۆرکهایم رەوایە، کە گریمانە و زانیاری نوێ بە دەستبێت. بە بۆچونی ماریس سودوەرگرتن لە سەرچاوەی زانیارییە هاوشێوەکان و جەختکردنەوە لەسەر ئاماری خۆکوشتنەکان و زانیاری لاوەکی و بەردەست، بە دڵنیاییەوە ئەنجامەکانی لێکۆڵینەوە موحافیزکارانەتر دەکات.

لەوانەیە لێکۆڵینەوەی جیاواز لەم بوارەدا پێویست بێت، بۆ نمونە لە توێژینەوەی نوێدا، پێویستە چاوپێکەوتن لەگەڵ ئەوانەی هەوڵی خۆکوشتنیان

داوە (ئەوانەی کە هەوڵیانداوە و سەرکەوتوو نەبوون) ئەنجامبدرێت. گەڕانەوە بۆ راپۆرتە زانستییەکان لەبارەی خۆکوشتنەوە، چاوپێکەوتن لەگەڵ پۆلیس و لێکۆڵەرە تایبەتییەکان و بەرپرسانی نەخۆشخانەکان و نەخۆشخانە دەروونییەکان و تێکەڵەی تەکنیکەکانی کۆمەڵناسی دەروونی و دەروونناسی، لە لێکۆڵینەوەی خۆکوشتندا جێگەی دڵنیایین.

– دۆخی ئابوری کۆمەڵایەتی و رێژەی خۆکوشتن:

لە جیاوزییەکی ئاشکرادا لەگەڵ دۆزینەوەکانی دۆرکهایم، زۆربەی لێکۆڵینەوە نوێیەکان لەبارەی خۆکوشتنەوە (لەوانە لێکۆڵینەوەی شیکاگۆی ماریس) بۆیان دەرکەوتووە، کە دۆخی کۆمەڵگە - ئابوری نزم لەگەڵ خۆکوشتندایە.

زانیارییە بەدەستهاتووەکانی لێکۆڵینەوەی ماریس بۆ خۆکوشتنی شیکاگۆ نیشانیدەدات، کە دۆرکهایم کەمتر سەرنجی لە کۆت و بەند و رێگرییەکان داوە و رۆڵی ئەوانی لە بەرزکردنەوەی رێژەی خۆکوشتنی کۆمەڵایەتی، لەبەرچاو نەگرتووە.

لێکۆڵینەوەکەی ماریس نیشانیدەدات، کە کۆت و بەندە دژیەکەکان رێژەی خۆکوشتنی کۆمەڵایەتی زیاتر کردووە، کە ئەمەش خۆی لە بەدەستهێنانی ئەنجامی سەرەکی دۆرکهایم، واتا خۆکوشتن پەیوەندی پێچەوانەی لەگەڵ یەکگرتوویی و گرێدراوی کۆمەڵگە هەیە، جێی گومانە.

بابەتێکیتر، پەیوەندی نێوان خۆکوشتن و خوێندن و داهاتە. بەبۆچوونی ماریس لە ئێستادا ئەسنەمە، لەوە دڵنیابین کە هەژاری گەرەنتی خۆکوشتن دەکات. لەوانەیە دۆرکهایم پێیوابووبێت خۆکوشتن لە ناو چینە هەژار و نەخوێندەوارەکاندا کەمتر روودەات، بە واتایەکی تر خۆکوشتن لە چینە خوێندەوار و خۆشگوزەران و دەوڵەمەندەکاندا باوترە. دەرئەنجامی زۆرێک لە توێژینەوەکان (لەوانە ماریس) پێچەوانەی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن.

- ڕەگەز و تەمەن

لە کاتێکدا دۆرکهایم لە لێکۆڵینەوەکانیدا ڕێژەی خۆکوشتنی پیاوان، بە بەراورد لەگەڵ ژنان بە زیاتر دەزانێت و 3 بە 1ی بۆ داناوە، دەرئەنجامە بەدەستهاتووەکان لە توێژینەوەی شیکاگۆ، جیاوازی بەرچاو لە بارەی بڵاوبوونەوەی خۆکوشتن لە نێوان ژنان و پیاوان لە تەمەنە جیاوازەکاندا دەخاتەڕوو.

بەپێی ئەو ئەنجامانە لە تەمەنی گەنجێتیدا خۆکوشتنی پیاوان دوو ئەوەندەی ژنانە، لەتەمەنی مامناوەندا 3 ئەوەندەیە و لە تەمەنی 65 ساڵی و زیاتردا بە نزیکەیی لە 5 ئەوەندە نزیک دەبێتەوە.

بە بۆچوونی ماریس، دۆرکهایم لە زۆربەی کاتەکاندا گرنگی نەداوە بە پەیوەندی نێوان تەمەن و ڕەگەز و ڕێژەی خۆکوشتن و ئەم دوو گریمانەیەی بەلاوەکی داناوە.

دۆرکهایم تەنیا لە کتێبی یەکەمیدا لە دوو گۆڕاوی تەمەن و ڕەگەزی وەک هۆکاری سەرو کۆمەڵایەتی ڕوانیوە و لە کتێبی دووەمی خۆیدا بە جەختکردنەوە لەسەر هۆکارە کۆمەڵایەتییەکانی وەک مەزهەب و خێزان و دۆخی ئابوری و سیاسی و سەربازی، ناڕاستەوخۆ سەرنجی لە گۆڕاوەکانی ڕەگەز و تەمەن داوە، بە واتایەکی تر دۆرکهایم بە تەواوی لە پەیوەندی نێوان ڕەگەز و تەمەنە جیاوزەکانی نەڕوانیووە.

لێکۆڵینەوەکەی ماریس نیشانیدەدات، کە جیاوازی تەمەن لە پیاوان و ژنانی خۆکوژدا، دەتوانێت بە شێوەیەکی بەرفراوان بە دۆخ و پیشە و هاوسەرگیری و ژیانی خێزانی لێکبدرێتەوە.

بۆ نمونە ڕێژەی خۆکوشتنی پیاوان لە تەمەنی 65 ساڵیدا پیشانیدەدات، کە لەوانەیە لە بابەتەکانی پەیوەندیدار بە پیشە و خانەنشینی و بێکاری و کەمبوونەوەی چالاکی ئابوری لەم تەمەنەدا سەرچاوە بگرێت، بەڵام لە

لایەکیترەوە ڕێژەی خۆکوشتنی ژنان لە تەمەنی 65 ساڵیدا جێگیر، یان بەرەو کەمبوونەوەیە. بە نزیکەیی لە تەمەنی 35 تا 75 ساڵیدا، ڕێژەی خۆکوشتن لەناو ژناندا بە جێگیری دەمێنێتەوە و ڕێژەی زۆری خۆکوشتنی ژنان لە تەمەنی 15 تا 35 ساڵیدایە، واتە سەردەمێک، کە پەیوەندی بە هاوسەرگیری و منداڵەوە هەیە، لەبەرئەوە بەرزی ئاستی خۆکوشتن لەناو ژنانی تەمەن 15 تا 35 ساڵیدا، پەیوەندی بە هاوسەرگیری و باباتە خێزانییەکانەوە هەیە.

– هەڵە لە ئەنجامی غەفڵەتەوە

بە بۆچوونی ماریس، لەوانەیە گەورەترین هەڵەی دۆرکهایم پەسەندنەکردنی ئەو بابەتەیە کە: نەژاد، ئاڵودەبوو بە خواردنەوە کحولییەکان، نەخۆشی دەروونی و گۆڕاوە دەروونناسییەکان بەشێوەیەکی گشتی هۆکاری کاریگەر بۆ شیکردنەی ڕێژەی خۆکوشتن بن. لێکۆڵینەوەکانی دواتر ئاشکرایان کردووە، کە هیچ تیۆرێکی خۆکوشتن بێ سەرنجدانە هۆکارە سەروەکان، ناتوانێت شیکاری هۆکاری ڕێژەی خۆکوشتن بداتە بە دەستەوە. لە ڕاستیدا هۆکارە دەروونی – کۆمەڵایەتییەکان بە یەکەوە دیاریکەری ڕێژەی خۆکوشتنن.

بە بۆچوونی ماریس تیۆری خۆکوشتنی دۆرکهایم ناتوانێت وەڵامی ئەو پرسیارە بداتەوە، کە بۆچی کاتێک سنوردارییە دەرەکییەکان ئاستیان نزمە، ژمارەیەک خۆیان دەکوژن و ژمارەیەکیش خۆیان ناکوژن؟

جێی باسە، کە بە هێنانە پێشەوەی چوارچێوەی دەروونناسی، کۆمەڵناسان زیاتر لە ڕابوردوو سەرنجیان لە دەرونناسی کۆمەڵایەتی خۆکوشتن داوە.

– نەژاد

دۆرکهایم پێیوابوو، کە نەژاد گۆڕاوێکی ناکۆمەڵایەتییە و هۆکارێکی بایۆلۆژی و ژینگەییە، لە ئەمڕۆدا زۆرێک لە کۆمەڵناسان سەرنجیان لە گرنگی کاردانەوەی کۆمەڵایەتی بەرامبەر نەژاد داوە.

بەپێی دۆزینەوەکەی ماریس لە شیکاگۆ، کۆمەڵێک ناوچە کە ڕێژەی خۆکوشتنیان بەرز بووە، دانیشتوانەکەیان بە تەمەن و ئاستی خوێندەواری و باری ئابوریان بەرز بووە و پیشەیەکی باشیان هەبووە و دانیشتوانەکەیان رەشپێستیان کەمبووە، هەروەها لە نێوان دۆخی ئابوری کۆمەڵایەتی و نەژاد و رەگەز و جۆری خۆکوشتن پەیوەندی هەیە.

لەو گروپانەدا کە جێگۆڕکێی دانیشتوان بـەرزە، بەتایبەتی لای پەنابەران، خۆکوشتنی ئانۆمیک هەیە، هەروەها لەو گروپانەدا، کە دۆخی کۆمەڵایەتی - ئابوری بەرزە جۆری خۆکوشتنی خۆویستانە هەیە و لای رەشپێستەکان و چینە کەم داهات و هەژارەکان خۆکوشتن لە جۆری ناچارییە.

- ئالودەبوو بە خواردنەوە کحولییەکان

دۆزینەوە نوێیەکان، پەیوەندییەکی واتاداریان لە نێوان ئاڵودەبووان بە خواردنەوە کحولییەکان و خۆکوشتن دۆزیوەتەوە.

(جۆرج مۆرفی G. Morphy) و (رۆبینز E. Robins) رایانگەیاندووە، کە لە لێکۆڵینەوەکەی ئەواندا 75% خۆکوشتنەکان، ئاڵودەبوو بە خواردنەوە کحولییەکان بوون.

- لایەنی دەروونی و جەستەیی

لەگەڵ ئـەوەی ئەنجامی ژمارەیەک لێکۆڵینەوە پیشانیداوە، کە خۆکوژەکان کەسانێک بوون، لە رووی دەر،ونـی و جەستەییەوە تەواو بوون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ناتوانرێت هۆکاری کۆمەڵایەتی بە تەنیا هۆاری دیاریکەری خۆکوشتن دابنرێت.

(دۆرپۆت Dorpot 1991) و (ریپلی Ripley 1998) رایانگەیاندووە، کە لە نێوان 60% تا 70% ئەو خۆکوشتنانەی ئەوان لێکۆڵینەوەیان لەبارەیانەوە کردووە، پەیوەندیان بە جۆرێک نەخۆشی جەستەیی و دەرونییەوە هەبووە و خۆکوژەکان لە سەرەمەرگدا و ساڵێک بەر لەوکاتە نەخۆشییەک یان چەند

نەخۆشییەکی جەستەییان هەبووە.

لێکۆڵینەوەکانی (بۆهانان Bohannan 1979) لەبارەی خۆکوشتنی ئەفریقیاییەوە دەریدەخات، کە نەخۆشییە جەستەییەکان رۆڵی بەرچاویان لە خۆکوشتندا هەیە، ئەمەش لەگەڵ ئەوەی (مینینگەر Menninger) بە ئارەزوی مەرگ ناوی دەبات، پەیوەندیان هەیە.

هەروەها ماریس لە لێکۆڵینەوەی خۆکوشتن لە شیکاگۆ بە دەرئەنجامی هاوشێوەی خۆکوشتنی پیاوە سپی پێستەکان گەیشتووە. نەخۆشییە دەروونییەکان بەشیوەیەکی بەرچاو لەناو ئەوانەی خۆیان کوشتووە دەبینرێن، بەشێوەیەک کە 98% لەوانەی خۆیان کوشتبوو، نەخۆشی دەروونیان هەبووە و 50% لەکاتی خۆکوشتندا تووشی نەخۆشی خەمۆکی بوون.

لێکۆڵینەوەکانی (هندین Hendin، مێنینگەر Menninger، هینری شورت Henry and Short،ساینسبوری Sainsbury، شنایدمان Shnaeidman، باشلەر Batchelor، فاربرو Farberow)ش، رۆڵی گۆڕاوەکان و هۆکارە دەرونی و شیکارییە دەروونییەکانیان لە خۆکوشتندا دەرخستووە.

- پەیوەندی تاک و کۆمەڵگە

لەوانەیە گرنگترین بابەتی تیۆری لە کارەکانی دۆرکهایم-دا، نادیاری پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە بێت. دۆرکهایم خۆکوشتنی بە کۆمەڵ دەخاتەڕوو، بەڵام خۆکشتنی تاک لەبەرچاو ناگرێت. لەمڕووەوە گۆڕاوەکانی وەک رەگەز و خواردنەوەی کحولی و نەژاد و نەخۆشی جەستەیی و دەروونی تاک لەبەرچاو گیراوون، نەک تایبەتمەندی گروپی و کۆمەڵایەتی.

پێشنیارەکانی ماریس بۆ هەموارکردنەوەی تیۆری خۆکوشتنی دۆرکهایم:

**جۆر:**

**1- بنچینەیی**

**2- وێناکردن**

**3- شێواز**

**ئەنجامی لێکۆڵینەوە:**

**1- بنچینەیی**

1. (دۆخی کۆمەڵایەتی، ئابوری) لەگەڵ ڕێژەی خۆکوشتن پەیوەندی پێچەوانەیان هەیە.

2. ڕێژەی خۆکوشتن بە هەمان ئەو ئەندازەیەی، کە بە دۆخی کۆمەڵایەتییەوە گرێ دراوە، بە ناجێگیری کۆمەڵگەوە گرێدراوە.

3. ڕێژەی خۆکوشتن بە ڕەگەز و تەمەنەوە گرێدراوە.

4. دۆرکهایم هۆکارەکانی ناجێگیری و گۆڕاوی پەیوەندیدار بە خۆکوشتنەوەی لابرد.

**2- وێناکردن**

5. دۆرکهایم دەرئەنجامی گشتی گرفتێکی دروستکرد، کە لە نوسینەکانی خۆیدا هەستی پێنەکردووە.

6. لێکۆڵینەوە لە واقیعیەتە کۆمەڵایەتییەکان زیان لە لایەنە ڕاستەکان دەدات.

7. دۆرکهایم تووشی سەفسەتە و هەڵەی ئیکۆلۆژی بوو.

**3- شێواز**

8. شیکاری چەند گۆڕاوی جێبەجێکراو لەلایەن دۆرکهایمەوە سەرەتایی بووە و لەوانەیە ئەنجامە بە دەستهاتووەکان، لە ئەنجامەکاندا بە هەڵە شیکار کرابن.

**پێشنیار**

**1- بنچینەیی**

1.توانای لێکۆڵینەوە لەو بابەتانەی لەوانەیە زیاتر هۆکاری خۆکوشتن بن.

2.لەبەرچاوگرتنی دۆخی کۆمەڵایەتی خۆکوشتنەکان.

3.تاقیکردنەوە و ئەزموون، گرنگی پیشە بۆ کوڕان و هاسەرگیری بۆ کچان.

4.ا.سەرنجدانە کاریگەری بەرامبەر و هۆکارە ڕێگرەکان و کۆنترۆڵی ناوخۆیی و دەرەکی.

4.ب.سەرنجدانە ڕەگەز وەک گۆڕاوێکی کۆمەڵایەتی.

4.ج.سەرنجدان لە ئاڵودەبووان بە خواردنەوە کحولییەکان وەک خۆکوشتنێکی لەسەرخۆ.

4.د. لەو لایەنەوە کە بنەمای لاواز نا ئومێدی، یان مەیلی مەرگ بەرزدەکاتەوە، کەواتە بە ڕێژەی خۆکوشتنەوە گرێدراوە و ڕۆڵی خەمۆکی لە خۆکوشتندا دیاریدەکاتٌ.

**2- وێناکردن**

5.هەستیاری زۆر بەرامبەر شنە لاوەکییەکان و خۆبەدوورگرتن لە کۆتایی چاوەڕوان نەکراو.

6.بەشی لە واقیعیەتەکان بەهۆی فشارە کۆمەڵایەتی و ناکۆمەڵایەتییەکانەوە دیاری دەکرێن.

7.جەختکردنەوە لەسەر نیشانەکانی خۆکوشتنەکان، دوورکەوتنەوە لە قۆرخکردنی ژینگە کۆمەڵایەتییەکانی خۆکوشتنەکان، دروستکردنی جۆرە ناواقیعیەکانی خۆکوشتنەکان.

**3- شێواز**

8. سود وەرگرتن لە تەکنیکە نوێیەکانی فرە گۆڕاو، کۆنترۆڵ و دیاریکردنی کاریگەری بەرامبەری گۆڕاوەکان.

# کۆمەڵناسی سیاسی دۆرکهایم

ئەنتۆنی گیدنــز

لە فارسییەوە: دانا لەتیف جەلال

بێگومان تیۆری سیاسەت و دەوڵەتی دۆرکهایم، زیاتر لە هەموو بەرهەمەکانی ئەو سەبارەت بە تیۆری کۆمەڵایەتی لە پێشچاو نەگیراوە. ئەمەش دوو هۆی هەیە: یەکەم: ئەوەی کە هەندێک لە روونکردنەوە ستانداردەکانی بەرهەمەکانی ئەو (بەتایبەت بونیادی کردەی کۆمەڵایەتی(1) پارسۆنز.) «1» لە پێش بڵاوکردنەوەی ئەو وتارانەی، کە دۆرکهایم تێیاندا راستەوخۆ پەرژاوەتە سەر پرسەکانی لێکدانەوەی سیاسی، نوسرابوو.«2» فاکتەری دووەم بە هۆی ئەو قۆناغەوەیە، کە راڤە سانەوییەکانی(2) بەرهەمەکانی دۆرکهایم تەیکردووە«3». بە شێوەیەکی گشتی دۆرکهایم لەساتی ژیانیدا و کەمێک لە دوای مردنیشیدا، بە بەدیهێنەری شێوەی رادیکاڵی «واقیعگەرایی سۆسیۆلۆژی» لە پێشچاو دەگیردرێت، کە تاک بە پاشکۆی «زیهنی گروپی» بەرجەستەکراو دەزانێت و بیرکردنەوەی سیاسی، ئەویش بە شێوەیەک لە ناسیۆنالیزمی عیرفانی(3) دادەنرا.«4» لە گوزارشتەکانی دواتردا، هەڵسانگاندنێکی کامڵتر و وردتر لە سۆسیۆلۆژیای گشتی دۆرکهایم خرایەڕوو، بەڵام تەواوی ئەو هەوڵدانانە، لە رووی لادانی بایەخی گشتی لە ناوەڕۆکی سیاسی نوسینەکانی دۆرکهایم ئەنجامدەدرا، تەنها لایەنەکانی دیکەی بەرهەمەکانی ئەو دەخرێتە بەر جەختکردنەوەی واقیعی.

راڤەی پارسۆنز لە نوسینەکانی دۆرکهایم، ئەمڕۆکەش لە پڕنفوزترین راڤەکانی بەرهەمەکانی ئەوە.«5» بە پێی ئەم روانگەیە، بیرکردنەوەی دۆرکهایم بە درێژایی ژیانی تووشی گۆڕانی قوڵبووە: ئەو کە لە سەرەتادا لە هەڵویستێکی

«پۆزەتیڤیسنگەرایانە»ـەوە «6» دەستیکرد بوو بە جوڵان (بەو چەشنەی، کە لە بنەڕەتدا لە کتێبی دابەشکردنی کار لە کۆمەڵگە(4) و ڕێسای میتۆدی سۆسیۆلۆژی(5) ئاشکرا و بەرچاوە) سەرئەنجام هەڵوێستێکی وەرگرت، کە خەسڵەتێکی «ئایدیالیستانە»ـی هەبوو. کاریگەری ئەم راڤەیە، بە شێوەیەکی بنجبڕ، بێ بایەخی دەرکەوتنی دابەشکردنی کارە لە نوسینەکانی دۆرکهایمدا، لەبەرئەوەی پێویستە شەنوکەوکردنی فیکرە سیاسییەکانی دۆرکهایم بە گوێرەی تیۆرێک بێت، کە تێیدا بەرهەمەکە روونبکرێتەوە، دەتوانین ئەنجامگیری بکەین، کە ئەمەش مەیلی بۆ تەڵخکردن و لێڵکردنی وابەستەییەکانی سۆسیۆلۆژیای گشتی دۆرکهایم هەیە، بە پرسە سیاسییەکان و چییەتی دەوڵەتی مۆدێرن. مەیلێکی وەها بە پێداگری پتری نیسبێت(6) توندتر بوو، کە ئەرگومێنتی دەکرد، دۆرکهایم لە نوسینەکانی دواتری خۆیدا، گرنگترین ئەو تیۆرانەی، کە لە کتێبی دابەشکردنی کاردا بونیادنرابوو خستە پەراوێزەوە.

دۆرکهایم لە توێژینەوەکانی دواتریدا، هەرگیز دووبارە ئاماژەی بە جیاوازی نێوان دوو چەشنی («میکانیکی» و «ئۆرگانیکی») یەکانگیری، یاخود دابەشکردنی کار، «وەک شێوەیەک لە بەیەک پەیوەستی کۆمەڵایەتی» نەکرد، چ بگا بە عەقڵانیکردنی ململانێ و ئەنۆمی لە کۆمەڵگە تەنها وەک « فۆرمە پاسۆلۆژیەکانی(7) دابەشکردنی کار». چەشنەکانی کۆمەڵگە، سنووردارێتی، ئەو هاوبەندییەی کە لە کارەکانی دواتری ئەودا خرابووە ژێر لێکۆڵینەوەوە (بە وێنەی تیۆری، یان پراکتیکی) لەگەڵ ئەو ئەدگارانەی، کە ئەو بۆ کۆمەڵگەی ئۆرگانیکی و «تا ڕادەیەک» بە چەشنێکی بەرپەرچنەدراو(8)، کۆمەڵگەی مۆدێرن لە کتێبی دابەشکردنی کار روونیکردبووەوە، هیچ پەیوەندییەکی نییە.«7»

بێگومان دەتوانین بڵێین، کە بیرکردنەوەی دۆرکهایم بە درێژایی ژیانی فیکری گۆڕانی بەسەردا هاتووە و بەرکامڵتر بووە، بەڵام ناتوانین جیاوازییەکی روون لە نێوان کارە یەکەمیین و دواترییەکانی دۆرکهایم لە پێشچاو بگرین. لە راستیدا باسەکەم لەسەر ئەم گریمانەیە گەڵاڵە بووە، کە راستی فاکتەکە پێچەوانەی روانگەی نیسبێتە: واتە ئەوەی کە دۆرکهایم، لە بیرکردنەوەی دواتری خۆیدا، کارەکانی بە گوێرەی جیاوازی لە نێوان یەکانگیری «میکانیکی» و «ئۆرگانیکی» دادەنا، کە دۆرکهایم بوونی یەکانگیری سەرچاوەگرتوو لە دابەشکردنی کاردا هەمیشە بە بەرجەسنەترین تایبەتمەندی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆمان دەزانـی لە بەرامبەر بە کۆمەڵگە نەریتییەکان، کە ناتوانین تاوتوێکردنی «ململانێ و ئەنۆمی» لە نوسینەکانی دواتری ئەو بە دوور لە لێکدانەوەکانی لە شێوەکانی «پاسیۆلۆژی»ـی دابەشکردنی کار دەرک بکەین، ئەوەی کە «چەشنەکانی کۆمەڵگە، سنووردارێتی و یەکانگیری، کە لە هەموو کارەکانی دواتری ئەودا تاوتوێکراون» لەگەڵ تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، بەو چەشنەی کە لە کتێبی دابەشکردنی کاردا پۆلین بەندی کراوە بەتەواوی پەیوەندییان هەیە. وێرای ئەوەش پاپەندی کارە یەکەمیین و دواترییەکانی ئەو تەواو ئاشکرا نابێت، مەگەر ئەوەی کە سەرنجی تیۆرە سیاسیەکان بدەین. بیرکردنەوەی سیاسی دۆرکهایم لە سۆسیۆلۆژیای ئەودا بایەخی هەیە، هەروەها رۆڵێکی گرنگ لە فیکرەکانی ئەودا دەگێڕێت، بەو چەشنەی کە لە یەکێک لە بەشەکانی دواتری ئەم باسە دەبینرێت، پەیبردن بەم واقیعەتەی کە یەکێک لە راڤە باوەکان، بەڵام نادروستەکان لە پرسێکی سۆسیۆلۆژی، کە دۆرکهایم لە تەواوی کارە سەرەکییەکانیدا سەروکاری لەگەڵدا هەبوو (واتە تیۆری ئۆنۆرێتی ئەخلاقی)(9) راستدەکاتەوە.

### زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بیرکردنەوەی دۆرکهایم

زۆر جار وا وتراوە، کە پێویستە سۆسیۆلۆژیای دۆرکهایم، بە وەڵامێک بزانین بۆ کاریگەری وێرانکەری سەرکەوتنی ئەڵمانیا بەسەر کۆمەڵگەی فەرەنسییەوە لە ساڵی 1870 – 1871، بەڵام ئەم وتەیە هەم شتێکی زیاد لە واقیعەتە و هەم کەمتر لە واقیعەت؛ زیاد لە واقیعەتە، چونکە پێویستە بۆ بنەڕەتەکانی نوسینەکانی دۆرکهایم لە نەریتەکانی فەلسەفەی پۆزەتیڤیستی لە فەرەنسا لێی بگەڕێین، کە بۆ کۆنت، سان سیمۆن و یەکەمینەکانی دیکە دەگەڕێتەوە، کەمتر لە واقیعەتە، چونکە (بەم هۆیە) زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسی بیرکردنەوەی دۆرکهایم باسکردنە لە توخمێکی گرنگ، کە میراتی شۆرش بوو لە سەدەی هەژدەهەم و رووداوەکانی ساڵانی1870 – 1871 لە دەرئەنجامە راستەوخۆکانی بوو.«8» شۆڕش بە چەشنێکی سەرکەوتوو ئامێز کۆتایی بە رژێمی پێشوو(10) هێنا، بەڵام زەمینەیەکی بۆ پرسە گشتییە کۆمەڵایەتی و سیاسییە دەستنیشانکراوەکان ئامادەکرد، کە تا زیاد لە سەدەیەک لە دوای ئەوەش لە فەرەنسا بوونی هەبوو. شۆڕش لە بری دروستبوونی کۆمەڵگەی بۆرژوازی لیبراڵی، کە لە دروشمەکانییدا لێی دەدوا، ئەو کەلێنە کۆمەڵایەتیەی، کە لە دێرزەمانەوە بوونی هەبوو، ئاشکرا کرد. بە هەر حاڵ ئەم شۆڕشە بە ئەندازەیەکی تەواو سەرکەوتوو ئامێز نەبوو، خولی (cycle) شۆڕش و بوژانەوەیەکی هێنایەکایەوە، کە بەهەمان شێوە لەسەر مێژووی فەرەنسا زاڵ و دەستبالایە. شۆڕشی 1789 «کۆمەڵگەی بۆرژوازی» (بەواتای کۆمەڵگەیەک کە دیموکراسییەتی سیاسی، دەستبالایی چینی سەرمایەدار لەگەڵ یەک ئاوێزان دەکات) نەهێنایەکایەوە. لە سەرانسەری سەدەی نۆزەهەمدا، توخمێکی نائاسایی کۆنزەرڤاتیزم (کە بەتایبەت لە کلێسادا جێگیربوون) کرێگرتە و هەژاران بە هەمان شێوە لە حکومەت و کۆمەڵگە نفوزێکی قووڵیان هەبوو. سان سیمۆن و کۆنت، بە شێوەگەلی جۆراوجۆر، یەکسان

دەرنەوکەتنی نفوزە لیبراڵ و کۆنزەرڤاتیزمەکانیان نمایش دەکرد. هەردوو نوسەر ئەم رەوشە بە نائاشکرا و تێپەر دەزانن، هەردووکیان چاوەڕوانی رژێمێکی نوێ و «پایەدار»تر بوون لە داهاتوودا. تێگەیشتنگەلی جیاوازیان لەم رژێمە وەک پرسێکی گرنگی هەژێنەرە، کە دۆرکهایم هەوڵیدەدا لە سۆسیۆلۆژیای خۆیدا چارەسەری بکات. ئایا لەم شێوە تازەیەی کۆمەڵگەدا تەنها، تاکە چینێکی بەرهەمهێنەری پیشەسازی بوونی هەیە، کە تێیدا یەکسانی دەرفەت زاڵ دەبێت و حکومەت بۆ «بەڕێوەبردنی شتەکان»(11) نەک کەسەکان کورتدەبێتەوە، یان دەوڵەتی ئاینسالاری یەک پارچەی سیاسەتی پۆزەتیڤیستی(12) کۆنت بە دەسەڵات دەگات؟

بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی دۆرکهایم، هاوشێوەی نوسینەکانی ماکس ڤیبەر، پرسی «نەزم»(13) بە واتا گشتییەکەی نییە،«9» بەڵکو شێوەی دەسەڵاتێکی شیاوە بۆ دەوڵەتی مۆدێرنی پیشەسازی. لە کاتێکدا کە لە ئەڵمانیا، پێکهاتەیەکی جیاواز لە رەوشی سیاسی و ئابوری بە ساقامگیری نەریتی (nationalokonomie) ئەنجامدەدرێت و دەبێتە هۆکارێک، کە بیریارانی لیبڕاڵی نەوەی ڤیبەر بایەخێکی زۆر بۆ «سەرمایەداری» نیشانبدەن، لە فەرەنسادا ئەم کێشەیە لە زەمینەی رووبەرووبوونەوەی دێرینی «تاکگەرایی» بەرجەستەکراو لە ئایدیاڵەکانی شۆرش و بانگەشە ئەخلاقییەکانی ئاین سالاری کاتۆلیک خرایەڕوو. بەم پێیە کۆماری سێیەم، بە شێوەیەکی بەرچاو لە کەشی قەیران و ململانێی چینایەتیدا هاتەکایەوە، بەو چەشنەی کە لە کەمیۆنی پاریس و سەرکوتکردنی ئاشکرا بوو، بەڵام لە دیدی دۆرکهایم و هاوچەرخانی لیبراڵی ئەو رووداوە موسیبەتبارەکانی ساڵانی 1870– 1871، سەرئەنجام توانا و زەرورەتی کۆتایی پرۆسەی ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی، کە تا رادەیەک سەدەیەک پێشتر لە شۆڕشدا دەستیانپێکردوو، فەراهەمکرد. دۆرکهایم بەوچەشنەی، کە زۆرجار وتراوە لە بەرهەمە سۆسیۆلۆژیاییەکەی بایەخی نەداوە بە

ماهییەتی «ئەنۆمی»، بەڵکو پتر پێداگری لەسەر کەشفکردنی پەیوەندییە دوو لایەنەکانی نێوان سێ ڕەهەندی «ئەنۆمی»، «خودخوازی» و «تاکگەرایی» دەکردەوە. دۆرکهایم لە کتێبی دابەشکردنی کاردا بیرکردنەوەیەک سەبارەت بەم بابەتە نمایشدەکات. ئەو لەو هەڵوێستەی کە لەو کتێبەدا خستبویەڕوو، دژ نەبوو، هەر چەندە کە هەندێک لە چەمکەکانی تا ماوەیەک دواتر بە شێوەیەکی تەواو پەرەی پێنەدا. گرنگترین ئاکامی بەدەستهاتوو لە کتێبی دابەشکردنی کاردا ئەمەبوو، کە تاکگەرایی ئەخلاقی پێشمەرجێکی پێویستی یەکانگیری ئۆرگانیکە: بە وتەیەکی دیکە لەبەرامبەر دانانی کۆمەڵگەیەکی سەرچاوەگرتوو لە بیروباوەڕە هاوبەشەکان و باوەڕەکان (یەکانگیری میکانیکی) لەگەڵ کۆمەڵگەیەک کە پشت ئەستوورە بە هاوکاری (یەکانگیری ئۆرگانیکی)، لە یەکەمدا تەنها خەسڵەتی ئەخلاقیبوون و لە دووەمدا گروپبەندییەکی ئابوری ئەبینین، هەڵەیە.«10» سەرچاوەی ڕاستەوخۆی ئەم تاکگەراییە ئەخلاقیە (بەو چەشنەی کە دۆرکهایم لە بەشداریکردنی لە باسی گشتی ڕووداوی دریفۆس(14) ڕوونیکردووەتەوە) «11» ئایدیالگەلێک بوو، کە شۆڕشی 1789 هێنابوویەکایەوە. تاکگەرایی ئەخلاقی بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ خودخوازی (واتە درێژەدان بە بەرژەوەندی کەسی)، بەو چەشنەی کە لە تیۆری ئابووری کلاسیک و فەلسەفەی سوودگەرایی خراوەتە ڕوو، یەک شت نییە. گەشەی تاکگەرایی، کە سەرچاوەی گرتووە لە بەرفراوانی یەکانگیری ئۆرگانیک، ناشێت لەگەڵ ئەنۆمی وەک یەک دابنێین. (ڕەوشی ئەنۆمی دابەشکردنی کار دیاردەیەکی زووتێپەرە(15)، کە ڕێک لەم واقیعەتەوە سەرچاوەدەگرێت، کە سیستەمی ئەخلاقی، بەو چەشنەی کە دەبێت و لەوانەیە، لەسەر بیچمگرتنی پەیمانەکان زاڵ نییە). بەم جۆرە نەزمی کۆمەڵایەتی لە کاتی پێکهاتنی یاخود جێبەجێکردنی واقعی یان بەرجەستە(16) ئایدیالەکانی شۆڕشی فەرەنسای دەکردە پێویست.

بەم پێیە ئەم تیۆرە ڕێگاچارەیەک بوو بۆ ئەو گرفتانەی، کە ڕوانگەگەلێکی لە ڕووەکانی دیکەی هاوشێوەی سان سیمۆن و کۆنت لە یەک جیادەکردەوە، «12» بێگومان نەزمی کۆمەڵایەتی مۆدێرن، پێویستە نەزمێک بێت، (بەو چەشنەی کە سان سیمۆن دیاری کردبوو) لە دابەشکردنی کاری ئاڵۆز بە هۆی پیشەسازی مۆدێرندا گەلاڵە بووە، کۆنت لەم بوارەدا، کە مەرجی یەکێتی لە کۆمەڵگە نەرینگەراکان، واتە هەبوونی کۆ ویژدانی(17) تەوژمدار، بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن زەرورییە، هەڵەی دەکرد، بەڵام کۆمەڵگەی مۆدێرن نابێت کۆمەڵگەیەک بێت، کە تێیدا ئۆتۆرێتی، بەو چەشنەی کە سان سیمۆن بیری لێکردووەتەوە، بە «بەڕێوەبردنی شتەکان» سنووردار بکرێت: بە پێچەوانەوە، پێویستە دابەشکردنی کار لە پیشەسازی تێکەڵاو بێت لەگەڵ کۆنترۆڵی ئەخلاقی و پێویستیشە ئەم کۆنترۆڵە لە ژێر ڕێنمونی ئەخلاقی گشتی دەوڵەتدا بێت.

هەڵسانگاندنی دۆرکهایم لە فاکتەرە بنچینەییەکانی ڕووداوی دریفۆس، هەروەها بەشداری چالاکی ئەو تێیدا، ڕوونییەکی زۆر گەورەی(18) بەم گرفتانە دەبەخشی. بزوێنەری ڕاستەوخۆی پرسی دۆرکهایم سەبارەت بەو گرفتانەی، کە خراوەتە ڕوو لە ئەرگومێنتی دریفۆس، بڵاوبوونەوەی وتاری برۆنتیر(19)، ئاڕاستەکەری کاتۆلیک بوو، کە هەوادارانی دریفۆسی تاوانبار دەکرد بە ڕەتکردنەوەی بەها نەرینییەکان بۆ بەڵگەی عەقڵگەرایی خودخوازانە، ئەنارشیزمی ئەخلاقی برەو پێدەدەن. دۆرکهایم بە ڕاگەیاندنی هەبوونی جیاوازی سەرەکی لە نێوان «خودخوازی» و «تاکگەرایی عەقڵگەرایانە» وەڵامی ئەم وتارەی دایەوە. ئەمە ڕاستە کە ناتوانرێت هیچ کۆمەڵگەیەک بە گوێرەی درێژەدان بە بەرژەوەندی کەسی گەلاڵە بکرێت، بەڵام ناتوانین بەرژەوەندی کەسی، بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ «تاکگەرایی» بە یەکسان بزانین. ناشێ «تاکگەرایی لەگەڵ خودخوازی

سوودگەرایانەی سپنسەر و ئابوریزانان بە هاوشێوە بزانین».«13» دۆرکهایم پێیوابوو، کە ئەگەر تاکگەرایی هیچ نوێنەرێکی دیکەی نەبوبێت، پێویستی بە هێرشکردنە سەر ئەوە نەبوو، چونکە تیۆری سوودگەرایانە لە باری مەرگی سروشتیدایە. لە راستیدا تاکگەرایی بە تەواوی جیاوازی لەوەدایە: تاکگەرایی «بونیادێکی فەلسەفی» نییە، بەڵکو بەشێکی زیندووە لە دەزگای کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی هاوچەرخ، شتێکە کە راگەیاندنی مافی مرۆڤ، کەم تا زۆر بە چەشنێکی سەرکەوتوو ئامێز، دەکرێ شێوە و ناوەڕۆکی پێبدات، ئەو شتەی، کە ئەمڕۆ لە قوتابخانەکانماندا فێر دەکرێین و بە شێوەی بنچینەی پرەنسیپە ئەخلاقیەکانمانەوە دەرکەوتووە.«14» ئەم گرفتە رێک لە خاڵێکی بەرامبەر خودخوازییە و ستایشی بەرژەوەندی کەسی نییە، بەڵکو ستایشێکە لە خۆشگوزەرانی ئەوانی تر، ئەخلاقی هاوکارییە. تاکگەرایی یا (کەڵتی تاک) بە گوێرەی هەستی هاودەردی لەگەڵ رەنجی هاوجۆران، ئارەزووی یەکسانی و دادپەروەری گەلاڵە بووە و بە هیچ شێوەیەک لە خودخوازییەوە سەرچاوەناگرێت، بەڵکو سەرچاوەیەکی کۆمەڵایەتی هەیە. بەم پێیە گەشەی تاکگەرایی، بەشێوەیەکی خودی، بۆ ئەنۆمی و دارمانی ئۆتۆرێتی ئەخلاقی درێژ ناکرێتەوە.

گەڕانەوە بۆ لای خوداگەرایی نەریتی کڵێسا، یاخود مۆدێلەکانی کۆنترۆڵی ئاینسالارانەی هاوشان لەگەڵیدا نەکردەیە. وێرای ئەوەش، تاکگەرایی هاوشێوەی هەموو رێسا ئەخلاقییەکان، خەسڵەتێکی «ئایینی» هەیە. کەڵتی تاک تەنها فۆرمی ئەخلاقی مومکینە لە کۆمەڵگەی پیشەسازی، کە دابەشکردنی کاری زۆر جیاواز لەیەک تێیدا بوونی هەیە:

هەر چەندە کە کۆمەڵگەکان گەورەتر دەبن، سەرزەمینێکی بەرفراوانتر دەگرنەوە، پێویستە نەریتەکان و عادەتەکانیش لە بارێکدا لە شێوەگرتن و ئاڵۆزی بەرگرییەکی ئەوتۆ لە بەرامبەر جیاوازییە کەسییەکان نیشان نەدەن.

بەم جۆرە نەریتەکان و عادەتەکانیش سازگار دەبن لەگەڵ هەلومەرجگەلی هەمە چەشن و هەلومەرجی گـۆردراو. ئەو جیاوازییە کەسییانەی کە سنوردارێتییەکی کەمتریان هەیە، ئازادانە پەردەسێنن و پەیدادەبن و زیاددەبن: واتە هەموو کەسێک هۆگری خۆی «Son Propre Sens» پتر درێژ دەکاتەوە. لە هەمانکاتدا بە هۆی پێشکەوتنی دابەشکردنی کار، هەموو تاکێک ئاسۆی فیکرێکی جیاواز پەیدا دەکات، لە جیهاندا بیر لە لایەنی جیاواز دەکاتەوە، لە ئاکامدا ناوەڕۆکی زیهنە کەسییەکان جیاواز دەبێت. بەم جۆرە ئێمە کەم کەم بەرەو رەوشێک دەجوڵێین. (ئەو رەوشەی، کە هەنوکە تا رادەیەک پێی گەیشتووینە) کە تێیدا ئەندامانی گروپێکی کۆمەڵایەتی لە هیچ شتێکدا، مەگەر چۆنیەتی مرۆڤبوونیان «Leurqualité dhomme»، واتە تایبەتمەندییە سەرەکییەکانی تاکی مرۆیی بە شێوەیەکی گشتی، هاوبەش نابن. ئەم تێگەیشتنەی تاکی مرۆیی، کە تارادەیەک بە گوێرەی جیاوازییە خوو و رەوشتە نەتەوەییەکان رێک دەخرێن، تەنها تێگەیشتنێکە کە جێگیر و نادیاریکراوە و لەسەڕووی گۆڕانە یەک لە دوای یەکانی بیروباوەڕی تایبەتیدا پارێزراوە.... هیچ شتێک، جگە لە خودی مرۆڤ نەماوەتەوە، کە مرۆڤەکان بتوانن بە شێوەیەکی هاوبەش خۆشیان بووێت و بیپەرستن. بەم جۆرە، وەرن با سوود لە ئازادییەکانمان وەربگرین بۆ ئەوەی، کە ببینین دەبێت چ شتێک ئەنجام بدرێت، بۆئەوەی ئەنجامی بدەین، لە توندوتیژی وەزیفی دەزگای کۆمەڵایەتی، کە هێشتا بۆ مرۆڤەکان زۆر خراپە کەم بکەینەوە، هەموو ئامرازە مومکینەکان بۆ پەخشکردنەوەی تواناکارییەکانیان، بێ بەربەست لەبەر دەستیان دابنێین، سەرئەنجام واقعیەت بەم وتە ناسراوە ببەخشین کە: بۆ هەموو کەسێک هاوشێوەی کارەکەیەتی. «15»

بە وتەی ریشتەر(20) «16» لیبرالیزمی سیاسی دۆرکهایم و داکۆکیکردنی سۆسیۆلۆژی ئەو لە کۆماریخوازی رۆڵێکی سەرەکی لە بەرزکردنەوەی پلەی

زانکۆیی ئەو، هەروەها لە ئاسانکردنەوەی دەرکەوتنی سۆسیۆلۆژی وەک بوارێکی ناسراو لە سیستەمی زانکۆیی فەرەنسا گێراوە. ئەو لافاوە جنێودانەی، کە بەرەو سۆسیۆلۆژی سەراو ژێر بوو (بە تایبەت لە رووی رەخنەگرانی پەیڕەوی بیروباوەڕی فەلسەفی تۆماس ئەکویناس)«17» دەرخەری ئەوەیە، کە ئەم بوارە تازەیە (بە تایبەت لە فۆرمە دۆرکهایمییەکەی) تا چ رادەیەک لە خزمەتی کۆماریخوازی بەرز و باڵا لە پێش چاو دەگیردرا. بەڵگەنەویستە کە هەوڵدان بۆ نائایینیکردنی پەروەردە، یەکێک بوو لەو فاکتەرانەی کە لەم پرۆسەیەدا بایەخێکی سەرەکی هەبوو: دۆرکهایم لە ساڵی 1902، مامۆستای پەروەردە و فێرکردنی سۆربۆن بوو لە وانەکانیشیدا سەبارەت بە پەروەردە و فێرکردن راڤەیەکی تیۆری رێک و پێکی لەو فاکتەرانەی کە گۆڕانی سیستەمی پەروەردەی ناچاردەکرد، خستەڕوو.«18» راستە کە گەڵاڵە بوونی ئایدۆلۆژیکی سۆسیۆلۆژیای دۆرکهایم و کۆماریخوازی پیرۆزمەند هۆکاری سەرەکی نفوزی وی و قوتابخانەی نوسەرانی ساڵنامەی سۆسیۆلۆژی «Année Sociologique» بوو لە ناوەندی رۆشنبیری فەرەنسا، بەڵام نابێت ئەنجامگیری بکەین، کە هەڵسانگاندنی ئەو لە کێشە دیاریکراوە سیاسییەکان یا کەسایەتییەکان رۆڵێکی گرنگی لە بیچمدان بە روانگە سۆسیۆلۆژیەکانی ئەو گێڕاوە. دۆرکهایم، بە وتەی داڤــی(21)، هەمیشە لە چێشتخانەی سیاسی«Cuisine Politique» خۆی بە دوور دەگرت،«19» ئەو پەیوەندی بە پرسە پراکتیکییەکانی سیاسەتەوە نەبوو. لە ئاکامدا هەرگیز نەبووە ئەندام لە هیچ پارتێکی سیاسی، هەر چەند، کە پەیوەندییەکی نزیکی بە دۆستی هاوزانکۆیی خۆی، ژۆرس(22) هەبوو کاریگەری لەسەر هەندێک لە رەوتە سەرەکییەکان لە سۆشیالیزمی رادیکاڵ دانا و ئێیداش کاریگەر لێکراو بوو.

بۆ بە دواداچوونی ئەم بابەتەی، کە دۆرکهایم تا چ رادەیەک لە رووی فیکرییەوە قەرزداری سۆشیالیزمە هەندێک لە قوڵترین سەرچاوەی بیرکردنەوەی

ئەو ئاشکرا دەکەین. مووسی وتویەتی، کە لە بنەڕەتدا دۆرکهایم بابەتی دابەشکردنی کاری بە گوێرەی شیکارێک لە پەیوەندی تاکگەرایی و سۆشیالیزم ڕوونکردوەوەتەوە.«20» بەڵام مەبەستی لە «سۆشیالیزم» لێرەدا، نەریتەکانی بیرکردنەوەی ئەو شۆڕشەی کە لە ژیانی سیاسی فەرەنسا لە دەیەکانی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم بەدواوە ڕوون و بەرچاوە، نییە. تێڕوانینی دۆرکهایم بەرامبەر بە کایەکانی دیکەی سۆشیالیزم ئاڵۆز بوو، بەڵام روانگەکانی سەبارەت بە سۆشیالیزمی شۆڕشگێر ڕوون و نەگۆڕدراو بوو. گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەرەکی سەرچاوە گرتوو لە شۆڕشی سیاسی نەبوو، دۆرکهایم مێژووی فەرەنسای لە سێ یەکی سەدەی نۆزدەهەم بە دەرخەری ئەم واقیعە دەزانێت. ئەو نوسیویەتی: «لە نێو شۆرشگێرترین نەتەوەکان پرۆسەی ئاسایی بۆرۆکراتیک زۆرجار تەوژمدارترینیانە»، «لەم چەشنە کۆمەڵگەیانەدا، گۆڕانی رواڵەتی هیلاککەرترین تاکە ڕەهەندێ دەشارێتەوە» «21» بەم پێیە، ئەو ململانێیە چینایەتیەی، کە لەساڵی 1848 و 1870–1871 دەرکەوتن لەجیاتی ئەوەی، کە جاڕچی نەزمی کۆمەڵایەتی مۆدێرن بن،«22» دەرخەری ئەم هەقیقەتە بوون، کە گۆڕانی کۆمەڵایەتی بنچینەیی (کە لە نێوانیاندا شۆڕشی 1789 پتر نیشانەیەک بوو تا هۆکار) هێشتا لە چوارچێوەی گشتی کۆمەڵگەی مۆدێرنی فەرەنسادا هاوساز نەبوو بوون. کتێبی دابەشکردنی کار بەرنامە ڕێژی تیۆری ئەم روانگەیە بوو و پیشانیدا کە بوونی ململانێی چینایەتی لەم واقیعەتەوە سەرچاوەدەگرێت، کە قۆناغی گواستنەوەی نێوان یەکانگیری میکانیکی و ئۆرگانیکی بە کۆتایی نەگەیشتووە. دۆرکهایم لە تاوتوێکردنی وتاری لابریۆلا(23) بەناونیشانیEssays sure la conception materialist de ihistor لەساڵی 1879، ئەم روانگەیەی بەتەواوی روونکردەوە. «ئەو ململانێ چینایەتییە خەفەتهێنەرەی، کە ئەمڕۆ ئێمە شاهیدین. هۆکاری ئەو شێواوییە نییە، کە کۆمەڵگەی هاوچەرخی ئەوروپا ئەزموونی دەکەن، بە

پێچەوانەوە، دۆزێکی لاوەکی و بێ بایەخە. گواستنەوە لە نەزمی کۆمەڵایەتی نەریتییەوە بۆ ئەم چەشنەی نەزمی کۆمەڵایەتی تازە دەرکەوتوو پرۆسیسێکی دوورودرێژە، کە لە مێژوویەکی دیاریکراو دەستپێنەکردووە پتر خەسڵەتی پەرەساندنگەرای هەیە تا شۆڕشگێری. بەم پێیە دیلێتی ململانێی چینایەتی «گۆڕان و نوێبوونەوەی دەزگای سەرەکی نەزمی کۆمەڵایەتی» ناکاتە پێویست، بەڵکو لە بری ئەوە دەبێت بەو دادوەری و راکێشانی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابوریانەی، کە پێشتر شێوەی گرتووە سەرقاڵ بێت.» «23»

دەتوانین بڵێین دۆرکهایم، لە یەکەمین قۆناغەکانی ژیانی هـزری ئاشنابوو بە نوسینەکانی مارکس، بەڵام بەپێی گەواهی خۆی «24» چ لە رێکخستنی چەمکی گشتی کۆمەڵناسی و مینۆدی کۆمەڵناسی خۆی، چ لە گەیشتن بە تیۆری پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی بەر باسکراو لە کتێبی دابەشکردنی کاری کۆمەڵایەتی، بەهیچ شێوەیەک راستەوخۆ بە مارکس کاریگەر نەبووە. بەڵگەنەویستە، کە لە فەڕەنسای پێش دەستپێکردنی سـەدەی بیستەم، مارکسیزم بە تەوژمێکی سیاسی و هـزری سەرەکی نایەتە هەژماردن، کە لە دوو دەیەی کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم لە ئەڵمانیا بوونی هەبوو. هـزری مارکس و ئەلفێرد ڤیبەر، زومبارت، تۆنیس و ئەندامە لاوەکانی دیکە (ver fur sozialpolitik) تا رادەیەکی زۆر لە رێی رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ مارکسیزم بیچمی گرت. بێجگە لە فامی و سادەسازی زیاد لە رادەی فیکرەکانی مارکس، کە لە ئەڵمانیا باوبوو، بانگەشەکەرانی پەیڕەوی مارکس و رەخنەگرانی بەرجەستەی مارکسیزم لە ئەڵمانیا پەی پێبردنێکیان لە مارکس هەبوو، کە زۆر لەو شتە پیشکەوتوو تربوو، کە لە بۆنە رۆشنبیرییەکانی فەرەنسا لە دەیەی هەشتای سەدەی نۆزدەهەم بە دواوە بڵاوبوەوە. جۆری Guesdist ( تایبەتە بە ژوڵ گدەسۆ، سۆشیالیستی فەرەنسی) مارکسیزم، کە تا ناوەڕاستی دەیەی هەشتای سەدەی نۆزدەهەم زاڵ بوو، بە بڵاوبوونەوە،

وەرگێڕانی نوسینە ئاڵۆزتر و پێشکەوتوەکانی مارکسیستێکی (وەک نوسینەکانی لابریولا) بێ نۆرم و رواڵەتی ئەهاتە بەرچاو. بەم پێیە، ئەو کاتەی کە مارکسیزم رۆڵ لە دەرخستنی ئاڕاستەیەک لە پەیدابوونی ئاگایی هـزری لە فەرەنسادا دەگێڕێت، دۆرکهایم پێشتر زۆربەی بەشە سەرەکییەکانی کۆمەڵناسی خۆی رێکخستبوو.
وێرای ئەوەش ئەو وتارانەی، کە ئەو سەبارەت بە سۆشیالیزم لەساڵانی 1895–1896 لە بردۆ(24) پێشکەشی کرد، تا رادەیەک لەژێر کاریگەری بەرفراوانی مارکسیزمدا بوو لەم سەردەمەدا.«25» لە راستیدا هەندێک لە خوێندکارەکانی خۆی لەو سەردەمەدا گیرۆدە بوون بە مارکسیزمەوە، بەڵام دۆرکهایم لەم قۆناغەدا، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی لەگەڵ قەیرانی مارکسیزم و پەیبردنی بە شێوەی خۆی ئامادە بوو. سەردەمی وتارەکانی ئەو، سەبارەت بە سۆشیالیزم هەمان هەڵوێستی سەرەکی لە بەرامبەر چەپی شۆڕشگێری گرتبووەبەر، کە لە لوتکەی رووداوی دریفۆس دروستدا دانرا بوو، هەروەها دژی کۆنەپەرستانی دەستە راست هەڵوێست وەربگرێت، لەهەمانکاتدا جەختی لەسەر رۆڵی سەرەکی و بنەڕەتی کۆمەڵناسی لە لێکدانەوە و چارەسەرکردنی «قەیرانی هاوچەرخ» دەکردەوە. وێرای ئەوەی دۆرکهایم لەم وتارانەدا، وابەستەیی ئەو گرفتە رۆشنبیریارانەی، کە سان سمیۆن هەوڵیدابوو تاوتوێ و چارەسەری بکات و ئەو پرسانەی، کە سەردەمی مۆدێرن لەگەڵیدا ڕووبەڕووبوو، روونکردەوە. نوسینەکانی سان سمیۆن و پەیڕەوانی، بەشیوەیەکی پەشێو و شێواوانە لە خۆگری سێ چەمک بوون: یەکەم: چەمکی کۆمەڵناسی زانستی دووەم: چەمکی بوژانەوەی ئایینی سێیەم: کۆمەڵێک لە پرەنسیپەکانی سۆشیالیزم. بە وتەی دۆرکهایم ڕێکەوت نییە، کە ئەم سێ چەمکە هەمیشە بایەخیان پەیدا کردووە، چونکە «لێکچونگەلی بەرچاو لەنێوان ئەو سەردەمەی، کە تاوتوێ دەکەین و ئەو سەردەمەی، کە هەنوکە تێیدا دەژین بوونی هەیە.»«26» ئەم

کۆمەڵە چەمکانە، لە روانگەی یەکەم، بەتەواوی جیاواز، تەنانەت لەخاڵێکی بەرامبەر بەیەک دێنە بەرچاو: لە راستیدا هەموویان لەیەک هەلومەرجەوە سەرچاوەدەگرن «رەوشـی بێ نەزمی ئەخلاقی»(25) کە لە پێش ساڵی 1848 باو بوو، لەدوای ساڵی 1870 دوبارە زیندووبۆوە.«27» هەریەک لەم چەمکانە، بەشێوەیەکی بەشەکی، لایەنەکانی ئەم «بێ نەزمیە»ـی نمایش دەکرد. بزوتنەوەی ئاینی سەرچاوە گرتوو لە ویسنە بەرهەستەکان بۆ کۆنترۆڵی خودخوازی و بەم پێیە، ئافراندنەوەی هێزێکی ئەخلاقی تەوژمدار بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کە دەکرێت فۆرمەکانی دەسەڵاتی روحانییەکان، کە تەنها بۆ چەشنەکانی پێشووتری کۆمەڵگە گونجاو بوو دوبارە بەرقەرار بکات دووچاری ناساغی بوو. سۆشیالیزم وا تێگەیشت، کە نەزمەکە کۆن بووە. لە ئاکامدا دامەزراوە نەریتییەکان ناچاردەبن شوێنی خۆیان بە فۆرمە مۆدێرنەکانی دەزگای کۆمەڵایەتی بدەن، بەڵام ئەم قوتابخانەیە بۆ لابردنی ئەو رەوشە قەیراناویەی، کە لە بنەڕەتدا خەسڵەتی ئەخلاقی هەبوو، بەتەواوی سەرنجی گۆڕانە ئابوورییەکان دەدا. پاڵنەرەکەشی بەرامبەر بە کۆمەڵناسی لەمەیلدان بە دەرک و روونکردنەوەی سەرچاوەی ئەو گۆڕانەی، کە لە حاڵی رووداندا بوو سەرچاوە دەگرێت. ئەمەش سنووردار بوو، چونکە دیراسەی زانستێک بوو، تەنها بەیەدەگ و بە هێواشی پێشدەکەوت، لە کاتێکدا، کە پابەندییەکانی ئەو سەردەمە بۆ وەرگرتنی رێگاچارەی خێرا و گشتگیر درێژ دەبێنەوە. وێرای ئەوەش، روونە کە لە بیرکردنەوەی دۆرکهایمدا کۆمەڵناسی دەستباڵاییەکی دیاریکراوتری لەسەر دوو چەمکەکەی دیکە هەبوو، چونکە لە کاتێکدا کە هەریەکەیان تەنها وێنەیەکی لادەربوون لە قەیرانی نوێ.«28» کۆمەڵناسی چییەتی واقیعیبوونیانی ئاشکرا دەکرد. لێکدانەوەی کۆمەڵناسی، بۆ خودی خۆی نابێتە جێنشینی دوو چەمکی دیکە، چونکە هەریەکەیان شتێکیان هەبوو، کە هیچ زانستێک ناتوانێت فەراهەمی بکات، بەڵام تەنها

کۆمەڵناسی دەرخەری ئەو تۆخمە زەرورییانە بوو.
بەم پێیە، ئەنجامگیری دەکەین ئەگەر دەتەوێت ئەم تیۆرە زانستیانەی (کە لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا ئەوەندە پێشکەوتنیان بە خۆوە نەدیوە) هەنگاوێک بەرەو پێشەوە هەڵنێی، دەبێت بەناچاری خوو بەوەوە بگری، کە رەوتە جیاوازەکانیان لەبەرچاو بگریت و یەکێتییەکەیان کەشف بکەیت. ئەمەش هەمان ئەو کارەیە، کە سان سیمۆن کردی. کاری ئەو دەبێت لەهەمان رووەوە دوبارە بکرێتەوە. مێژووی ئەو رێنمونیکەرەمان دەبێت.«29»
بەڵام بیرکردنەوەی سان سیمۆن لاوازیەکی سەرەکی هەبوو: ئەو چاوەڕوانی ئەوە بوو، کە «پیشەسازی» (واتە گۆڕانی ئابووری) رێگاچارەیەکی بنچینەیی قەیرانی نوێ فەراهەمبکات. ئەم جەختکردنەوەیە بە نۆبەی خۆی، بۆ کایەکانی دواتر لە سۆشیالیزم، لە وێنەی ئەوەی مارکس پەیدایکرد، بگوازێتەوە. سۆشیالیزمی مارکسیزم، هاوشێوەی هەموو فۆرمەکانی دیکە، بەرهەمی ئەو گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابورییە بوو، کە لە کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نـۆزدەدا لە ئەوروپای رۆژئـاوا روویدا، بێگومان ئەو سۆشیالیزمە بەرامبەر بە چەشنەکانی ئایدیا لەگەرایانەتری ئەوە لە بیرکردنەوەی سۆشیالیستی «زانستی»تر بوو. «بەم پێیە لەوانەیە بۆ زانستی کۆمەڵایەتی پتر لەوەی تێیدا وەریگرتووە خزمەتی کردبێت.»«30»، بەڵام هەرچەند هەندێک لە مەبەستەکان و خەیاڵکردنەوەکانیان باوەڕپێکراتر بێت، بەرنامەکەش هێشتا بەگوێرەی پێکهاتەیەک لەسەر هەنگاو هەڵگرتنە ئابورییەکان جێگیرە. تیۆری سەرەکی کتێبی سەرمایە ئەمە بوو «ئاژاوەگێری بازاڕ»(26) ، کە ئەدگارێکی سەرمایەدارییە، لە سۆشیالیزمدا بە سیستەمێکی شوێنی دەگیرێتەوە، کە تێیدا بەرهەمهێنان بە شێوەیەکی جێگیر رێکخراوە، کورتەی ئەوەی کە لە سۆشیالیزمی مارکسیستی، سەرمایە ناڕوون نابێت: سەرمایە تەنها نەک تاکەکان کۆمەڵگە بەڕێوەدەبات.«31» بەم جۆرە،

بەرهەمەکانی مارکس لەگەڵ ئـەوەی دۆرکهایم بە یەکێک لەپرەنسیپە سەرەکیەکانی سۆشیالیزم لە بەرچاویدەگرت، هەماهەنگ بوو: واتە ئەوەی، کە پێویستە توانای بەرهەمهێنانی کۆمەڵگە بە شێوەیەکی جێگیر رێکبخرێت، بەڵام لەبەرئەوەی کە مومکین بوو ئەمەش ئاسنباڵایی لەسەر دابەشکردنی کاری «زۆرەملێی»«La division du travail contrainte» وایلێبکات بە هیچ شێوەیەک درزی ئەخلاقی سەرچاوەگرتوو لە رەوشی ئەنۆمی کۆمەڵگەی مۆدێرن کورتنەکاتەوە، بەپێچەوانەوە ئەوەی قوڵتردەکرد، چونکە گرنگی «ئابوری» بەزیانی «ئەخلاق» زیادیدەکرد.

ئەم بابەتە لە سۆشیالیزم ڕوون نەبوو، بەڵام بێگومان لە تیۆری دابەشکردنی کار بۆ جیاکردنەوەی «کۆمۆنیزم» و «سۆشیالیزم» بەو چەشنەی، کە دۆرکهایم ناوەڕۆکی پێدابوو، سەرەکی بوو.«32» ئەم فیکرە کۆمۆنیستانەی کە لەزۆرێک لە سەردەمە هەمەچەشنەکانی مێژوو بە دەرکەوتبوون، ئەم تێگەیشتنەیان ڕووندەکردەوە، کە خاوەنداریێتی تایبەت سەرچاوەی سەرەکی هەموو بەدبەختییە کۆمەڵایەتیەکانە و بەم پێیە، کەڵەکەبوونی سامانی مادی دەبێت پاشکۆی سنورداریەکی توند بێت. بەپێی تیۆری کۆمۆنیستی، کایەی سیاسی دەبێت لە کاریگەری گەندەڵکەری بەرهەمهێنانی ئابوری جیابکرێتەوە. لە لایەکی تر سۆشیالیزم، کە بەرهەمی گۆڕانە کۆمەڵایەتی و ئابووریەکانی سەدەی هەژدەهەم بوو، بە پێی ئەم روانگەیە جێگیربوو، کە پێشکەوتنی خۆشگوزەرانی مرۆیی وابەستەیە بە بەرفراوانی پیشەسازی. بنەچەی سەرەکی نمایشکراو لە سۆشیالیزم رێک پێچەوانەی ئەو شتە بوو، کە لە تیۆری کۆمۆنیستی خرابووەڕوو: سۆشیالیزم لایەنگیری لە تێکەڵاوبوون و پێکهاتنی دۆزی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکرد. سۆشیالیزم بانگەشەی دەکرد، کە دەبێت دەوڵەت بەرهەمهێنان کۆنترۆڵبکات، رۆڵی دەوڵەتیش دەبێت لە رووی ئابورییەوە پێناسەبکرێت: واتە «بەڕێوەبردنی شتەکان»

دەبێت بکرێنە جێگرەوەی «بەڕێوەبردنی مرۆڤەکان». بەم پێیە، لە کاتێکدا کە ئامانجی کۆمۆنیزم ڕێکخستنی مەسرەفکردن بوو، ئامانجی سۆشیالیزم ڕێکخستنی بەرهەمهێنان بوو.«33» بەم شێوەیە دەستەواژەی کۆمۆنیزم، بە گوێرەی تێگەیشتنی دۆرکهایم، شێوەیەک بوو لە ناڕەزایەتی و ئەو تیۆرە سیاسییەی، کە لەگەڵ ئەو کۆمەڵگەیانەی هەڵگری ئاستێکی دواکەوتووبوون لە دابەشکردنی کار، هاوشان دەکرد. لەم کۆمەڵگەیانەدا گشت (الکل)، هاوشێوەی بەرهەمهێنەرێکی سەربەخۆ، بەشێوەیەکی هاوشێوە کاریان دەکرد و هاوسانگی وابەستەیی دوولایەنەی ئابووری زۆر نەبوو، لە ئاکامدا، چەمکی ڕێکخستنی بەرهەمهێنان نەهاتەکایەوە. لە کۆمەڵگەی ئایدیالی کۆمۆنیزم، «هیچ ڕێسایەکی هاوبەش، کە پەیوەندی نێوان کرێکارانی جیاواز، یاخود شێوەی هاوبەشی خەباتکردنی چالاکییە هەمە چەشنەکان بۆ گەیشتن بە ئامانجە جەمعیەکان دیاری بکات، بوونی نییە، لەبەرئەوەی هەموو کەسێک هەمان کار (یان لەوانەیە هەمان کار) ئەنجامدەدات، ئەو هاوکارییە بوونی نییە، کە ڕێکبخرێت.«34» لە لایەکی ترەوە دەرکەوتنی سۆشیالیزم تەنها لەگەڵ پەرەسەندنی دابەشکردنی کاری جیاواز شیاو بوو، چونکە چەمکی ئابووری «هاو ئاهەنگ» بەرهەمهێنەرانی بەیەک وابەستەیی لە پێشچاو دەگرێت.

پێشنیاری دۆرکهایم بۆ بوژانەوەی ئەنجوومەنە پیشەییەکان، لە چوارچێوەی گشتی دەوڵەت، بە هاوبەندیگەرایی سۆشیالیستە رادیکاڵەکان، بە شێوەیەکی بەربڵاوتر، لەگەڵ نەریتەکانی ئەنجومەنگەرایی(27) کە لە مێژووی تیۆری سیاسی فەرەنسا لەگەڵ سۆشیالیزم ئاویزان بوو، لێکچوونی هەبوو، بەڵام نابێت وەهای لێکبدەینەوە، کە دۆرکهایم ئەم چەمکانە لە پەیوەندی نزیک و ڕاستەوخۆ بە بەرژەوەندییە سیاسیەکانی هاوبەندیگەراکان هێناویەتییەکایەوە. وێرای ئەوەش، ڕوانگەکانی ئەو کاریگەریەکی زۆری لەسەر هەندێک لە

کەسایەتییە گرنگە هاوچەرخەکان هەبوو، کە لەپەیوەندی دابوون لەگەڵ ئەم بزوتنەوەیەدا. هاوبەندیگەراکان لایەنگیرییان لە بەرنامەی دەست تێوەردانی دەوڵەت لە کاروباری ئابوری دەکرد، کە ئاڕادەیەک وەک بەرنامەیەکی پێشنیارکراو وابوو لە ئەڵمانیادا. دۆرکهایم ئاشنابوو بە نوسینەکانی نەوەی کۆنی (KathedersoZialisten) لە قۆناغە یەکەمینەکانی توێژینەوەی، ئەو کاتەی کە لە ساڵی 1885–1886 لە ئەڵمانیا دەیخویند. ئەو بەتایبەت لە ژێر کاریگەری تێگەیشتنێک دابوو، کە لە نوسینەکانی شمولەر، ڤاگنەر و ئەوانی تر بە کۆششێک دادەنرا بۆ دابڕان لە فەلسەی سوودگەرایی لە تیۆری سیاسی و کۆمەڵایەتی. ئەوان پیشانیاندا کە لە تیۆری سوودگەرایدا «بەرژەوەندی جەمعی تەنها فۆرمێکە لە بەرژەوەندی کەسی» و «ئەویترخوازی»(28) «خودخوازیەکی پەنهانکراوە»«35» ناتوانین کۆمەڵگە و دەوڵەت تەنها وەک دەزگا ئەخلاقیەکان بسەپێنین: لەو شوێنەی کە هێزی رێکخەری یاسا پەیوەندییە ئابورییەکان کۆنترۆڵناکات کۆمەڵگە بوونی نابێت. بەم پێیە ئەو هەنگاوانەی کە لەخۆگری دەستتێوەردانی دەوڵەتە لە ژیانی ئابووری پێویستە لە چوارچێوەیەکی ئەخلاقی و یاسایی پەنهانبکرێت. جەختکردنەوە لەسەر رۆڵی ئەخلاقی دەوڵەتی مۆدێرن، کە دوا دابینکەری پەیوەندیەکانی پەیمانێکی عادیلانەیە، لە کتێبی دابەشکردنی کار خراوەتەڕوو: «باڵاتر لە هەموویان، ئەو دەزگایەی کە ئێمە خوازیارین پێوەی وابەستەبین: ئەمە دەزگای دەوڵەتە، کاتێک دەوڵەت دەمانکاتە مووچەخۆر بۆ بەیادهێنانەوەی هەستی یەکانگیری هاوبەش، ئەو کات پەیوەندی ئێمەش بە دەوڵەتەوە زیاددەکات» «36» یەکەمین چاپی کتێبی دابەشکردنی کار لەخۆگری لێکدانەوەیەکی کورت بوو، سەبارەت بە رۆڵی ئەنجومەنە پیشەییەکان«37»، بەڵام روونکردنەوەیەکی فراوانتر لە پێشەکی چاپی دووەمی کتێبەکە لەساڵی 1902 بڵاوبۆوە. پەیوەندی بانگەشەکردنی دۆرکهایم بۆ بەربڵاوکردنی وەزیفەکانی ئەنجومەنە پیشەییەکان

و لێکدانەوەی کاری ئەنۆمی روون و بەرچاوە، تاوەکو ئەو کاتەی، کە رێکخستنی ئەخلاقی لە خاڵەکانی دابەشکردنی کار (خاڵەکانی (نێو نۆڕی) (29) توێژە پیشەییە جیاوازیەکان)، بەرقەرار نەکرد، سیستەمی کار رەوشێکی ئەنۆمیکی دەبێت. وەزیفەی سەرەکی ئەنجومەنە پیشەییەکان فەراهەمکردنی هاوئاهەنگی ئەخلاقی شیاوە لەم خاڵەدا و بەم پێیە، کۆمەکێکە بۆ وەزیفەی یەکانگیری ئۆرگانیک.

فیکرەکانی دۆرکهایم سەبارەت بەرۆڵی ئەو ئەنجومەنە پیشەییانەی، کە بە تێروتەسەلی لە کۆتایی دەیەی سەدەی نۆزدەهەمدا خرابووەڕوو، پەیوەندیەکی نزیکی بە کامڵبوونی بیرکردنەوەی ئەوەوە هەیە سەبارەت بە دەوڵەت. ئەو لە کتێبی دابەشکردنی کاردا هەندێک لە مەسەلە سەرەکیەکانی لە میراتی سان سیمۆن و کۆنت-ی روونکردەوە، بەڵام مەسەلەی دەوڵەت، وەک سیستەمی دەسەڵاتی سیاسی، بەلاوەنا. ئەو لەم بەرهەمەدا بڕوای بە هەبوونی پەیوەندی یەکانگیری پێچەوانەبووی نێوان پیشکەوتنی دابەشکردنی کار و کەمکردنەوەی رەهاگەری دەوڵەت بوو: «شوێنی تاک گرنگتر دەبێت و دەسەڵاتی حکومەت کەمتر رەها دەبێت.» «38» پاشان دۆرکهایم ئەم روانگەیەی بە روانگەیەکی لە رادەبەدەر سادەکراو دادەنا، کە لەگەڵ هەندێ لە مەسەلە چارەسەرنەکراوەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی کۆتایی سەدەی هەژدەهەم و سەرەتای سەدەی نۆزدەهەم سازگار نەبوو. لەنەریتی بیرکردنەوەی فەرەنسایی سەبارەت بەم بابەتە، کە دۆرکهایم لە بنەڕەتدا ئەوەی بە سەرچاوەگرتوو لە بیرکردنەوەکانی رۆسۆ دەزانێت،«39» ئەو دامەزراوانەی، کە لە نێوبژی نێوان دەوڵەت و تاکدا بوون تاوتوێناکرێن. ئەگەر دەوڵەت راستەوخۆ نوێنەری «ئیرادەی خەڵکە» کەواتە مەیلێک هەیە، کە کۆپیەکی تەواو بێت لەو ژیانەی، کە ئیرادەی خەڵکی لەسەر جێگیر بووە، لەبەرئەوەیە کە تاکەکان واهەستدەکەن و بیری لێدەکەنەوە،

لەگەڵ هێمای جیاواز دەگوازرێنەوە. ئەم رەوشە دەرخەری مێژوویی سیاسی فەرەنسا بوو لەسەرانسەری سەدەی نۆزدە و قۆناغەکانی جێگۆڕکێی شۆڕش و دیکتاتۆرییەتی رەهاگەری، کە سیستەمی فەرەنسای تێپەراندبوو ڕوون دەکردەوە. دەوڵەت بە دەسەڵاتی خۆی جوڵەناکات، ناچارە دریژەپێدەری هەستە ئاڵـۆزەکانی جەماوەری خەڵـک بێت، بەڵام ئامرازەکانی کارێکی تەوژمداری لەبەردەستە، کە لە توانایاندایە توانای بە دەستهێنانی ئەو تاکانە بەو بەداتْ، کە لە رووبەکی دیکەوە هێشتا خزمەتگوزاری ئەوانەیە.«40» لەم هەلومەرجەدا، وا بیردەکرێتەوە، کە هەموو شتێک لە دۆخی گۆڕاندایە، بەڵام ئەمە تەنها دیدێکی رواڵەتی بوو: لافاوی شێواندنی رووداوەکان لە ئاستێکی سیاسی نالەباریەکی قووڵ، کە لە تەواوی کۆمەڵگەدا بوونی هەبوو، لەبەرچاو دووردەکەوتەوە. بەم پێیە نەزمی دیموکراتیک، کە توانای کارکردنی ئایدیالەکانی کەڵتی تاکی هەبوو ناچار بوو جوڵەی خۆی لە فۆرمیکی نوێی سیستەمی فەرەنسا دەستپێبکات. ئەگەر رۆڵیکی نێوەنجی بە ئەنجومەنە پیشەییەکان داوە لە سیستەمی هەڵبژاردن ئەو پارۆدۆکسەی، کە رۆسۆ بێهودە دەستوپەنجەی لەگەڵدا نەرمدەکرد، بەهێمنی چارەسەر دەبوو (لەبەرئەوەیە، کە دەبێت دەوڵەت بە پێی هەستە ئەخلاقییە هاوبەشەکان جێگیر بێت و رۆڵێکی چالاکیش لەبەرەو پێشبردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی واقیعی بگێڕێت). بەم جۆرە دۆرکهایم پێشنیاریکرد، کە دەبێت سیستەمی هەڵبژاردنی پشت ئەستوور بە ناوچەکان بخرێنەوە لاوە و ئەرگومێنتی دەکرد، کە جیاوازییە ناوچەییەکان لە کولتوور و هۆگری بۆ پێشکەوتنی پیشەسازیبوون بەخێرایی ریشەکێشدەکرێن. جیاوازییە گرنگەکانی هەنوکە لە جۆراوجۆری دابەشکردنی کارەوە سەرچاوەدەگرن و سنوردارکراو نین بە جیاوازییە ناوچەییەکانەوە:

ئەمڕۆ ئەو بوارانەی، کە هەریەک لە ئێمە بە خاڵێکی دیاریکراو لەو ناوچەیەی کە تێیدادەژین، دەبەستنەوە زۆر لاوازن و بە ئاسانی دادەبڕێن...

لەلایەکی دیکەوە ژیانی پیشەیی، بەدابەشکردنی ڕوو لەزیادبوونی کار، بایەخێکی زۆر پەیدا دەکات. بەم پێیە، هەقمانە پێمانوابێت ژیانی پیشەیی بنچینەی بونیادی سیاسیمان لە داهاتوودا پێکدەهێنێت. ئەو هزرەی کە ئەنجومەنی پیشەیی یەکەیەکی حەقیقی هەڵبژاردنە، ڕەواجی پەیداکردووە، لەبەرئەوەیە ئەو پەیوەندیانەی، کە ئێمە بەیەکەوە وابەستە دەکەن، پتر بەهۆی پیشەی ئێمەوەیە، تا پەیوەندییەکانی وەفاداری ناوچەیی، سروشتی و ئاساییە، کە بونیادی سیاسی دەرخـەری شێوەی پیکهاتنمانە لە گروپە خوودخوازیەکاندا.«41»

دۆرکهایم لەو وێنایەی، کە لە خەسڵەتی ئەخلاقی دەوڵەت دەیخاتەڕوو لە تێگەیشتنی خۆی لە کۆماریخوازی دیموکراتیکدا، بایەخێکی ئەوتۆ بە پەیوەندییە دەرەکییەکانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن نەدەدرا. دۆرکهایم ئەو بڕوایەی سپنسەری ڕەتنەکردەوە، کە پشتئەستورە بەوەی کۆمەڵگەی پیشەسازی مەیلی بۆ هەبوونی خەسڵەتی ئاشتیخوازانە هەیە، بەڵام جەختیدەکردەوە، کە هیچ چەشنە ناسازگارییەکی زاتی لە نێوان دەوڵەتی کۆماریخواز و پێشکەوتنی هاوئاهەنگی نێو نەتەوەیی بوونی نییە. ئایدیاکانی ئاکگەرایی ئەخلاقی، لە ئەبستراکترین ئاستیاندا، نەک ئاماژەیان بۆ هاوڵاتیانی نەتەوەیەکی تایبەت دەکرد، بەڵکو بەشێوەیەکی گشتی ئاماژەیان بەمرۆڤایەتی دەکرد. لەئاکامدا مومکین بوو لەداهاتوودا وەرچەرخانێک لەڕووی کەمکردنەوەی جیاوازیە نەتەوەییەکان رووبـدات و بەرفراوانی دابەشکردنی کار لەزەمینەی نێو نەتەوەیی، سەرئەنجام دەبێنە هۆی پێکهاتنی کۆمەڵایەتی بان–نەتەوەیی. دۆرکهایم کاتێک بیری لە نوسینی کتێبی دابەشکردنی کار دەکـردەوە جووڵەیەکی دیاریکراوی لە رووی پەیدابوونی کۆمەڵگەیەکی ئەوروپایی دەبینێت، بۆ سەلماندنی ئەم بیرو باوەڕە شاهیدێکی لە «سورل»ـەوە(30) هێناوە.«42» هەڵبەتە ئەم روانگە گەشبینانەیە لەگەڵ خراپترین پەیوەندی

نێوان ئەو دەسەڵاتە گەورە و مەزنانەی، کە دەبنە هۆی هەڵگیرسانی سێیەم جەنگی جیهانی، بەتوندی لە جیاوازیدابوو. بۆ دۆرکهایم، هاوشێوەی زۆربەی رۆشنبیرانی ئەو نەوەیە، روودانـی جەنگ کارەساتێکی قوڵ و لێدانێکی لەناکاو بوو، بەڵام ئەو پێیوابوو کە «نیشتمانپەرستی»(31) سەرئەنجام بە وێنەی بەشێک لە نیشتمانپەرستییەکی جیهانی دەردەکەوێت». «43» ئەم بڕوایە لەوناميلکە نیشتمانپەرستیانەی، کە دۆرکهایم بەدرێژایی جەنگ نوسی بەرچاوە«44» ئەم ناميلکانە زۆرجار وەک راهێنانە پڕوپاگەندەییەکان رەتکراوەتەوە، بەڵام لە راستیدا پەیوەندیەکی نزیکی بە تیۆرەکەییەوە هەیە، سەبارەت بە دەوڵەت. خاڵی سەرەکی گرنگترین بڵاوکراوەی دۆرکهایم لە کاتی جەنگدا، ئەڵمانیا باڵاتر لە هەموویان(32)، ئەمە بوو کە میلیتاریزمی ئەڵمانیا لەسەر فۆرمێک لە زیهنیەتی «نەخۆشئاسا» جێگیرە، کە چەشنێکە لە «ئەنۆمی جەمعی». ئەم دیاردەیە لە «شێوەیەکی دیاریکراو لە وێناکردنی دەوڵەت، چییەتەکانی و رۆڵەکانییەوە» «45» سەرچاوەدەگرێت، کە دۆرکهایم پێیوابوو بە روونی لە بیرکردنەوەی ترایچکە نمایشکراوە. بەڕای دۆرکهایم ترایچکە بیریارێکی ئۆرجیناڵ نەبوو، بەڵکو نوسەرێک بوو، کە کارەکانی بیرو هەستی گشتی نمایشدەکرد و بەم پێیە، هەموو پرەنسیپە رۆژانەیە دیبلۆماسی و دەوڵەتییەکانی ئەڵمانیای لەخۆدەگرت. «46»

ترایچکە دەوڵەتی بە باڵاترین بەها دەزانی، کە هیچ چەشنە سنوردارییەک ناتوانێت دەسەڵاتەکەی دەرک بکات، دواجار ناچاربوو ئامانجەکانی لەرێی جەنگەوە درێژەپێبدات: ململانێی بەردەوامی نێوان دەوڵەتە نەتەوەییەکان، تایبەتمەندییەکی ناچارەکی جیهانی مۆدێرن بوو. بەبڕوای ئەو، دەسەڵاتی دەوڵەت پێوەرێک بوو، کە هەموو بەهاکانی دیکە دەبێت بەگوێرەی ئەو دەسەڵاتە داوەرییان بکەین، بەڵام دەوڵەت خۆی واقیەتێکی ئەخلاقی نییە. لە لێکدانەوەی دۆرکهایمدا، ئەمە فۆرمێکی نەخۆش ئاسایە لە نیشتیمان پەرستی

نەتەوەیی، چونکە دەوڵەت سیستەمی دەسەڵات لەبەرچاودەگرێت، کە هێزەکەی هیچ سنورداریەتییەکی بۆ نییە، بەڵام هاوشێوەی تاک، دەوڵەتیش نابێت نائەخلاقی کاربکات، هیچ سنوردارییەکی بۆ بەرزەفڕییەکانیان دانەنێت. تێگەیشتنی ترایچکە لە دەوڵەت بە گوێرەی روانگەیەکی ناڕاست دەربارەی پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگە جێگیر بووە. بەڕای ئەو جیاوازییە لە چییەتی نێوان تاک و دەوڵەتدا بوونی هەیە.«47» ئەمە ئەو روانگەیە بوو، کە چەمکی هیگڵی دەوڵەت بەرمەبنایەکی جیاوازی لەگەڵ ئەو کۆمەڵگە مەدەنییەی، کە بەئاسانی رەوایەتی بە سنەمکارییەکی خۆچەق دەبەخشێت، زیندوو هێشتەوە. دۆرکهایم ئەنجامگیری دەکرد، کە تێگەیشتنی دەسەڵاتدارێتی دەوڵـەت، لەناوخۆدا و لەپەیوەندییە دەرەکییەکانی، بەهیچ شێوەیەک لەخۆگری وەرگرتنی روانگەیەکی وەها نییە: دەسەڵاتدارێتی دەوڵەت هەم لەگەڵ بونیادی ئەخلاقی ناوەکی کۆمەڵگەی مەدەنی (لەخۆگری ئاپۆرەیەک لەو تەوژمە ئەخلاقیانەی، کە فۆرمێکی یاسایی و دەزگایی و روون نییە، بەڵام واقیعی و کاریگەرن)، هەم لەگەڵ ئەخلاقیاتی پەیوەندییە نێونەتەوەییەکان و «تێڕوانینەکانی نەتەوە دەرەکییەکان» لەپەیوەندیدایە.«48» ئیمپریالیزمی ئەڵمانیا دەشێت لە ڕووی رژێمەوە شکستی خواردبێت، بەڵام بەگوێرەی سروشتی خۆی دیاردەیەکی ناجێگیر و ناسازگار بوو، لەگەڵ بە ئەخلاقیکردنی پەیوەندییە نێو نەتەوەییەکان، کە جیهانی مۆدێرن دیاریدەکرد: «هیچ دەوڵەتێک نییە، کە لە ژینگەیەکی بەربڵاوتر کۆمەڵێک لە دەوڵەتانی تر ئەویان پێکهێناوە پەسەندنەکراو بێت، واتە بەشێک نەبێت لە کۆمەڵگەیەکی گەورەی مرۆیی.»«49»

تاوتوێکردنی نوسینەکانی دۆرکهایم سەبارەت بە گەشەی تاکگەرایی ئەخلاقی، سۆشیالیزم و دەوڵەت لە زەمینەی ئەو پرسە کۆمەڵایەتی و سیاسییانەی، کە ئەو لە رووبەڕووبوونەوەی کۆماری سێیەمدا دەیبینی، نیشانیدەدات، کە نابێت

ئەو بە کۆنزەرڤاتیست بزانین. لایەنگرانی ئەم روانگەیە«50»، لیبرالیزمی دۆرکهایم مان دووبارە لە سیاسەتدا ناساندۆتەوە، بەڵام سەلماندویانە، کە گرنگترین بابەتی هـزری کۆمەڵناسی ئەو لەو دەستە لە نەریتەکانی فەلسەفەی کۆمەڵایەتی فەرەنسا (بەتایبەت بەرپەرچدانەوەی دژ بە شۆڕشی فەرەنسا) سەرچاوەیگرتووە، کە زیاتر جەخت لەسەر گونجان و تەبایی دەکەنەوە، نەک لەسەر پێکدژی و ململانێکردن، جەخت لەسەر نەزم دەکەنەوە، نەک لەسەر گۆڕان و ئۆنۆرێتی و نە لەسەر ئازادی. «کۆنزەرفاتیزم» لێرەدا بە وتەی لویس کۆزەر بە واتای مەیلداربوونە بۆ پاراستنی نەزمی هەیی، یان بەهێزکردنی ئەو نەزمەیە، کە وادێتە بەرچاو تووشی مەترسی بوو بێت.«51» وێرای ئەوەش، لە وەسفکردنی هۆگری دۆرکهایم دەبێت بڵێین، کە ئەم رایە بەتەواوی تاک لایەنەیە. مەبەستی دۆرکهایم داکۆکیکردن نییە لە «نەزم» لە بەرامبەر گۆڕان، بەڵکو مەبەستی دەستگەیشتن بوو بە گۆڕان. خاڵی گرنگ ئەمەیە، کە فەرەنسا لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، لەکاتێکدا کە قۆناغگەلی جیاوازی (گۆڕانی) سیاسی خێرای تێپەڕاند بوو، لەبنەڕەتدا جێگیر مابۆوە: گۆڕانە کۆمەڵایەتی- ئابورییەکان زەرورەتێکیان بۆ بەرقەرارکردنی پیشەسازی مۆدێرن بەدینەهێنابوو.

## بونیاد و چییەتی کۆمەڵناسیی سیاسی دۆرکهایم

ئەو فۆرمەڵەیەی، کە پیشانیدەدات دۆرکهایم هەڵویستێکی هـزری کۆنزەرڤاتیزمانەی هەبوو، بەم روانگەیە بەهێز بووە، کە بیرکردنەوەی ئەو بەدرێژای ژیانی گۆڕانێکی سەرەکی بەخۆیەوە بینیوە، چونکە ئەو راڤەیەی، کە بایەخی کتێبی دابەشکردنی کار لە نوسینەکانی دۆرکهایم بەلایەنی کەمەوە دەرخست، بۆ ئەو بایەخەی کە ئەو بۆ تۆخمی مێژوویی لەکۆمەڵناسی دایناوە بێ بەهای دەکات.«52» دۆرکهایم هەمیشە پێداگریدەکرد کە «مێژوو تەنها

چوارچێوەی سروشتی ژیانی مرۆڤ نییە، مرۆڤ بەرهەمی مێژووە.»«53»
ئەم جەختکردنەوەیە نیشاندەری پابەندی لێکدانەوەی دۆرکهایمە لە تەواوی قۆناغەکانی ژیانی، لە چوارچێوەی پڕۆژەی پەرەسەندنی نیشاندراو لە کتێبی دابەشکردنی کاردا، بەڵام لە روانگەی ئۆرسەدۆکسی سەبارەت بە گەشەسەندنی هـزری دۆرکهایم زۆرترین بایەخ بە تیۆری وەزیفی دۆرکهایم دەدرێت، کە بە گوێرەی پەیوەندییەکی ئەبستراکتی و نامێژوویی لەنێوان تاک و کۆمەڵگە وێنادەکرێت. لەم رووەوە، کێشەی سەرەکی لە کۆمەڵناسی دۆرکهایمدا پێوستی بە هەبوونی هاوکاری هەمەکی(33) هەیە لە کۆمەڵگەدا، تاوەکو مشتومڕ لەگەڵ تیۆری «جەنگی گشت لە دژی گشت»ـی هۆبز(34) بکات کە هەڕەشە لەنەزمی کۆمەڵایەتی دەکات. وێرای ئەوەش ئەگەر تەواوی نوسینەکانی دۆرکهایم لە چوارچێوەی مێژوویی جوڵانی لە یەکانگیری میکانیکی بەرەو یەکانگیری ئۆرگانیکی تاوتوێبکرێت، وێنەی بەدەستهاتوو بەتەواوی جیاواز دەبێت. بابەتی سەرەکی بەرهەمەکانی دۆرکهایم قوڵایی دوولایەنەی نێوان فۆرمە نەریتییەکانی کۆمەڵگە و نەزمی کۆمەڵایەتی مۆدێرنە. بەڕای ئەو، لە هەندێک لە تیۆرە کۆمەڵایەتیەکان، کە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەهەم بایەخی ئەم واقیعیەتەیان دەرک کردبوو، کە نەزمی نەریتی بەتەواوی لە نێوچووە، ئەم دولایەنییە بەوچەشنەی کە پێویستە تێبینینەکراو بوو. سوودگەراکان و سۆشیالیستەکان بەجیاکردنەوەی خەسڵەتی «ئەخلاقی» کۆمەڵگەی نەریتی لە بنچینەی «ئابووری» مۆدێرن تووشی هەڵە بوون. پرسی سەرەکی بەرباسکراو روونکراوەی کۆمەڵناسی، دیاریکردنی ئەو فۆرمە کومەڵایەتییانەیە، کە توانای بەدیهاتنی ئایدیاڵەکانی ئازادی و یەکسانی سەرچاوە گرتوو، لە گواستنەوەی نەزمی نەریتیان هەیە. بەم پێیە ئەو گرفتەی، کە دۆرکهایم لەگەڵیدا رووبەرووبۆوە، لە کتێبی دابەشکردنی کار روونی کردەوە، (بەڵام بەتەواوی چارەسەرنەکرا). لەم

بڕوایەوە سەرچاوەیدەگرێت، کە «بەرگریکەرانی تیۆرە ئابورییە کۆنەکان، کە پێیانوایە ڕێکخستنی ئەمڕۆ زەروری نییە، هەڵەدەکەن و ئاراستەکەرانی دامـەزراوەی ئاینیش لەم بڕوایەی، کە ڕێکخستنی دوێنێ دەشێ ئەمڕۆ سودمەند بێت تووشی هەڵە بوون.»«54» ئەو کارەی کە دۆرکهایم سەبارەت بە ئایینی سەرەتایی ئەنجامیدا و بووە هۆی  بە دیهاتنی کتێبی «فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی»(35)، و ئەگەری چارەسەرکردنی ئەم گرفتەی بە گوێرەی تیۆری  ئۆنتۆرێتییەکی ئاڵوزتر فەراهەمکرد. تیۆری وەزیفەیی ئاین، کە لەم کتێبەدا خراوەتەڕوو پێوستە لە پەیوەست بەم گوتەیەی دۆرکهایم دەرکی بکەین کە:

 ئەو بایەخەی کە بە کۆمەڵناسیی ئاینی دەدەم بەهیچ شێوەیەک  بەم تێگەیشتنە نییە، کە ئاین پێویستە هەمان ئەو ڕوڵە لە کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ بگیرێت، کە لە سەردەمەکانی تر گێڕاویەتی. بەم واتایە ئەنجامگیری پێچەوانە ڕاستر دەبێت. ڕێک بەم هۆیەی، کە ئاین دیاردەیەکی سەرەتاییە و پێویستە هەرچی پتر تەسلیم بەو فۆرمە کومەڵایەتییە نوێیانە بکرێت،  کە هێناویانەتە کایەوە.«55»

 بابەتی سەرەکی ئەم کتێبە (واتە فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی.و،ک) ئەمە نەبوو، کە ئاین کۆمەڵگە دەهێنێتە کایەوە،«56» بەڵکو ئەمە بوو، کە وێناکردنە کۆییە بەرجەستەکراوەکان لە ئایندا بەیانکردنی خۆئافراندنی(36) کۆمەڵگەی مرۆییە. بەم جۆرە، تەوژمی ئایینداری بە ئاگاییەکی ڕەمزی  لە تواناکانی  کومەڵگەی مرۆیی دەژمێردرێت بۆ زاڵ بوون بەسەر جیهان و گۆڕانەکان. ئەگەر کتێبی فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیان ئاینی  وەک تیۆرێکی ژنتیک(37) گوزارشت بکەین، نەک وەک تیۆریکی وەزیفەیی، دەبێتە بنچینەی تێگەیشتنی ئەو پرۆسانەی، کە بۆتە هۆی دەرکەوتنی ناکگەرایی ئەخلاقی. بەو چەشنەی کە ماکس ڤیبەر لە زەمینەیەکی جیاوازدا سەلماندویەتی، کە

پێشکەوتنی تاکگەرایی عەقڵگەرایانە بە گوێرەی «ناعەقڵگرایی»(38) هێما پیرۆزەکان گەڵاڵەبووە. تەواوی فۆرمەکانی بیرکردنەوە، لەوێنەی زانست، ریشەیان لە وێناکردنە ئاینیەکاندا هەیە. دۆرکهایم لە بەرهەمێکی گرنگ، بەڵام فەراموشکراو، «57» هەندێ لە توخمەکانی ئەم پرۆسەیە لە مێژووی کۆمەڵگە ئەوروپییەکان بە روونی بەیانکردووە. مەسیحیەت بە شێوەیەکی گشتی، بەتایبەت دۆکترینی پروتستان سەرچاوەی راستەوخۆی ئەو ئایدیالانە بوو، کە پاشان گواسترانەوە بۆ کایەی سیاسی شۆڕشی فەرەنسا. دۆرکهایم هەوڵدەدات پیشانیبدات، کە ئەخلاقی مەسیحی بەجێگیرکردنی پێداگیری خۆی لە سەر حاڵەتی «ناوەکی روح» لە باتی جیهانی «دەرەکی» بەشێوەیەکی رادیکاڵ لە ئاینە تاتەئیستیەکان جودا بۆوە. بۆ مەسیحی، پارێزگاری، پاکداری و دینداری لە خۆگری شێوەکانی کاری مادی نییە، بەڵکو لەخۆگری حاڵەتە ناوەکییەکانی روحە، لە نێو دوو گۆشەی شیاوی هەموو بیرکردنەوەی مرویی، واتە سروشت و مرۆڤ، «بیرکردنەوەی کۆمەڵگە مەسیحیەکان مەیلی بۆ جێگیربوونی دەوروبەری دووەمی (around second)هەبووە» .«58»

روونکردنەوەی سەرچاوە و سروشتی تاکگەرایی ئەخلاقی ئەگەری روونکردنەوە جیاوازەکانی «تاکگەرایی» و «خودخوازی» بۆ دۆرکهایم فەراهەمکرد. ئەو جیاوازیانەی، کە پێشتر لە کتێبەکانی دابەشکردنی کار و خۆکوشتن(39) بەیان کرابوون، بەڵام تاوەکو دوای ساڵی (1895) هێشتا تا ئەندازەیەک ئاڵوز مابوونەوە. ئەو تیۆرەی، کە پاشان لە کتێبی فۆرمە سەرەتاییەکانی ژیانی ئایینی خرابووەڕوو بەگوێرەی دوالیزمی «پیرۆز» و «ناپیرۆز» دانرابوو، کە جیاکاری بەرچاوی نێوان «پیرۆز» و «سکۆلار»ـی لەنێو برد. هەموو ئەو ئایدیالانەی، کە بەرهەمی جەمعی بوو لەم چرکەساتەوە خەسڵەتێکی پیرۆزی هەبوو و لەم رووەوە، لایەنەکانی هەموو پرەنسیپە ئەخلاقیەکانی لەخۆگرتبوو: بەوجۆرە بوو، کە گوایە بە رێگرییەکی ئاڵۆز و نادیار دەورە گیراوە، کە دژەکانیان

دووردەکانەوە، «59» (واتە خەڵک لێوانلێوە لە هەستە پۆزەتیڤەکان و ڕێز و پەیمانی دەبەست) و هەستی وەزیفیی لەگەڵدا هەبوو. هەڵهێنجانێکی وەها دەبوو، کە پرۆسەی «سیکۆلاریزەیشن» (مەبەست لە دانەپینی خوداگەرایی سروشتی نەریتییە)، ڕەوتێکی پێشکەوتوو لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بوو، بەڵام ماناکەی لە نێوچوونی «موقەدەس» نەبوو: بە پێچەوانەوە، ئازادی مرۆڤ لە کۆنترۆڵی ئەخلاقیی سەرکوتگەرایانەی قۆناغەکانی پێشووتری وابەستە بە درێژەی چۆنیەتی «موقەدەسی» ئەو ئایدیاڵانە بوو، کە تاکگەرایی ئەخلاقی لە خۆی دەگرت، بەڵام ناتوانرێت ئازادی بە یەکسان و هاوشێوە دابنرێت، لەگەڵ ڕزگاربوون لە کۆنترۆڵە ئەخلاقییەکان (بەو چەشنەی، کە سوودگەراکان و سۆشیالیستەکان بانگەشەیان بۆ دەکرد، وەرگرتن و پەسەندکردنی ڕێکخستنی ئەخلاقی «کەڵتی کەسایەتی»(40) مەرجی ئازادی بوو:

ماف و ئازادییەکان ئەو شتانە نین، کە بۆ خودی خۆی و لە خودی مرۆڤدا بوونیان هەبێت ... کۆمەڵگە تاکی پیرۆز کردووە و وایلێکردووە، کە شایستەی ڕێز بێت. ڕزگار بوونی پلە بە پلەی ئەو بە مانای لاوازکردنەوەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان نییە، بەڵکو بە مانای گۆڕانی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە ... بۆ مرۆڤ ئازادی برێتییە لە ڕزگاربوون لە تەوژمە سروشتییە کوێر و هەست لەدەستچووەکان، ئەو بە دانانی هێزی گەورە و هۆشمەند لەبەرامبەریان و پەنابردن بۆ ژێر چەتری پارێزگارییان دەستی بەم ئازادیانە دەگات.«60»

لە نوسینەکانی دۆرکهایمدا ئارەزووی گەڕانەوە بۆ سەردەمی پێشوو، یان گەڕانێکی غەفەتبارانە بۆ بەرقەرابوونی جێگیری پێشووتر نایەتە بەرچاو، ئەگەری گەڕانەوە بۆ فۆرمە کۆمەڵایەتییەکانی پێشووتری کۆمەڵگەش بوونی نییە و ئەگەریش مومکین بوو، بە هیچ شێوەیەک لە دیدی دۆرکهایم ئاسۆیەکی داواکراو نەبوو. لە کۆمەڵگەی نەریتی، خەڵک دەبنە پاشکۆی جەبری گروپ:

ئاکایەتی پاشکۆی فشاری کۆویژدان بوو. بڵاوبوونەوەی دابەشکردنی کار و لاوازکردنی کۆویژدان فاکتەری هەڵهاتنبوون لەم جەبرە، بەڵام هەڵەشانەوەی نەزمی ئەخلاقی کۆنی تاک لە مەترسی جەبری ئەوانی دیکەدا دەبێت: جەبڕی مەیلە کۆتایی پێنەهاتووەکانی خۆی. تاک تەنها لە شێوەیەکدا دەتوانێت ئازادبێت، کە دەبووە ئەکتەرێکی سەربەخۆ و توانای زاڵبوون بەسەر بونەوەرەکانی ناو خۆی و دەرککردنیان هەبوو.«61» بەم جۆرە، جیاکاری لە نێوان «ئەنۆمی»، «خودخوازی» و «ئاکگەرایی» بایەخێکی سەرەکی هەبوو. نەزمی ئەخلاقی مۆدێرنی سوودگەراکان و سۆشیالیستەکان ئەو نەزمە بوو، کە بە گوێرەی دوو لایەنەی گریمانەی خودخوازییە ئاکەکەسییەکان گەڵاڵە بوو، بەڵام هیچ یەک لەم فۆرمانەی کۆمەڵگە، نەریتی، یاخود مۆدێرن، مومکین نەبوو بە هۆی ئەم بنەڕەتیەوە شێوە بگرێت. بەم چەشنە، هەڵەی هەموو ئەم دانەرانە ئەمە بوو کە «خودخوازی» و «ئاکگەرایی»یان بە هاوشێوە دانا بوو: ئەم دوو چەمکە ریشەی جیاوازییان هەیە. ئاکگەرایی ئەخلاقی بەرهەمی کۆمەڵگەی مرۆیی و دەرئەنجامی قۆناغێکی پەرەساندنی کۆمەڵایەتی جێگیرکراو بوو. بە دیدی دۆرکهایم، بەرامبەرێتی نێوان مەیلە خودخوازییەکانی تاک و بەرهەمە ئەخلاقییەکانی کۆمەڵگە لە بیرکردنەوەی مەزهەبی لە جیاکاری نێوان جەستە و روحی بەیانکراودا بوو. جەستە سەرچاوەی هەست و ئەو مەیلە بوو، کە «خودخوازانە» بوون. «62» بە پێچەوانەوە روح وێناکردنێکی سەرەتایی بوو لە چەمکەکان و ئەو رێسا ئەخلاقییەی، کە کۆمەڵگەی هێنابووە کایەوە. منداڵ ژیان وەک بوونەوەرێکی خودخواز دەستپێدەکات، کە ویستەکانی بە گوێرەی ویستە حەسیە کەسییەکانەوە پێناسەدەکرێن. ئەم ویستانە لەگەڵ شێوەکانی بیرکردنەوە و ئەو ئایدیاڵە ئەخلاقیانەی، کە لە کۆمەڵگەوە وەرگیراون دەپۆشرێن: ئاکی گەشەسەندو هەمیشە لایەنی خودخوازانەی کەسایەتی خۆی هەیە و لە هەمانکاتدا، بونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە.

ئەگەر بڕیار بێت «تاکگەرایی» لە «خودخوازی» جیابکەینەوە، پێویستە لە «ئەنۆمی» یشی جیابکەینەوە. کۆمەڵگەی «گریمانەیی» پێکهاتووە لە جڤاتی خودخوازییە تاکە کەسییەکانی کۆمەڵگە، لەگەڵ ئەنارشیزمی ئەخلاقی یاخود ئەنۆمی، بەڵام کۆمەڵگەی بونیادنراو بە گوێرەی تاکگەرایی ئەخلاقی لە چوارچێوەی دابەشکردنی کاری لێکجیاواز بە هیچ شێوەیەک بەم چەشنە نییە. بە پێچەوانەوە، ڕەوشی ئەنۆمی، کە لە بەشگەلێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکاندا باوە (بەو جۆرەی، کە دۆرکهایم لە وەڵامدانەوەی برنتییر لە پرۆسەی ڕووداوی دریفۆس ڕوونیکردەوە) لە لەدەستدانی بەدامەزراوەیکردنی تاکگەراییەوە سەرچاوە دەگرێت. ئەم بە دامەزراوەیکردنەش، هاوشێوەی گریمانەکانی کنێبی دابەشکردنی کار، پێویستە پێکبێت لە فۆرمەکانی پەیوەندییە یەکپارچە سازییەکانی نێوان نەزمە سیاسی و ئابوورییەکان. پێشکەوتن بەرەو دابەشکردنی عادیلانەتری وەزیفەکان (واتە ڕەشکردنەوەی دابەشکردنی کاری «زۆرملێی») لە ژێر ڕێنمایی گشتی دەوڵەت و بە ئەخلاقیکردنی پەیوەندییە ئابورییەکان لە ڕێگای ئەنجومەنە پیشەییەکانەوە. بەم چەشنە پەیوەندیگەلێکی زۆر نزیک لە نێوان تیۆری ئۆتۆرێتی ئەخلاقی دۆرکهایم و شیکردنەوەی ئەو لە سیستەمی سیاسی مۆدێرندا بوونی هەیە.

دۆرکهایم بیریهێنایەوە، کە چەمکی «سیاسەت» ئەو چەمکەیە کە لەگەڵ پەیدابوونی فۆرمی نوێی کۆمەڵگە هاتوەتە کایەوە، چونکە ئەم چەمکە جیاکاریەک لە نێوان حاکم و محکوم دادەنێت، کە لە جۆرە سەرەتایترەکانی کۆمەڵگە بوونی نەبوو. وێرای ئەوەش، «کۆمەڵگەی سیاسی» نابێت بە گوێرەی هەبوونی ئۆتۆرێتی هەمیشەییەوە لە گروپبەندیەکدا پێناسە بکەین: بۆنموونە، خێزان کۆمەڵگەی سیاسی نییە، هەر چەندەش کە دەشێت تاکێک، یاخود گروپێک، وەک پیاوسالار، یاخود شورای ریش سپییان، هەڵگری ئۆتۆرێتی بێت. وەبیرهێنان و باسکردنی پێوەری زیادکراو زەرورییە، بەڵام نابێت ئەم

پێوەرە لە ئەدگارەکانی سنورێکی جێگیری زەوی لێی بگەڕێین. بە پێچەوانەی ڤیبەرەوە، دۆرکهایم ئەم پێوەرە بە گرنگ نازانێت و پێیوابوو، کە پێویستە ئەوە لە رێژەی ئاڵۆزی دەزگای کۆمەڵایەتی ببینرێت: کۆمەڵگەی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە دابەشکردنی ئۆتۆرێتی تێیدا بە روونی ئەنجامدراوە و لەهەمانکاتدا، لە چەندین گروپی خزمایەتی یان گروپی دووەمی(41) گەورەتر پێکهاتووە. کۆمەڵگەی سیاسی هەڵگری دەوڵەت نییە: دەوڵەت لە دەستەواژەناسی (42) دۆرکهایم، بە گروپی بەرێوەبردنی یان پلەوپایەیی دەوترێت، کە وەزیفەی حکومەتی بە فەرمی پێ سپێردراوە. «63»

هاوشێوەی تیۆری دابەشکردنی کار، پێشکەوتنی کۆمەڵگە لە رووی جیاکاری ناوەکی روو لە زیادبوون، بووە هۆی رزگاربوونی پلە بەپلەی فیکر و کاری تاکەکەسی لە شوێنکەوتن و پاشکۆیەتی کۆویژدان. لە دیدی یەکەمدا، وەها دەرکەوت کە ئەمەش دەبێتە هۆی پارادۆکس، چونکە ئەگەر گەشەسەندنی دابەشکردنی کار لەگەڵ بڵاوبوونەوەی ئۆتۆنۆمی تاک هاوشان لەگەڵی بڵاو و فراوان بێتەوە. لە راستیدا ئەمە پارادۆکس نییە، چونکە دەوڵەت لە کۆمەڵگەی مۆدێرن، هاوشێوەی ئەو دامەزراوەیەیە، کە سەروکاری لەگەڵ هەق وتــنی مافە تاکەکەسییەکاندا هەیە. دۆرکهایم لە کتێبی دابەشکردنی کاردا، بەو چەشنەی کە هاوبەندییەکی راستەوخۆ لە نێوان پێشکەوتنی جیاکاری کۆمەڵایەتی و پەیدابوونی و پەرەسەندنی دەوڵەتدا دەبینرێت، پەیوەندییەکی راستەوخۆش لە نێوان گەشەسەندنی دابەشکردنی کار و کەمبوونەوەی گرێنتی جێبەجێکردنی سزایی دانراوە:

هاوشێوە لە نێوان تاکەکان دەبێتە هۆی پەیدابوونی ئەو رێسا حقوقیانەی، کە لەگەڵ هەڕەشەکردنی هەنگاوە سەرکوتگەرایانەکانی بیروڕاکان و شێوەکانی کارێکی یەکسان بەسەر هەمووانەوە زاڵدەکەن ... دابەشکردنی کار ئەو رێسا حقوقییە دەهێنێتە کایەوە، کە چییەتی و پەیوەندییەکانی وەزیفەی

دابەشکراوەکان دیاریدەکەن، بەڵام کەموکوڕییان تەنها دەبێتە هۆی دەرکەوتنی هەنگاوە هەڵگیراوەکان، بێ هیچ چەشنە ئەدگارێک قەرەبوو دەکرێتەوە«64» دۆرکهایم پاشان پەی بەوە برد، کە «جۆرەکانی کۆمەڵگە نابێت لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی دەوڵەت بە هەڵە وەک یەک وەربگرین»، «65» هەروەها ئەوەی کە دەسەڵاتی سزایی دەزگای دەوڵەتی دەشێ، تا رادەیەک سەربەخۆ لە ئاستی پێشکەوتنی کار ئاوەژوو بکاتەوە. دۆرکهایم لە کتێبی دوو یاسای سزایی(43) «66» کە ئـەوەی لەسەرەتای ئەم سەدەیە (واتـە سەدەی بیستەم.و.ک) نوسی، شیکردنەوەیەکی سیستەماتیک و بنجبڕی لە چەمکە نادیارەکانی ئەم روانگەیە خستەڕوو. گرێنتی جێبەجێکردنی سزایی، کە لە کۆمەڵگە جیاوازەکاندا بوونیان هەیە، دەتوانین لە دوو رەهەندی تاڕادەیەک سەربەخۆ خانە بەندی بکەین: رەهەندی «چەندی» و رەهەندی «چۆنی». یەکەم ئاماژە بە سزا دەکات بۆ لادان لە نۆرم، یان یاسا و دووەم ئاماژە بە چۆنیەتی سزا دەکات (وەک مەرگ لە بەرامبەر زیندان). توندی و بەهێزی گرێنتیە جێبەجێکردنەکان لەگەڵ ئاستی پێشکەوتنی دابەشکردنی کار، هەورەها بە جێگیرکردنی دەسەڵاتی ساسی ئاوەژوو دەکاتەوە. بەم چەشنە دەتوانرێ «یاسایەکی گۆڕانی چەندی» بهێنرێتەکایەوە کە دەڵێ: «هەر چەندە کۆمەڵگە کەمتر پێشبکەوێت، توندی و بەهێزی سزا تێیدا زیاترە و دەسەڵات سانتەری خەسڵەتێکی ستەمکارنەتری هەیە.»«67»

بە دیدی دۆرکهایم، پەیوەندیەکی ناوەکی لە نێوان جێگیربوونی هەموو ئەرکەکانی رێبەری کۆمەڵگە لە دەست یەک کەس و رێژەی ئەو رەهاییەی، کە حکومەت بەکاریدەهێنێت، بوونی هەیە. بە ڕای سپنسەر ئەوەی بوون، یاخود لایەنەکانی دیکەی رەهاگەرایی دیاریدەکات رێژەی وەزیفەی دەوڵەت نییە، بەڵکو ئەمەیە کە سەرچاوەکانی دیکەی دەسەڵاتی دامەزراوەیی تا چ رادەیەک دەتوانرێت هاوشێوەی هێزێکی یەکسانکەر لە بەرامبەر هێزی

دەوڵـەت کار بکەن.«68» دۆرکهایم ئەو دەرئەنجامەی لەم هاوکێشەوە وەرگرت، یەکێک لە پایە سەرەکییەکانی راڤەی خۆی لە چییەتی حکومەتی دیموکراتیکەوە لەسەر بونیاد نا: ئەوەی کە بڵاوبوونەوەی کاریگەری سەرۆکی دەوڵەت، کە تایبەتمەندی «سروشتی» کۆمەڵگەی هاوچەرخە، بۆ خودی خۆی، نابێتە هۆی گەشەسەندنی رەهاگەرایی دەوڵەت، کەواتە ناتوانین بڵێین لەو بوارانەی دەوڵەت پانتایی کاری سنورداری هەیە، مومکین نییە خەسڵەتێکی ستەمکارانەی هەبێت: لە راستیدا زۆرجار بەم چەشنەیە. ئەمەش رێژەی رەهاگەرایی دەسەڵاتی دەوڵەت نییە، کە پانتایی چالاکییەکانیەتی و ڕاستەوخۆ لەگەڵ دابەشکردنی کار دەگۆڕێت:

چونکە رادەی پێشکەوتنی دەزگای رێکخەری پێشکەوتنی ژیانی جەمعی، بەشێوەیەکی گشتی پێچەوانە دەکاتەوە. بەو چەشنەی کە رەهەندەکانی سیستەمی دەمـاری تاک، هاوشێوەی بایەخی پەیوەندییە ئورگانیەکان دەگۆڕدرێت. بەم پێیە وەزیفەی سەرۆکی کۆمەڵگە، تەنها ئەو کاتە سەرەتاییە کە وەزیفە کۆمەڵایەتییەکانی دیکەیش هەڵگری هەمان چییەت بن. لەم رووەوە، پەیوەندی ئەم دووانە ناگوڕدرێت ... هیچ شتێکی سادەتر لە حکومەت کردن لە سەر وڵاتە سەرەتاییە دیاری کراوەکان نییە، هیچ شتێکی رەهاتر لەوەش نییە.«69»

بـەم پێیە لەگەڵ پێشکەوتنی کۆمەڵگە بـەرەو ئـاڵـوزی روولـەزیـاد، کەمکردنەوەیەک لە خەسڵەتی سەرکوتگەرانەی سزا نایەتەکایەوە: ئەگەر وابێت، بەو چەشنەی کە بە زیادبوونی رەهاگەرایی دەوڵـەت لەوانەیە بکرێت، کاریگەری بەرفراوانی دابەشکردنی کار لەناودەچێت. پەیوەندی نێوان پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و سیاسی پەیوەندیەکی ئاڵوزە.

«یاسای گۆڕانی چەندی» تەنها ئاماژە بەخێرایی گەرەنتی جێبەجێکردنە هوشیارەکان دەکات. ئەم یاسایە بە «یاسای گۆڕانی چۆنی» کە سەبارەت

بەچۆنیەتی سزادان بوو، کاملکرا: بەگوێرەی ئەم یاسایە، پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئاستی پێشکەوتنی کۆمەڵگە و سوودوەرگرتن لەبێ بەشبوون لە ئازادی بۆ سزادان بوونی هەیە. زیندانیکردن بە خاتری کارە خراپکارەکان لە کۆمەڵگە سەرەتاییەکان، تا ڕادەیەک نەناسراو بوو، تەنها لەنێو نەتەوەکانی ئەوروپای ڕۆژئاوادا (لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەم بەدواوە) بە وێنەی جۆرێکی سەرەکی سزادان دەرکەوت. وەرچەرخانێکی وەها بەم شێوەیەی خوارەوە ڕوودەدات: زیندانیکردن لە سیستەمی سزایی کۆمەڵگە کەم پەرەسەندووەکان بوونی نەبوو، چونکە بەرپرسیارێتی جەمعی بوو: ئەو کاتەی کە تاوانێک ڕوویدەدا، داوای پێ بژاردنی جێ سەرەنجی هەموو گروپەکە بوو، نەک یەک تاک، بەڵام پەرەسەندنی فۆرمە ئاڵوزەکانی کۆمەڵگە و دەرکەوتنی ڕوولەزیادی یەکانگیری ئۆرگانێکی پشت ئەستور بە وابەستەیی دوو لایەنەی هاوکارانە لە دابەشکردنی کار، بەرپرسیارێتی حاڵەتێکی فەردی پەیداکرد و چەمکی سزای تاک لە ڕێی زیندانیکردنەوە دەرکەوت.

گرنگترین خاڵی ئەم لێکدانەوەیە ئەمەبوو، کە هەم ڕوانگەی سەرەکی کتێبی دابەشکردنی کاری دەپاراست، هەم ڕاستەوخۆ لە کۆمەڵگەدا ڕووبەڕووی پرسی پێشتر لەبەرچاونەگیراوی دەسەڵاتی سیاسی دەبـۆوە، بەتایبەت پرسی دەسەڵاتی سزایی. لە کتێبی دابەشکردنی کاردا جەخت لەسەر ئەم بابەتە کراوەتەوە، کە جەبری کۆویژدان لە ڕێی گەشەساندنی یەکانگیری ئۆرگانێک، هێدی هێدی بە سوودی نەزمی هاوکارانە ڕەشدەبێتەوە: مەیلی «سروشتی» ئاڵۆزی تێکەڵاوی کۆمەڵگە بووە هۆکاری کەمکردنەوەی گەرەنتی جێبەجێکردنی سزایی و «بەتاکەکەس کردن» سزایی لە ڕێگای زیندانیکردن، بەڵام ناتوانرێت چییەتی دەسەڵاتی سیاسی لە فۆرمێکی دیاریکراو لە کۆمەڵگەدا، بە ئەنجامی گۆڕانکارییەکانی ژێرخان دابنرێت. کتێبی دوو یاسای پەرەسەندنی سزایی بەتەواوی ڕوونیدەکاتەوە، کە دۆرکهایم لەگەڵ هەبوونی

سووربوون لەسەر ئەمەی کە «پیرۆزی» هێشتا لە کۆمەڵگەی هاوچەرخ مسداقیەتی هەیە، لە کەمکردنەوەی روونکردنەوەی نێوان مەزهەبی نەریتی و خەسڵەتی ئەخلاقی نەزمی مۆدێرن بەدووربووە، چونکە ئەوەی بووە هۆی دەسەڵاتی سانگینی سزادانە سەرکەوتگەراکان لەفۆرمگەلێکی کەم پەرەسەندووی کۆمەڵگە ئەم واقیعەتە بوو، کە تاوان وەک تێپەڕاندنی مافی گشت و بەم جۆرە، هاوشێوەی لادانی مەزهەبی لێکدەدرایەوە: ئەم تاوانە بە زیانی بەها تەوژمدارە جەمعیەکان و «بونەوەرە باڵاکان» بوو، و «هەمان ئەو کارەی، کە کاتێک پەیوەستدەبێت بە تاکێکی وەک یەک و هاوپێگە، بە سادەیی بە ناپەسند دێتە هەژماردن، ئەو کاتەی کە پەیوەستدەبێت بە تاکێکی باڵاتر لەئێمە دەبێتە کوفرئامێز، دڕندەیی کارێکی وەها دەوروژێنێت تەنها بە سەرکوتکردنی بەزەبر و بەهێز لاواز و کز دەبێت، دەوڵەتی ستەمکار ئەم چۆنیەتییە «ئاینییە» بە کاردەبات و بەم شێوەیە، سوودوەرگرتن لە دەسەڵاتی سزایی دەخاتەڕوو: دژایەتیکردن لەگەڵ دەوڵەت وەک ئیهانەکردن بە پیرۆزییەکان دادەنرێت و لەم رووەوە، پێویستە بە توندوتیژی سەرکوت بکرێت.»«70»

ئەگەر بونیادی سیاسی کۆمەڵگە، لانی کەم بە شێوەیەکی سادە، ئاستێکی ئاڵوزی دابەشکردنی کاری «دیاری نەدەکرد» پێگەی کۆماریخوازیی دیموکراتیک لە نەزمی کۆمەڵایەتی نوێ دەبووە کێشە. چ هەلومەرجێک بە دیهێنەری نەزمی سیاسی دیموکراتیک توانادار دەکات؟ وەڵامی دۆرکهایم بۆ ئەم پرسیارە پەیوەندییەکی شیاو و گونجاوی بە شێوەی رووبەڕوونەوەی ئەو لەگەڵ رۆڵی ئەنجومەنە پیشەییەکان لە دابەشکردنی کار دەهێنێتەکایەوە. رەهاگەرایی دەوڵەت پەیوەندی هەبوو بە رێژەی پەرەسەندنی ئەو گروپبەندیە دووەمینەی، کە رۆڵێکی نێوەنجی لە نێوان دەوڵەت و تاکدا دەگێڕن: لە کۆمەڵگەی مۆدێرن، ئەمە گروپبەندی ئەنجومەنە پیشەییەکان بوون. دۆرکهایم

ئەرگۆمێنتی دەکرد کە خێزان، لەم رووەوە بایەخی خۆی هێدی هێدی لە دەستدەدات و ناچارە شوێنی خۆی بە ئەنجومەنە ناوندەییەکان، یاخود ئەنجومەنە پیشەییەکان بدات. ئەو تیۆری نەریتی دیموکراسییەت، کە وەک ئەوەی جەماوەری خەڵک لەحکومەتدا بەشداری هەیە رەتدەکردەوە. ئەو ئەم رەوشەی تەنها لەکۆمەڵگەیەک بەتوانادار دەزانی، کە بەپێی پێناسەی خۆی، کۆمەڵگەیەکی سیاسی نەبێ. ئاوا تێگەیشتنێک لە دیموکراسییەت قبوڵکراو نەبوو:

بەم جۆرە نابێت بڵێین، کە دیموکراسییەت فۆرمێکی سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەیە، کە فەرمانڕەوایی لەسەر دەکات و تێیدا حکومەت لەسەرانسەری قەڵمڕەوی نەتەوە بڵاوبۆتەوە و پێناسەیەکی وەها، بۆخودی خۆی، پێکدژ و پارادۆکسە. تا رادەیەک وەک ئەمەیە، کە بڵێین دیموکراسییەت کۆمەڵگەیەکی سیاسی بێت دەوڵەتە. لە راستیدا دەوڵەت ئەگەر ئۆرگانێکی جیاواز لە تەواوی کۆمەڵگە نەبێت، هیچە. ئەگەر دەوڵەت لە هەموو شوێنێک بێت، کەواتە لە هیچ شوێنێک نییە. دەوڵـەت لە ئاکامی پرۆسەیەک لە جێگیرکردن دێتەکایەوە، کە گروپێکی دیاریکراو لە تاکەکان لە جەماوەرێکی جەمعی جیادەکاتەوە... ئەگەر بڕیار بێت هەمووان فەرمانڕەوایی بکەن، لە راستیدا حکومەت و فەرمانڕەوایەتییەک نایەتەکایەوە... ئەگەر بمانەوێت ناوی دیموکراسییەت بۆ کۆمەڵگە سیاسییەکان بپارێزین، ئەم ناوە نابێت لەمەڕ ئەو خێڵانە بەکاربهێنرێت، کە شێوەیەکی دیاریکراویان نییە، تا هەنوکە بانگەشەی دەوڵەتبوونیان نەبووە و کۆمەڵگەی سیاسیشیان نەبووە.«71»

بـەم پێناسەیە پێویستە حکومەت بە دەسـت کەمینەیەک لە تاکەکان کۆنترۆڵبکرێت. بەم پێیە، «دیموکراسییەت» دەبوایە لکاو بێ بە پەیوەندی نێوان دەزگای سیاسی لێجیاواز، یان دەوڵەت و بونیادەکانی دیکەی کۆمەڵگە: بە تایبەت بە گوێرەی رای دۆرکهایم، بۆئەوەی کە کاریگەری دوو لایەنی

پەیوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگە تا چ رادەیەکە. ئەگەر هاووڵاتیان بەردەوام لە چالاکییەکانی دەوڵەت ئاگادار بن و دەوڵەت، بە نۆبەی خۆی، لە هەست و ویستەکانی بەشە جیاوازەکانی کۆمەڵگە ئاگاداربێت، ئەوا نەزمێکی دیموکراتیک دێنەکایەوە. بەم چەشنە بەرقەراری سیستمی دیموکراتیک پاپەندی بەرقەراری یەکسانی نێوان دوو رەوتی دژ بوو: لە لایەک، ئەو رەوتەی کە تێیدا دەوڵەت راستەوخۆ «ئیرادەی گشتی» پێچەوانە دەکاتەوە، لە لایەکی دیکە، ئەو رەوتەی کە تێیدا دەوڵەتێکی ستەمکار، کە «خۆی گەمارۆ داوە»، لە خەڵک جیابۆوە. هەر یەک لەم هەلومەرجانە، عادەتەن، دەبووە رێگری گۆڕانی کۆمەڵایەتی. بەو چەشنەی کە پێشوتر ئاماژەی پێکرا، بواری یەکەم، لە دیدی دۆرکهایم، ئەو هەلومەرجەی دەهێنایەکایەوە، کە تێیدا تەنها ئەگەری دەرکەوتنی گۆڕانی رواڵەتی بوونی هەبوو. لە بواری دووەمدا دەشێت وابێتە بەرچاو، کە دەسەڵاتی سیاسی دەوڵەت دەبێتە هۆی بەدیهاتنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی رادیکاڵ، بەڵام لە راستیدا، بەم جۆرە نییە: ئەم چەشنە دەوڵەتانە «لە راستیدا، لە بەرامبەر تاک لە دەسەڵاتی پەتی سوودمەندن و ئەمەیە مانای دەستەواژەی «رەها»، کە لەبارەیانەوە بەکاردەهێنرێت، بەڵام لە بەرامبەر هەلومەرجی کۆمەڵایەتی و بونیادی کۆمەڵگە، تا رادەیەک بێ دەسەڵاتن.»«72» وێرای ئەم دۆخەش، لە نەزمی دیموکراتیکدا، دەشێت خێرایی گۆڕان زیاد بێت، چونکە ئیرادەی ژیانی کۆمەڵایەتی خەسڵەتێکی «ئاگایانەتر» و یەکالآیانەتر پەیدادەکات. حکومەتی دیموکراتیک ئەم ئەگەرە دێنێتەکایەوە، کە زۆرێک لە لایەنەکانی دەزگای کۆمەڵایەتی کە پێشوتر لە ژێر دەسەڵاتی باو، یان عادەتدا بێ بەند و بار بوونی هەبوو، لەوانەیە لە پێشانگای دەستتێوەردانێکی کاریگەری دەوڵەتدا سەقامگیربێت. لە نەزمی دیموکراتیدا، دەوڵەت ئەو هەستانەی، کە بە شێوەیەکی پەرشوبڵاو لە نێو دانیشتووان بوونی هەیە بەیان ناکات، بەڵکو زۆرجار سەرچاوەی بیرە تازەکانە: دەوڵەت

هەم ڕێبەری کۆمەڵگە دەکات، هەم لەگەڵ ئەوەشدا ڕێبەرایەتی دەکرێت. بەم جۆرە، فراوانبوونی چالاکییەکانی دەوڵەت، کە لە ڕێگەیەوە دەوڵەت لە زۆرێک لە قەڵەمڕەوەکانی کۆمەڵگە پێشووتر لە یەکلابوونی باو، یان نەریتدا بوو (وەک جێبەجێکردنی دادپەروەری، ژیانی ئابووری، زانست یان هونەر) نفوزی دەکرد، نابێتە هۆی دەسەڵاتی ستەمکارانەی دەوڵەت لەسەر کۆمەڵگە. بە پێچەوانەوە ئەم دیاردەیە کارلێکی کاریگەری نێوان «ئاگایی حکومەت» و بیروڕا و هەستی جەماوەر تواناداری دەکات. بەم جۆرە دیموکراسییەت دوو تایبەتمەندی سەرەکی هەیە: هەبوونی پەیوەندی نزیک و دوولایەنەی حاکم و مەحکوم و بڵاوبوونەوەی زوولەزیادی پەیوەندییەکان و پەیوەستییەکانی دەوڵەت لەگەڵ بەشەکانی دیکەی کۆمەڵگە، بەڵام هەبوونی ئەم تایبەتمەندیانە بەم مانایە نییە، کە دەوڵەت لەگەڵ کۆمەڵگە یەک شتە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئەوان پێشمەرجی پێویست بۆ هەبوونی دەزگای سیاسی لێکجیاوازن: ئەمە ئەو شتە بوو، کە کۆمەڵگە لەوەی «بکرێتە قوربانی پرۆسەی ئاسایی نەریتی» ڕزگاردەکات.«73» ئەنجومەنە پیشەییەکان لە هەردوو لایەنەوە ڕۆڵی ژیانیان هەبوو: لەبەر ئەوەیە، کە ئەوان نێوانگیریی نێوان دەوڵەت و کۆمەڵگەبوون، لە ڕێگا سەرەکییەکانی گواستنەوەی چالاکییە جۆربەجۆرەکان دادەنرێت بۆ بڵاوبوونەوەی دەوڵەت لە تەواوی کۆمەڵگەدا و بەم هۆیە، پەیوەندی دەڵەت و ئاستە کەم پەرەسەندووەکانی کۆمەڵگە ئاساندەکەنەوە. بەم چەشنە ئەنجومەنە پیشەییەکان زیاد لە هەمووان، بۆ پێشگرتن لە لاوازکردنی دیموکراسییەت بایەخییان هەیە (دەرکەوتنی دەوڵەتە ستامکارییە لێکجیاکراوەکان لە خەڵک، یاخود «ڕاکێشانی» دەوڵەت لە کۆمەڵگە). داواکاری ئەمەشە سەرچاوەی لەوەوە گرتبوو، کە ئەنجومەنە پیشەییەکان دەست لە پرۆسەی هەڵبژاردنی نێوان دەنگدەران و حکومەت وەردەدەن: «هەبوونی ئەم گروپە دووەمیانە بۆ ئەوەی، کە دەوڵەت ستەم لە تاک نەکات زەروری و پێویستە: هەبوونی

ئەو گروپانە بۆ ئەوەی، کە دەوڵەت بە رادەیەکی تەواو لە تاک ئازاد بێت پێویستە... ئەوان دوو هێز و تەوژمی رووبەرووی یەکتر ئازاد بکەن، لە هەمانکاتدا پێکەوەشیان دەبەستنەوە.«74» لەم شیکردنەوەیدا، تیۆرێکی بۆرۆکراسییەت شاردراوەتەوە. ئەگەری پەیدابوونی دەوڵەتی بۆرۆکراتیک، کە تێیدا پلەوپایەی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتی واقیعییان لەدەستدایە (لە ئاکامدا لە رێی دوورکەوتنەوە لە پرۆسەی نۆرماڵی بۆرۆکراتیک، بە شێوەیەکی کاریگەر کۆمەک بە پاراستنی رەوشی هەیی دەگەیەنێت) لەو بوارانەی، کە دەوڵەت لاواز بوو، زیاد دەبێت. لە دەوڵەتی رەهاگەرا مومکین بوو سوود لە پلەوپایەی بەڕێوەبردنی وەربگیرێت، وەک ئامرازی دەسەڵاتێکی فەرمانڕەوا، یاخود وەک دەسەڵاتێکی ئۆلیگارشی، بەڵام لە شوێنێکی وەک فەرەنسا، کە دەوڵەت مەیلی بۆ «سەرەنجراکێشبوون» هەبوو، رەوشی «دیموکراسییەت»ی رواڵەتی دەسەڵاتی بۆرۆکراتیکی دەشاردەوە. لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان، کە بەڕێوەبردنی رێورەسمەکان و بیروباوەڕی نەریتی تاڕادەیەک لە ناوچوو بوو، رێگا گەلێکی زۆر بۆ نیشاندانی روحی رەخنەیی بوونی هەبوو و گۆڕانی عەقیدە و دۆخەکە لە نێو جەماوەری خەڵک زۆر دەهاتە بەرچاو. لەو بوارانەی کە حکومەت ئەم هەلومەرجەی «پێچەوانە دەکردەوە» هەڵبەزودابەزی بەردەوام لە کایەی سیاسی دەهاتەکایەوە و بە هۆی ئەم کەمبونەوەی رابەری چالاک، دەسەڵات بە پلەوپایە کارگێڕییەکان دەسپێردرێت: «تەنها ئامێری بەڕێوەبردنی سەلماندنی خۆی پاراستووە و لەگەڵ هەمان نەزمی خۆبەخۆی درێژە بە چالاکییەکان دەدات.»«75»

بەم چەشنە بە دیدی دۆرکهایم کۆمەڵگەی دیموکراتیک، کۆمەڵگەیەک بوو «ئاگادار و خۆهوشیار». لە بەراورد بە ئۆرگانیزم، بەو چەشنەی کە دۆرکهایم چەندەهاجار دەیوت، دەتوانین بڵێین، کە دەوڵەت «کاکڵە» بوو «واتە سەنتەرێکی ئاگادار و رێنمویکەر، کە لە رێی ئۆرگانە ناوەندەکانەوە، لە سیستمی دەماری

ئاڵۆزی کۆمەڵگەیەکی لێکجیاواز کاری دەکرد. بەم جۆرە نەزمی دیموکراتیک هەمان ئەو باڵایی و بەرزییە ڕێژەییەی هەبوو بەرامبەر بە کۆمەڵگەکانی دیکە، کە بوونەوەرێکی خۆئاگا بەرامبەر بەو ئاژەڵەی، کە ڕەفتارەکەی ڕەنگدانەوەیی نییە یاخود غەریزییە. دۆرکهایم بە مانایی «زانینێت» لە بەرامبەر بە مانای «چالاک»ی دەوڵەت بە توندی پێداگری لەسەر دەکردەوە. دەوڵەت ئامانجە ئەخلاقییەکان و هەستە بەرجەستەکراوەکان لە کۆویژدانی پەرشوبڵاو بە ڕوونی بەیاندەکرد و بەرەو پێشەوەی دەبرد.«76» ئەم بابەتە بۆ دەرککردنی چەمکی ئۆتۆرێتی ئەخلاقی دۆرکهایم، بەو چەشنەی کە لە کۆمەڵگە مۆدێرنەکان بوونی هەبوو، پر بایەخە. دەوڵەت لە چوارچێوەی سیستمی سیاسی، فاکتەری سەرەکی جێبەجێکردنی بەهاکانی تاکگەرایی ئەخلاقی بوو، لە ڕاستیدا، فۆرمێکی ئەو دامەزراوانە بوو، کە دەبوونە ئەڵتەرناتیڤی کڵێسا لە کۆمەڵگە نەریتییەکان، بەڵام لێکچوونی لەگەڵ پێشکەوتنی دەوڵەت بەرەو ستەمکاری ئۆتۆرێتی ئەخلاقی ئەو ئۆتۆرێتییەی، کە تایبەتمەندی جۆرە بەراییەکانی کۆمەڵگە بوو، هەبوو... «تاک بێ فیزانە تەسلیمی فشارەکانی ئەوە بوو، بێ هەستکردن بە قوربانیبوونی چارەنوسی خۆی دەکردە پاشکۆی چارەنوسی جەمعی.»«77» ڕۆڵی تایبەتی دەوڵەتی دیموکراتیک ئەمە نەبوو، کە تاک بکرێتە پاشکۆی خۆی، بەڵکو ئەمە بوو، کە توانای خۆشکۆفەیی ئەو فەراهەمبکات. ئەمە ئەو شتە نەبوو، کە بە پێچەوانەی تیۆرەکانی سوودگەراکان و سۆشیالیستەکان، ئەو کاتە ڕوودەدات کە چالاکییەکانی دەوڵەت لە ئاستی کەمینەدا بخرێتە بەر چاو. خۆشکۆفەیی تاک تەنها لە ڕێی ئەندامبوونی ئەو لەو کۆمەڵگەیە بەدینایەت، کە تێیدا دەوڵەت مافە بەرجەستەکراوەکان لە تاکگەرایی ئەخلاقی دابیندەکات و بەرەو پێشەوەی دەبات.

بەڵگەنەویستە کە دۆرکهایم، دیسپیلین بەواتایی کۆنترۆڵی خودخوازی، بە تایبەتمەندی سەرەکی هەر چەشنە ئۆتۆرێتییەکی ئەخلاقی دەزانێت،

بەڵام هاوشێوەی لێکدانەوەی دۆرکهایم، ئەو روانگەیەی کە دیسپلین بەشێوەیەکی خودی بە سنوردارێنییە خۆشکۆفەییە مرۆییەکان بە یەکسان دادەنێت، نادروستبوو. هەموو فۆرمە دروستبووەکانی ژیان، (هەم فۆرمە بایەلۆجیەکان و هەم فۆرمە کۆمەڵایەتییەکان) پرەنسیپە رێکخراوە پێناسەکراوەکان کۆنترۆڵدەکات. بە گوێرەی ئەم واقیعەتە، بوونی هەر چەشنە کۆمەڵگەیەک پابەندە بە رێکخستنی رەفتار وەک رێسا ئەخلاقییەکان، بێگومان ئۆتورێتی ئەخلاقی تایبەتمەندی فۆرمە نەریتیەکانی کۆمەڵگە، یان دەوڵەتە ستەمکارەکان لەخۆیدا سەرکوتگەرانەیە و هەرچەشنە ئەگەرێکی خۆشکۆفەیی بۆتاک رەتدەکاتەوە، بەڵام رێکخستنی ئەخلاقی کۆمەڵگە و دەوڵەتی مۆدێرن، مەرجی خۆشکۆفەیی تاک و ئازادیی ئەوە. بەم جۆرە تیۆری ئۆتۆرێتی ئەخلاقی دۆرکهایم، بەوچەشنەی کە زۆرجار وێنادەکرێت، بەهیچ شێوەیەک ئاراستەکەری لۆژیکی ئۆتورێتیگەرایی نییە. ئەو گوزارشتە نادروستەی کە لە چەمکی ئۆتورێتی ئەخلاقی دۆرکهایم شێوەی گرتووە، لە بێ توانایی لە چرکەساتی کردنی توخمی مێژوویی لە لێکدانەوە و ئەم گریمانەیەوە سەرچاوەدەگرێت، کە لێکچونێکی زۆر لەنێوان هەڵوێستی دۆرکهایم و روانگەی هۆبز، سەبارەت بە پەیوەندی نێوان تاک و کۆمەڵگە لە نەزمی مۆدێرندا بوونی هەیە. هاوشێوەی ئەم روانگەیە، تیۆری ئۆتۆرێتی ئەخلاقی دۆرکهایم بەگوێرەی ئەو گریمانەیە جێگیرە، کە تاک «بە شێوەیەکی سروشتی» بوونەوەرێکی سەرکێشە. بەم جۆرە، بۆیە پێوستە کۆمەڵگە ئەو سنودار و بەرەڵا بکات، بەڵام لە راستیدا دۆرکهایم رێک لەم بوارەوە رەخنەی لە هۆبز گرتووە. هەڵەی هۆبز ئەمە بوو، کە بە روونکردنەوەی «باری سروشتی» و لە ئاکامی گریمانەی ئەمەی کە «دابران لە بەردەوامی نێوان تاک و کۆمەڵگە» بوونی هەیە، لە دەرەوەی مێژوودا قەراری گرتووە: ئەمەش بووە هۆی پەیدابوونی ئەم تێگەیشتنەی کە «بەم جۆرە، مرۆڤ، بەشێوەیەکی

سروشتی، بەرامبەر بە ژیانی هاوبەش سەرکێشە، تەنها ئەو کاتە دەتوانێت ناوەڕۆکی پێبدات، کە ناچاربکرێت.» « 78» لە تیۆری دۆرکهایمدا، تەنانەت کاتیگۆری خودخوازی چییەتێکی مێژوویی هەبوو. خودخوازی وابەستەیە بە ویستەکان و هەستە بایەلۆگیەکان یان «پێش کۆمەلایەتییەکان» ئۆرگانیزمی فەردیی، بەڵام سەرپۆش لەسەر ئەم ویستە ئۆرگانیکانە لەگەڵ پاڵنەرگەلی دیکە دادەنرێت. دۆرکهایم بەردەوام پێداگریی دەکرد، کە خودخوازی و تاکگەرایی ئەخلاقی لە سەرچاوە پێکدژەکانەوە سەرچاوە دەگرن. یەکێک لە تکاکانی ئۆرگانیزم و چالاکییە جەمعیەکانی گروپێکی دیکە، کەواتە هەمیشە لە دژایەتیدابوون لەگەڵ یەکدی. وێرای هەبوونی ئەمەش، گەشەساندنی تاکگەرایی ئەخلاقی بووە هۆی فراوانبوونی پانتایی مەیلە خودخوازییەکان. بەم هۆیە بوو کە لە کۆمەڵگەی مۆدێرن خودخوازی و ئەنۆمی پەیوەندییەکی نزیکیان لەگەڵ یەکدا هەیە، ئەمەش دەرخەری پێشکەوتن بوو لە چەشنی پاڵنەرەکان و هەستیاری تاکەکەسەکان لە ئاکامی پرۆسەیەکی دوور و درێژیی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی. خودخوازی و ئەنۆمی بەشێوەیەکی «دیاریکراو» لەڕووی بایەلۆجییەوە پەیوەندییەکی نزیکیان نەبوو: دڕندەیی گریمانەکراو لە «باری سروشتی» پێش کۆمەڵایەتی بوونەوەرێکی خودخواز بوو، بەڵام ئەنۆمی، وەک ویستەکانی وابەستە بوو بە سنورداریەتێکی بایەلۆجی دیاریکراو رێک بەو چەشنەی، کە لەمەڕ منداڵێک دەبینرێت.

بەم جۆرە، بە بڕوای دۆرکهایم «خود خوازیمان» تا رادەیەکی زۆر بەرهەمی کۆمەڵگەیە. تاکگەرایی ئەخلاقی لە خۆگریی ئەو بەهاییانە بوو، کە پێداگری لەسەر پێگە و بەهای تاک بەشێوەیەکی ئەبستراکت دەکردەوە، تاکەکان ئەوەیان لەمەڕ خۆشیان و ئەوانی تریش بەکاردەبرد و لەم رووەوە، بەرامبەر بە هەست و ویستەکانی ئەوانی تریش و خۆیان هەستیارتر دەبوون «غەمەکانیان، وەک غەمەکانی خۆمانە تەحەمول ناکرێت. بەم

جۆره، دڵسۆزیمان بۆیان تەنها لە درێژەی ئەوەی لەمەڕ خۆمان هەستی پێدەکەین، نییە، بەڵکو هەردووکیان بەرهۆی یەک هۆن و حاڵەتێکی ئەخلاقی ئەوانەی هێناوەتە کایەوە.»«79» ئەو پرسە تایبەتانەی، کە لە سەقامگیریی ئۆتۆرێتی ئەخلاقی لە سەردەمی مۆدێرن دەریدەخەن لە رووبەڕووبوونەوەی خودخوازی و تاکگەرایی ئەخلاقی سەرچاوەدەگرێت. لەم واقیعەتەی کە «بەشێوەیەکی نەگونجاو ئەو سەردەمە دەهێنێنەکایەوە، کە تێیدا مرۆڤ ناچاردەکات لە بەرامبەر خۆی بەرگرییکات، ئەو سەردەمەی کەتێیدا ئەو بتوانێت ژیانێکی ئاسانترو بێ کێشمەکێشمەتری هەبێت»، ئەوەی کە «تەواوی شاهیدەکانی نیشانەیە لەسەر ئەمە، کە لەگەڵ گەشەسەندنی شارستانیەت دەبێت چاوەڕوانی زیادبوونی ململانێی نێوان دوو بوونەوەری ناو خۆمان بین» «80» ئەمانە پرسەگەلی روونکراوەی کۆمەڵگەیەکی فرەگەرا بوو. کە تێیدا ستەمکاری ئۆتۆرێتی ئەخلاقی چەشنە نەریتییەکانی نەزمی کۆمەڵایەتی لەناوچووبوو. ئۆتورێتی ئەخلاقی تایبەتی کۆمەڵگە نەریتییەکان، کە لەسەر هەژاری تاکگەرایی و دیسپیلینی سەرکەوتگەرایان بونیاد نرابوو لە کۆمەڵگەی مۆدێرنی لێکجیاواز بەشێوەیەکی نەشیاو و نەگونجاو دەردەکەوت.

### هەڵسانگاندنی رەخنەیی هــزری سیاسی دۆرکهایم

لەم لێکدانەوەیەدا من جەخت لەسەر رۆڵی سەرەکی هــزری سیاسی دۆرکهایم لەکۆمەڵناسییەکەیدا دەکەمەوە. هەر هەوڵدانێک بۆ هەڵسانگاندنی رەخنەیی بیروباوەڕە سیاسییەکەی دۆرکهایم دەبێت لە چوارچێوەی هەڵسانگاندێکی گشتگیری نوسینەکانی ئەو لە زەمینەی کۆمەڵناسی و فەلسەفەی کۆمەڵایەتی قەراربکرێت. راڤەی «ئۆرسەدۆکس»ـی دۆرکهایم بە ئاسانی ئەو لە پێشانگای رەخنەییە بەڕواڵەت بڕواپێکەرەکان دادەنێت، وەک ئەوەی کە ئەو پێداگری لەسەر بایەخی بەیەکەوەبەستراویی، یان هاوکاری لە کۆمەڵگە کردۆتەوە

و ناکۆکی و ململانێ، تا رادەیـەک لەبەرچاو نەگیراوە، یان ئەوەی کە ئەو نەیتوانیوە تیۆرەیەک سەبارەت بە دامەزراوەکان بهێنێتەکایەوە، چونکە سەرنجی خۆی لە هەمووان زیاتر لەسەر پەیوەندی کۆمەڵگە و تاک جێگیر کردووە و ستراکتۆرە نێوەنجیەکانی لەبەرچاونەگرتوە، لەبەرئەوەی ئەو هیچ ئاراستەیەکی بۆ رۆڵی دەسەڵاتی سیاسی نەبووە، چونکە لە رادەبەدەر وابەستە بووە بە چییەتی ئایدیالە ئەخلاقییەکان، لەبەرئەوەی «ئەو بەو چەشنەی کە پێویستە چەمکی نۆێگەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەرک نەکردووە، چونکە سیستەمی کۆمەڵایەتی و یەکسانی زیهنی ئەوی لەپێشدا سەرقاڵ کردبوو»«81» هەریەک لەم تۆمەتانە توخمێک لە هەقیقەت لەخۆدەگرێت، بەڵام ناتوانرێت هیچ یەکەیان بەتەواوی پاڵپشتی بکردرێت، ئەو کەسانەی کە پێیانوایە بەرهەمەکانی دۆرکهایم لەبنەڕەتدا «رەوتێکی کۆنزەرڤاتیزمانەی بۆ پاراستنی رەوشی هەیی.»«82» هەیە بەشێوەیەکی حەتمی مەیلیان بۆ دەرخستنی وێناکردنێکی گومڕاکەر لە روانگەی دۆرکهایم، سەبارەت بە هەر یەک لەم رەهەندانە هەیە.

دۆرکهایم هەم لە رووی خوو رەوشتی سیاسی و هەم لە رووی بیروباوەڕی کۆمەڵناسی، دژ بە بیرکردنەوەی شورشگێڕی بوو. گۆڕانی پلە بە پلە، نەک شۆڕش چوارچێوەی چەمکی گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئەو پێکدەهێنێت: ئەو جەختی لەوکردەوە، کە گۆڕانی سەرەکی تەنها لە رێی خەزنکردنی پرۆسە درێژمەوداکانی گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی روودەدات. بێدەنگبوونی ئەو لەوەی کە ئەو پرۆسەیەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی بنچینەیی دەهێنێتەکایەوە لە ململانێی چینایەتی درێژەی پێبدات، ئەوە دۆرکهایمی لە مارکسیزم و لە هەر چەشنە چالاکگەرایەکی شۆڕشگێری دیکە جیاکردۆتەوە، بەڵام ئەمە بەو مانایە نییە، کە ئەو دیاردەی ململانێی کۆمەڵایەتی، یان ململانێی چینایەتی لە بەرچاونەگرتووە، یان هەوڵیداوە بە رەتکردنەوەی واقیعەتی ئارەزووەکانی

خەڵکی هەژار و ئەوانە لەگەڵ روانگەی تیۆری خۆی بگونجێنێت. پێداگری دووبارە و هەمیشەیی ئەو لەسەرئەوەی کە «پرسی کۆمەڵایەتی»، واتە پرسی ململانێی چینایەتی بە هۆی ناجێگیری ویستە مرۆییەکان، ناتوانرێت لە رێگەی هەنگاوە ئابوورییەکانەوە چارەسەر بکرێت، پێویستە لە بەرامبەر جەختنکردنەوەی توندی ئەو لەسەر گۆڕانی سەرەکی لە نەزمی ئابووری لە بەرچاوبگیرێت، کە پێویستە بە کامڵکردنی بەدامەزراوەیکردنی ئاکگەرایی ئەخلاقی ئەنجامبدرێت. ئەو واقیعیەتەی کە هۆکاری سەرەکی پەیدابوونی ململانێی چینایەتی پێکدەهێنێت، رەوتێکی نوێ بوو بۆ خۆشکۆفەیی و یەکسانی دەرفەتەکان بۆ تاکەکانی توێژی خوارتری کومەڵایەتی - ئابووری: ئەمە واقیعەتێکی رەتنەکراوە بوو و دواجار، پابەندی رەتکردنەوەی هەموو رێگریە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکانی «یەکسانی دەرەکی»، «هەموو شتێک بوو، کە تەنانەت بەشێوەی ناڕاستەوخۆ دەبێتە رێگری ئاشکرابونی ئازادانەی تەوژمی کۆمەڵایەتی، کە هەر یەک لە خۆیدا هەیەتی.»«83» دۆرکهایم، وەک مارکس، پێکهاتنی ئەو کۆمەڵگەیەی پێشبینیدەکرد، کە تێیدا ململانێی چینایەتی دەرناکەوێت و توخمی زۆرەملێ لە دابەشکردنی کار رەشدەبێتەوە، بەڵام ئەم پرۆژەیە بە هیچ شێوەیەک دۆرکهایمی لە بایەخدان بە ململانێ نەبوارد. لە راستیدا پێچەوانەی ئەمە راسترە: ئەوەی کە خاڵی دەستپێکردنی کۆمەڵناسی ئەو هەوڵدان بوو بۆ لێکدانەوەی سەرچاوەکانی ململانێی روون و بەرچاوی بڵاوبونەوەی پیشەگەرایی.

گۆڕانی قوڵی دەزگای دامەزراوەیی شێوە نەرینییەکانی کۆمەڵگە تەواوکەری زەروری گواستنەوە بوو لە یەکانگیری میکانیکی بۆ یەکانگیری ئۆرگانیکی، پەیوەندی نێوان دەوڵـەت و جۆرەکان بۆ بەرقەراری نەزمی مۆدێرنی کۆمەڵایەتی بەڕاستەقینە دێنەبەرچاو. دۆرکهایم دەکرێت لەم زەمینانەدا پرسی دەسەڵاتی سیاسی تاوتۆێبکات. ناتوانین بانگەشە بکەین، کە ئەو چییەت و

سەرچاوەکانی دەسەڵاتی سیاسی بە شێوەیەکی رەزامەندبەخش تاوتوێکردووە، بەڵام پرسە نیشاندراوەکانی دەسەڵاتی سیاسیشی لەبەرچاونەگرتوە. سەرئەنجام بەو چەشنەی، کە چەندەها جار جەختمان لەسەر کردۆتەوە، ئەم وێناکردنەی کە «ئەو، بەو چەشنەی، کە پێویستە چەمکی نوێگەری کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی دەرک نەکردووە» ناڕاستە و دەرککردنی بەرهەمەکانی ئەو بێت، دانانیان لە چوارچێوەی روونکردنەوەی پەرەساندنی کۆمەڵایەتی بەرباسکراو لە کتێبی دابەشکردنی کار (کە بنچینەی هەموو نوسینە سەرەکیەکانی ئەو پێکدەهێنێت) مەیسەر نییە. دۆرکهایم لە یەکێک لە یەکەمین نوسینەکانی، کە نامەیەک بوو سەبارەت بە مۆنتیسکۆ، هەڵوێستی خۆی لەم بوارەدا سەلماند. ئەو پیشانیدا کە مۆنسنیکۆ: «ناتوانێت تێبگات هەموو کۆمەڵگەیەک فاکتەرگەلی پێکدژی لەخۆدا هەڵگرتووە، بەم هۆیەی کە پلە بە پلە لە فۆرمێک لە رابـردوو دەرکەوتووە، بەرەو فۆرمی ئایندەکەی دەکەوێتە جوڵان.»«84»

دۆرکهایم چەندەها جار وتویەتی، کە سۆسیۆلۆژیا دەبێت لە قۆناغێکدا، ئاڕاستەی خۆی بەکاربخات: ئەو سۆسیۆلۆژیایەی، کە هیچ پەیوەندییەکی بە پرسە پراکتیکییەکانەوە نەبووبێت، دەبێتە هەوڵدانێکی بێسوود. یەکێک لە ئەرکە سەرەکیەکانی سۆسیۆلۆژیا ئەوەیە، کە رەوتی رواڵەتی تازە دەرکەوتووی گۆڕان، کە کۆمەڵگە لە زەمەنێکی دیاریکراودا ئەزموونی دەکات، دیاربکات و پێشانیبدات، کە کام لەرەوتەکانی «پێویستە» مۆدێلێکی تازە دەرکەوتووی ئایندە لەبەرچاوبگرن. ئەو دەکرێت، کە ئەم وابەستەیەی نێوان «هەیە» و «دەبێ» بەگوێرەی جیاوازی نێوان دیاردە «سروشتی» و «پاسیۆلۆژیانەی» کە بە گوێرەی پێودانگی سەلامەت بە نەخۆشیەک لە ئۆرگانیزمدا وێناکرابوو، بەدەستبهێنێت. ئەو تیۆرەی کە لە کتێبی دابەشکردنی کاردا خراوەتەڕوو، بە گوێرەی ئەم تێگەیشتنە جێگیر بوو: لەم بەرهەمەدا، دۆرکهایم دەیویست پیشانیبدات، کە

ئایدیالەکانی ئاکگەرایی ئەخلاقی لەگەڵ «ویسنە کۆمەڵایەتیەکان» ی سەرچاوە گرتوو لە گەشەسەندنی یەکانگیری میکانیکی تەبای هەیە و ئەم ئایدیالانە بۆ کۆمەڵگەی مۆدێرن «سروشت» ین و بەم پێیە، دەبێت پارێزگاری و هان بدرێن. هیچ یەک لە بابەتەکانی دۆرکهایم زیاتر لە چەمکی سروشتیبوون و پاسیۆلۆژی بەشێوەیەکی گشتی رەتنەکراونەتەوە و مافەکەشی هەر ئەمە بووە: تەنانەت ئەگەر دیاریکردنی ئەمەی، کە نۆرمێکی ئەخلاقی دیاریکراو تۆخمێکی «زەرووری» لە وەزیفەی کۆمەڵگەیەکی تایبەتدا هەیە، یان نا «بەشێوەیەکی زانستی» شایەنی قبوڵبێت. ناتوانین بڵێین، کە شتێکی وەها بۆ خودی خۆی «داواکراوە». پرسەکانی ئەمانە نابێت بە هیچ شێوەیەک لەگەڵ بەستنەوەی بە پێوەرە تەندروست و نەخۆشەکانەوە لە بایەلۆژی چارەسەربکەین: لەم روەوە، پزیشکی ئەو تەکنۆلۆژیایە کە دەبێت لە جێبەجێکردنی بەها دیاریکراوەکان بەکاربربرێت. وێرای ئەمەش، (یان رەنگە بەم هۆیە بێت) ئەم واقیعییەتەی کە چەمکی سروشتیبوون بەشێکی زەڕووری و پێویستی کاری دۆرکهایم بوو، ئەو هەرگیز هەڵوێستی خۆی لەم رووەوە روونەکردەوە. لە سیستەمی روونترین و بەرچاوترین خانەبەندی ئەم بنچەیە، لە کتێبی رێسای مێتۆدی سۆسیۆلۆژیا، ئەو دەکرێت پێوەرگەلێکی زانستی بۆ سەلماندنی ئایدیا لە ئەخلاقییەکان بهێنێتەکایەوە، ئەم رایەی رەتکردەوە کە «زانست ناتوانێت شتێک دەربارەی ئەوەی، کە ئێمە چیمان دەوێت بهێنێتەیاد.»«85»، بەڵام دواتر لە وەڵامدانەوەی رەخنەگرەکانی ئەم تیۆرانە، بە رواڵەت چینبەندی پیشوتری خۆی خستە دواوە و ئەوەی هێنایەوەیاد، کە ئەخلاق و کۆمەڵناسی لەگەڵ دوو «کایەی جیاواز» سەروکاریان هەیە و بانگەشەی کرد، کە «ئێمە دەمانەوێ زانستی ئەخلاق، کە شیاوترە لە تێرامانە تیۆریە زانراوەکان بە دەستەواژەی ئەخلاقی تیۆری، لە پێشتر بێ لەسەر ستراکتۆرەکانی ئەخلاق.» «86»

ئاڵۆزی دۆرکهایم سەبارەت بەم بابەتە لە بێ توانایی ئەو لە ڕووبەڕووبونەوەی ئاشکرای لەگەڵ پەیوەندی لێکدانەوەی کۆمەڵناسی و دەستێوەردانی سیاسی، بە سودی دەستەبەرکردنی گۆڕانی کۆمەڵایەتی پراکتیکی رەنگیداوەتەوە. بە گوتەی مارکس، ئەمەش پاپەندی دەرککردنی چەمکی دیالێکتیکە سەبارەت بە خەسڵەتی زانین، وەک ئامرازێ بۆ ناسینی جیهان و لە هەمانکاتدا، شێوەیەک بۆ گۆڕانییەتی. دەرئەنجامی لۆژیکی ئەمەش، جەختکردنەوەیە لەسەر ڕۆڵی سیاسی کۆمەڵناسی. دۆرکهایم ئەیویست کۆمەڵناسی بە پرسە پراکتیکیەکانەوە ببەستێتەوە، بەڵام لەلایەک، دەکارێ چەمکی خەسڵەتی «بێلایەنانە»ـی لێکدانەوەی کۆمەڵناسی وەک «زانستی سروشتی کۆمەڵگە» ڕوونبکاتەوە. بێگومان، تایبەتمەندیە کەسییەکانی ئەو و بچوککردنەوەی سیاسەتە حزبییەکانیش ئەمەشی بەهێزدەکردەوە و ئەم هەڵویستە لەسەر دورەپەرێزی گشتی ئەو لە سیاسەتدا بە تەندروست لە قەڵەمدەدرا. ئاکامەکەی ئەمە بوو کە لە پراکتیکدا، پەیوەندی کۆمەڵناسی بە دەسنگەیشتن بە گۆڕانی کۆمەڵایەتی واقعی ئەوەندە ئاڵۆز مایەوە. دۆرکهایم دەکارێ بە جەختکردنەوە لەسەر خەسڵەتی «بەشەکی» زانستی کۆمەڵناسی لەم گرفتە هەڵبێ: و ئەمە واتە جەختکردنەوە لەسەر ئەوەی کە کۆمەڵناسی پێش بخا و ئەمەش کارێکی زۆر زەحمەتە، چونکە دەبێ لەگەڵ پێوەرە وردەکانی بەهاداری زانستی هاودەنگ بێت. لەبەرئەوەیە کە بەرزکردنەوەی ویستەکانی ژیان لە زەمینەی کۆمەڵایەتی و سیاسەتی ڕۆژانە پابەندی وەرگرتنی بڕیارەکان و سیاسەتە خێرایەکان بوو. واتاداری مەعریفەی «زانستی» کۆمەڵناس سنوردارییگەلێکی ئاشکرای هەبوو، بەڵام نووسینەکانی دۆرکهایم، کە زۆرجار بە گشتیترین بابەتەکانی دەزگای کۆمەڵایەتی و گۆڕانی کۆمەڵایەتی سەرقاڵ دەبێ، ئەم چەشنە کۆپیکردنانە لەخۆبوردانەیە بە ناڕاست دەردەکەوت. بەو چەشنەی کە لێکدانەوەی ئەبستراکتری ڕۆڵی «چارەسەری» کۆمەڵناسی لە دیاریکردنی

ئەمەی، کە لە قۆناغە دیاریکراوەکانی کاملْبونی کۆمەڵگە چ شتێک «سروشتی» و چ شتێکی «پاسیۆلۆژی»ـە بەم جۆرەی دەکرد.

لە نوسینەکانی دۆرکهایمدا ئەم ناکۆکیە لە نێوان تیۆریە و پراکتیکدا لە رەوتێکی پابەند بە گۆڕان لەڕووی هەڵهێنجانی شیکاری بە بەیانکردنی ئارەزوومەندانەدا دیارە. باسەکانی دۆرکهایم سەبارەت بە واقیعەتی هەیی زۆرجار وێنەیەکی لەوەی کە ئەو چاوەڕوانی لێ هەیە لە ئایندەدا ڕوودەدات، دەخاتەڕوو (لەژێر کاریگەری هەڵومەرجی «سروشتی» وەزیفەی کۆمەڵگە یان دەزگای کۆمەڵایەتی). بەم جۆرە، پێویستە پەرەساندن و بەهێزکردنی ئەنجومەنی یەکێتیەکان دەربکەوێت، چونکە وەزیفەی «سروشتی» دابەشکردنی کار بەو چەشنە دەخوازێ. ئەم لێکدانەوەیە بەگوێرەی سەلماندنی ئەزمونی ئەوەی کە رەوتێکی دیاریکراو لە ڕووی دەرکەوتنی ئەم چەشنە یکێتی و ئەنجومەنانە بوونی هەیە جێگیر نەبوو: ئەمەش لە هەوڵدان بۆ پراکتیکردنی ئەم بۆچونە سەرچاوە دەگرێ کە ئەوەی لە ڕووی وەزیفیەوە زەروریە، پێوەری ئەوەی کە داواکراوە فەراهەمدەکات. لەم بوارەدا، مەبەست ئەمەیە کە «لە دەستدانی هەر چەشنە دامەزراوەیەکی ئەنجومەنی بۆشاییەک دروستدەکات». کە ناتوانین بایەخەکانی لەبەرچاو نەگرین» «وەک هەموو ئەو هەوڵانەی دۆرکهایم بۆ دیاریکردنی «ئەنۆمی»»، ئەم هەوڵدانەش ناچارە بەرەو گێژەنی ئیلۆلۆژی رای دەکێشێ: دەرد و نەخۆشی totius substantæ سەرچاوەگرتوو لە دابەشکردنی کاری ئەنۆمیکی، دەرمانی پەرەساندنی ئەنجومەنەکان وادەخوازێ.«87»

کەموکوڕی و هەوراز و نشێوییەکانی نوسینەکانی دۆرکهایم لەم ڕووەوە، بێگومان بە ناساغی لە ڕووبەڕووبوونەوەی تێگەیشتنی ئەو لکاوە بە دەوڵەت و دەسەڵاتی و سیاسی. ناتوانین بڵێین کە ئەو مەسەلەی دەسەڵات، یان، بەشێوەیەکی تایبەت، ڕۆڵی هێزی لە کۆمەڵگەدا لەبەرچاو نەگرتووە، بەڵام

ئاشکرایە کە لە پێش ئەوەی  لێکدانەوەیەکی سیستەماتیکی سەبارەت بە دەوڵەت و سیاسەت هێنابێتە کایەوە، چوارچێوەی سەرەکی تێفکرینی خۆی لە کتێبی دابەشکردنی کاردا گەڵاڵە کرد. تیۆری دواتـری ئەو سەبارەت بە «سەربەخۆیی» بەشێکی دەسەڵاتی دەوڵەت گۆڕانێکی  سنورداری لە تیۆری دابەشکردنی کاردا هێنایە کایەوە. بەم چەشنە ئەو بە شێوەیەکی شیاوتر پەرژایە سەر تاوتوێکردنی  هەبوونی دەسەڵاتی سزایی، بەڵام نەیتوانی بابەتێکی گرنگ تاوتوێبکات: لەبەرئەوەیە چ هەلومەرجێک دەبێتە هۆی پەیدابونی دەوڵەتی زۆردارەکی و ستەمکار؟ ئەو لێکدانەوانەی کە لە کتێبەکانی لێکچەرەکانی  کۆمەڵناسی(44) و دوویاسای کامڵبوونی سزایی دەیانخاتە ڕوو ئەم بابەتەی ڕوون نەکردوەتەوە. دۆرکهایم هیچ کات هەوڵی نەداوە پیشانی بدات، کە چ شتێک  دەرخەری ڕێژەی توانای دەوڵەتە لە «جوداکردنەوەی خۆی» لە کۆمەڵگەدا. ئەو بەردەوام جەختی لەسەر ئەم خاڵە دەکردەوە کەهەر فۆرمێکی دەوڵەت (لاواز یان بەهێز) ریشەی لە کۆمەڵگەی مەدەنیدا هەیە و خۆی لێ تێردەکات، بەڵام نەیتوانیوە بەتێروتەسەلی چییەتی ئەم پەیوەندیانە راڤە بکات. لەم ڕووەوە لە نوسینەکانی دۆرکهایم دا لێکۆڵینەوە و تاوتێکردنێکی سیستەماتیک لەبارەی سیستمی  رەوایەتی  لە سیاسەتدا بوونی نییە.«88» بە شێوەیەکی نادیار، گریمان کراوە کە دەسەڵاتی سیاسی دەرئەنجامی دەستباڵای ئەخلاقی لە پێش دیاریکراویی دەوڵەتە: هەر چەند بنچینەیی ئەخلاقی دەوڵـەت بەرزتر یان «ئاینی» تر بێ، دەسەڵاتەکەی رەهاترە، بەڵام ئەم تێگەیشتنە هیچ ئامرازێ بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ گرژی رەوایەتی و دەسەڵات (کە لە هەموو سیستەمە سیاسیەکاندا  بایەخێکی سەرەکی هەیە) بەدەستەوە نادات. بە وتەیەکی دیکە، دەسەڵات و هێز زۆر جار ئامرازێکن کە توێژە دەستباڵاکان بەم بەهایانە دەهێنێتە کایەوە.

لەم روەوە بێگومان  دۆرکهایم لە زیندانی ئەو سەرچاوە رۆشنبیریانەی،

که هــزری ئێیاندا نقوم بووبوو، مابوونەوە. ئێگەیشتنی ئەو لەچەمکی دەوڵەت نیشانەی ئاشکرای ئەمەیە. ئەو لە هەوڵدان بۆ دابڕان لە شێوەی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆنت لەگەڵ پرسی دەوڵەت لەم شێوەیەدا سودی وەردەگــرت، بەڵام خانەبەندی ئێگەیشتنی خودی وی لە بنەڕەتدا لەم بوارەدا هاوشێوە بوو بە ئێگەیشتنی کۆنت. دەوڵەت هاوشێوەی «ئۆرگانی هــزری کۆمەڵایەتی» وەک «خود»ـی کــۆویژدان پێناسە کرا. دۆرکهایم ئەم ئێگەیشتنەی کە دەوڵەت فاکتەری جێبەجێکردنە ڕەتکردەوە. ئەرکی سەرەکی دەوڵەت ئەمەیە کە ئۆرگانێکی تایبەت بێ، کە بەرپرسیارێتیەکەی ڕێکخستنی وێناکردنە زیهنیە دیاریکراوەکانە، کە بۆ هەمووان شیاوە، «واتای هەقیقی» دەوڵەت نە کردەی دەرەکی و نە پەیدابوونی هیچ گۆڕانێکە، بەڵکو ئێرامان و بیرکردنەوە و هـــزرە.«89» بەڵگەنەویستە کە شێوەی ڕووبەڕووبونەوەی ئەو لەگەڵ دیموکراسییەت پەیوەندییەکی نزیکی بەم چەمکسازیەوە هەیە. ئەو لە شیکاری ڕۆڵی ئەنجومەنە پیشەییەکان ئەوانی وەکو ڕێکخراوێک لەبەرچاوەدەگرت، کە دەسەڵاتی دەوڵــەت «یەکسان دەکەن»، بەڵام ئەم بۆچوونەی کە توخمی سەرەکی و زەروری حکومەتی دیموکراتی، دابەشکردنی دەسەڵاتە، لەدیدی ئەو پراکتیکی نەبوو. ئەو چەمکی کلاسیکی «دیموکراسییەتی ڕاستەوخۆ» و ئەو شتەی کە پاشان ناونرا بە «ئیۆری نوخبەگەرایی دیموکراتیک» ڕەتدەکردەوە، لە هەر کۆمەڵگەیەکی پێگەیشتوودا دەبێ کەمینەکان فەرمانڕەوایەتی بکەن و جیاوازی نییە کە ئەم کەمینەیە چۆن بە دەسەڵات گەیشتوونە: چالاکییە ئەرستۆکراتەکان زۆرجار ئەشێ هاودەنگییەکی نزیکتری لەگەڵ ئیرادەیی خەڵکدا هەبێ، تاوەکو چالاکیەکانی گروپی نوخبەی هەڵبژێردراو. ئەو جیاوازییە ڕژێمیەی تێیدا «کەمینەی فەرمانڕەوا یەکجار تا ئەبەد سەربەخۆ دەکات» لەگەڵ ئەو ڕژێمەی کە تێیدا «کەمینەیەک ئەمڕۆ لەسەر کارە لەوانەیە سبەینێ

شکست بخوات و گروپێکی دیکە جێی بگرێتەوە» ناچیز و نەشیاوە.«90»
بەم پێیەدیموکراسییەت بۆ دۆرکهایم دەگۆردرێت بۆ کاریگەری دولایەنەی هەست و سۆزەکان و بیروڕای نێوان حکومەت و جەماوەر، باسەکەی ئەو سەبارەت بە حکومەتی دیوکراتی لەخۆگری دیراسەی بەربڵاوی وەزیفەی پارتە سیاسییەکان یان پەرلەمان ، یان مافی ڕای گشتی نیە و لەڕاستیدا، ئەو ئەم تێبینیانە بە بێبابەخ دادەنێ.
لاوازیـە زانستیەکانی ئەم ڕوانگەیە  لە هیچ شوێنێک ڕوونتر لە باسی دۆرکهایم سەبارەت بە دەوڵەتی ئەڵمانی لە (Allemagneau–dessusdetout) ـدا نییە. بەو چەشنەی کە وتمان، قورسایی ڕوانگەی تیۆری دۆرکهایم بیرکردنەوەی ئەو بەرەو بەیانکردنی ناهەماهەنگی سەرەکی نێوان ئایدیالە نەتەوەییەکانی نیشتیمانپەرستی(patriotism)، و گەشەساندنی کۆمەڵگەی نەتەوەیی - گشتگیری ئەوروپایی لە جیهانی مۆدێرن  ڕێنمونیدەکات.
وەڵامی ئەو بۆ زیادبوونی میلیتاریزمی ئەڵمانیا ( وەک ئەم بابەتە لەدەرەوەی پێشبینییەکانی سەرچاوەگرتوو لەڕوانگەی ئەو بوو) ئەمە بوو کە ئەوەی بە دیاردەیەکی «پاسیۆلۆژی» لەبەرچاودەگرت ئەو ئەم «زیانناسی» ناهاوسانگی ئەخلاقی، سەرچاوەگرتوو لە گەورەبینی بەرزەفڕانەی نەتەوەیی پێناسە کرد، بەو چەشنەی کە لە نووسینە ئایدۆلۆژیایەکانی ترایچکە دیاربوو. وێرای ئەوەش، دەرئەنجامی لێکدانەوەی دۆرکهایم لە ژێر کاریگەری جەختکردنەوەی نائاسایی ترایچکەیە لەسەباڵادەستی دەوڵـەت، لەبەرچاوگرتنی خودی دەسەڵات تەنها لە لایەنی ئەخلاقییەوە. لە ڕاستیدا میلیتاریزمی ئەڵمانیا تەنها ئەتوانرێ بە گوێرەی تایبەتمەندییەکانی بونیادی دەوڵەتی ئەڵمانیا لە سەدەی نۆزدەهەم راڤە بکردرێ. (ئەو رۆڵە بەرجەستەی کە هێزی رژێمی پرۆس لە دەستەبەرکردنی یەکێتی سیاسی ئەم وڵاتە گێرای و درێژەی دەسەڵاتی نوخبە زەویدارەکان لە حکومەتدا). ئەم تایبەتمەندیانە، بەو چەشنەی کە

ماکس ڤیبەر، بە باشی ئەوەی دەرککردبوو، ئەڵمانیایی گۆڕی بە دەوڵەتێکی دەسەڵاتدار و هەڵبەتە، رێکەوت نییە کە چەمکسازی ڤیبەر سەبارەت بە دەوڵەت (کە هەر چەشنە ئەگەرێکی پێناسەکردنێکی دەوڵەت بە گوێرەی ئەخلاق رەتکردەوە) رێک لایەنگەلێکی باڵاتری پێ دەدات کە دۆرکهایم بایەخەکەیان بە کەم دادەنێت: واتە بانگەشەی سەرکەوتووئامێزی مۆنۆپۆلی بەکارهێنانی ڕەوای هێز و هەبوونی سنورگەلی سەرزەمینێکی جێگیر «91» بەپێچەوانەی ڤیبەر، بێگومان دۆرکهایم پەیڕەوکاری نەریتەکانی هــزری کۆمەڵایەتی سەدەی نۆزدەهەم بوو، کە دەوڵەت بە پاشکۆی کۆمەڵگە دەزانن. ئەو لە کاتێکدا کەچەمکی «دیلێتی پلەبەپلەی» دەوڵەتی رەتدەکردەوە و لەباتی ئەوە داواکار بوو کە فراوانبوونی پانتایی بەرپرسیاریەتیەکانی دەوڵەت لە کۆمەڵگەی مۆدێرن حەتمیە، پێیوا بوو کە جوڵەی «ژێرخان» لە لێکدانەوەی گۆڕانی کۆمەڵایەتی  بایەخێکی زۆری هەیە. هەڵبەتە «ژێرخان» لێرەدا ئاماژە بە دابەشکردنی کار دەکات. لە هەڵسانگاندنی  تیۆری  دابەشکردنی کاری دۆرکهایم لە پەیوەست بە سۆسیولۆژیای سیاسی ئەو، هەڵسانگاندنی شێوە هاوبەشەکانی بیروباوەری ئەو لەگەڵ سۆشیالیزم «بەو چەشنەی کە وی پێناسەی دەکرد» بایەخێکی زۆری هەیە.

پارسۆنز پێیوابوو کە هاوشێوەی پێناسەکانی خۆی لەم دەستەواژانە، سۆسیۆلۆژیای سیاسی  دۆرکهایم ئەو نزیکتر بە «کۆمۆنیزم» پیشاندەدات تا «سۆشیالیزم»«92» بەڵام بە تەواوی دیارە، کە پێچەوانەکەی ڕاستە. کۆمۆنیزم بۆ دۆرکهایم دەرخەری ئەم ئومێدە هەمیشەییەیە، بەڵام بێهودە بوو کە خودخوازی مرۆڤ مومکینە ریشەکێشبکرێت، ئەم هیوایە هەم نامێژوویی بوو هەم ناپراکتیکی، لە لایەکی دیکەوە بە بڕوای دۆرکهایم، سۆشیالیزم بەیانکەری ئەم ئاگاییە بوو کە گۆڕانکارییەکی سەرەکی لە کۆمەڵگە هاوچەرخەکان ڕوویدابوو و لە حاڵی ڕوودانداببوو و ئەوەی، کە ئەم گۆڕانکاریانە رەوشێکی

قەیراناوی هێنابوەکایەوە کە پێویستی بە رێگاچارەیەکی خێرا هەبوو. ئەم ئاگاییە لەڕوونی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، کە خۆی ڕوونکەرەوەی ئەوە بوو، تێدەپەڕاند، واتە ئەو رەوشەی لە کۆمەڵگە رەنگی دەدایەوە، کە تێیدا پەیوەندیە ئابوورییەکان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی ئاست باڵا بووە. لەم ڕووەوە گریمانەی دەکرد کە دەبێ دەرمانی قەیرانی نوێی ئابووری بێ. کەموکوڕی تیۆرە سۆشیالیستەکان ئەمە بوو، کە لە پەی بردن بەم گرنگیە گۆشەگیر و دوور بوون کە دەبێ چارەسەرکردنی قەیرانەکە لەخۆگری نۆیکردنەوەی دەزگای ئەخلاقی بێ، کە لە ئاکامی ئەوەی دەستباڵای «ئابووری» لەسەر «کۆمەڵایەتی» بە قازانجی کۆمەڵایەتی دەگۆڕێت.«93» بەڵام لەمەڕ ئەمەی کە رێکخستنی بازاری سەرمایەداری زەروریە هەق بەوانەیە. دۆرکهایم ئەگەری نوێبونەوەی دەزگای رژێمی سەرمایەداری لە رێی شۆرشەوە رەتدەکردەوە، بەڵام پێیوابوو کە دەبێ ململانێ لەگەڵ دابەشکردنی کاری زۆرەملێی و پەیوەندی وەبەرهێنانی سەرمایە و کاری کرێگردە بکەین. ئەم کارەش پێویستە بە لەنێو بردنی میراتی دارایی ئەنجام بدرێ:-

هەنوکە میرات، وەک دامـەزراوەیـەک دەبێتە هۆی دەوڵەمەندبوون یا هەژاربوونی لە دایک بوونی مرۆڤەکان، واتە دوو چینی سەرەکی لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە، کە لەگەڵ جۆرەکانی چینە ناوندەکان پەیوەندی بەستووە: یەکێک لەو چینەی کە بۆ زیندوومانەوەی خۆی ناچارە بە هەر نرخێک بووە، کە خزمەتەکانی بۆ چینێکی دیکە قبوڵ بکات، ئەو چینەی دیکە دەتوانێ بێ ئەم خزمەتانە درێژە بە ژیان بدات، چونکە دەتوانێ کەڵک لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکان وەربگرێ ... تا ئەو کاتەی کە ئەم چەشنە جیاوازییە توندە چینایەتیانە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە. سوکنایدەرە کاریگەرەکان ئەشێ نادادپەروەری پەیمانەکان کەم بکەنەوە، لە بنەڕەتدا، سیستەم لە هەلومەرجێکدا کاردەکات، کە تێدا جێبەجێکردنی عەدالەت

شایەنی شیاو نیە.«94»
هەڵوەشانەوەی دارایی بۆ ماوەیی ئەو پرۆسەیە بوو، کە دەوڵەت ئەبوایە لەبارەیەوە هەنگاوهەڵهێنی. دیدی دۆرکهایم لەم بوارەدا بەتەواوی خاڵی لە ئاڵوزی نەبوو، بەڵام ئاوا دەردەکەوت، کە ئەو هەڵوەشانەوەی خاوەندارێتی تایبەتی لەبەر چاو نەگرتبوو، «95» بەڵکو پێیوابوو کە جیاوازیی لە موڵکدارێتی دارایی دەبێ بە گوێرەیی جیاوازی ئەو خزمەتانەی کە تاکەکان بۆ کۆمەڵگەی ئەنجامدەدەن دیاریبکرێ بایەخی وەزیفی لە دابەشکردنی کاردا ئەبوایە لەسەر مافی خاوەندارێتی زاڵ بێ. ئەمە (کارێکی دادپەروەرانە) بوو کە ئەگەر بڕیار بێ ئەخلاقی تاکگەرایی لە کۆمەڵگەیی مۆدێرن فاکتەری رێکخەر بێ، پێوستە ئەنجامبدرێ: پێشکەوتنی تاکگەرایی ئەخلاقی لەگەڵ ئەو نەزمە کۆمەڵایەتییەی، کە تێیدا رەوشی چینایەتی لە کاتی بەدیهاتنی پێگەیی تاک لە بونیادی پیشەیی دیاری دەکرد، ناتەبا بوو. بەم پێیە پەیوەندییە ناوەکیەکانی نێوان رەشکردنەوەی دابەشکردنی کاری «زۆرەملێی» و زاڵبوون بەسەر دابەشکردنی کاری «ئەنۆمی» بوونی هەبوو.
ئەوەی بۆ کەمکردنەوەی ئەنۆمی پێوست بوو زاڵکردنی نەزم نەبوو بەسەر سیستەمی بازاڕی هەیی: ئەمەش تەنها دەبێتە هۆی توندکردنی ململانێیە چینایەتیەکان. «هەبوونی یاساکان بەس نیە، چونکە هەندێ کات یاساکان خۆیان هۆکاری خراپەن» ئەخلاقی یەکانگیری ئۆرگانیک پابەندە بە بەدیهاتنی گۆڕانکاییە سەرەکییەکانی ئابوری کە، رژێمێک دەهێنێتە کایەوە کە تێیدا نەزم و رێکخستنی ئازادانە یان (لەخۆوەی) تاکەکان لە دابەشکردنی کار بوونیان هەیە، بە چەشنێ کە هیچ «رێگرییەکی ئەوانە لە مژوڵکردنی پێگەی کۆمەڵایەتی لەگەڵ تواناکانیان تەبا و هەماهەنگ بوو».«96»

## ئەنجامگیری

خەسڵەتی کۆمەڵناسی دۆرکهایم کۆششێک بوو بۆ لێکدانەوەی دووبارەی بانگەشەکانی لیبرالیزمی سیاسی لە بەرامبەر قەیرانی دوولایەنە: لە لایەک، کۆنزەرڤاتیزمی دژ بە عەقڵگەراییانە و لە لایەکی تر، سۆشیالیزم. هەریەک لەوانە نەریتێکی گرنگ لە بیرکردنەوەی کۆمەڵایەتی فەرەنسا پێکدەهێنن و هەریەکەیان، لە نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەهەم، دەرخەری وەڵامێک بوو بۆ میراتی شۆرشی فەرەنسا. دۆرکهایم توخمگەلێکی لەم دووانە قەرزگرتوە و هەوڵیداوە ئەوانە لە ڕێگای هــزری کۆماریخوازی لیبراڵی ژیانی وەبەردا بکات، کە گۆڕانی بونیادی لە کۆمەڵگەدا بە تەواوی بە دیدەهێنێ، (ئەو گۆڕانەی کە شۆڕشی لە ئەستۆی دابوو، بەڵام بەدی نەهات) بەرزبکاتەوە. ئەوەی سەبارەت بە ژۆرس(45) وتراوە وەسفکردنێکی شیاو و وردە لە ڕوانگەکانی دۆرکهایم: ئامانجی ئەو «نەک نەفیکردن، بەڵکو کامڵکردنی کۆماری بۆرژوازی بوو، واتە فراوانبوونی مافی مرۆڤ لە کایەی سیاسی بۆ کایە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکان.» «97»

## پەراوێزەکان:

1. Talcott parsons, The Structure of Social Action, New York, 1937 (second edition, New York, 1949).

2. Lecons de sociologie, 1950. Translated into English under the totle of Professional Ethics and ivic Morals, London, 1957.

3. Compare the treatment of Marx in Erich Their, 'Etappen der Marxinterpretation, Marxismusstudien, 1954, pp. '–38.

4. See, for example, Morion M. Mitchell, 'Emile Durkheim and the philosophy of nationalism, political Science Quarterly, Vol. 46, 1931, pp. 87106–.

5. Cf. my 'Durkheim as a review critic, Sociological Review, Vol 18, 1970, pp. 18891–.

6. Parsonss usage of this term is somewhat unusual, See The Structure of Social Action (second edition), pp. 609–.

7. Robert A, Nisbet, Emile Durkheim, Englewood Cliffs, N. J. 1965, p. 37. My First parenthesis.

8. See my capitalism and Modern Social Theory Cambridge, 1971, ch. 14.

9. Parsons, The Strucure of Social Action (second edition), p. 307 and passim.

10. E. Durkhiem, The Division of Lobour in Society, Glencoe, III., 1964, p. 228. (I have modified the translation in this and certain other quotations in subsequent parts of the chapter.)

11. E. Durkhiem, Lindividualisme et les intellectuels, Revue bleue, vol. 10, 1898, pp. 713–.

12. هەڵبەتە، من ناخوازم بڵێم، کە سان سیمۆن و کۆنت تەنها کەسانێ بوونە، کە کاریگەرییەکی گرنیگان لەسەر هزرەکانی دۆرکهایم هەبووە. ئەوانی تریش، کە کاریگەرییەکی راستەوخۆیان هەبووە بریتیی بوون لە دونوویە، فۆستێل دوکۆلانژ، و بۆترۆ.

13. Lindividualisme et les intellectuels, p. 7.

14. Ibid., p. 8.

15. Ibid., pp. 11 and 13.

16. Melvin Richer, ':Durkhiems on politics and political theory, in kurt H. Wollf, Emile Durkhiems et al: Essays on sociology and philosophy, London, 1964, pp. 172ff.

17. See, for example, Simon Deploige, Le Conflit de la morale et de la sociologie, paris 1911. Durkhiem reviewed the book in the Annee sociologique, vol, 12, 190912–. For an earlier exchange of Letters between Deplogie and Durkheim, see the revue neoscolastique, vol. 14, 1907, pp. 60621–.

18. See, above all, E. Durkhiem, LEvolution pedagogique en france, paris, 1969 (first published, in two vold. In 1938).

19. Georges Davy, ‘Emile Durkhiem, revue de metaphysicque et de morale. Vol. 26, 1919, p. 189.
20. Marcel Mauss, Introduction to the first edition of socialism and saint–simon, London, 1952, p. 32.
21. E. Durkhiem, Moral Education, Glencoe, III., 1961, p. 137.
22. Cf. K. Marx, ‘The Civil war in France, in Selected Works, Moscow, 1958, vol. 1, p. 542.
23. E. Durkhiem, Review of Antonio Labriolas Essais sur la conception materialiste de Lhistoire, Revue philisophique, vol. 44, 1897, pp. 649 and 651.
24. Ibid., pp. 6489–.
25. سورێل ڕۆڵێکی گرنگی لەم دۆزەدا هەبوو، بۆ هەڵسانگاندنی ئەو لە تیۆرەکانی دۆرکهایم بگەڕیوە بۆ Les theories de M. Durkhim, Le’ Devenir social, vol. 1, 1895, pp. 1 –26 and 148–80.
26. Socialism, p. 283.
27. Ibid., p. 284.
28. «سۆشیالیزم بەو واقیعەتانەی کە هێناویانەتە کایەوە هاوشێوەی ناڵە و ئازارەکانی ئەو پیاوە نەخۆشەیە بۆ ئەو نەخۆشییەی، کە پێیەوە دەناڵێنێ، بەو ویستانەی کە ئەو ئازار دەدەن، بەڵام لەبارەی ئەو پزیشکەی کە وەڵامەکان، یان مەیلەکانی نەخۆشەکەی وەک راستییەکی زانستی پەسانددەکات دەتوانرێ چی بوترێ؟» هەمان سەرچاوەی پێشوو، لا 41.
29. Ibid., p. 285.
30. Ibid., p. 40.

31. هەمان سەرچاوە، لا 90. بۆ باسێکی زێتر لەبارەی هەڵسانگاندنی دۆرکهایم لە تیۆرکانی مارکس، بگەڕیوە بۆ کتێبەکەی من Capitalism and Modern Social Theory, ch. 13.

32. Ibid., pp. 3979–.

33. Ibid., pp. 701–.

34. Ibid., p. 71.

35. E. Durkhiem, 'La science positive de la morale en Allemagne, Revue philosophique, vol. 24, 1887, part 1, p. 38.

36. The Division of Labour, p. 227.

37. «لەو شوێنەی کە یاسای سەپێنەر زۆر پەرەی ساندووە، بۆ هەر پیشەیەک ئاکارێکی پیشەیی هەیە... نەریت و ریتواڵێکی هاوبەش لە گروپێکی لە پاسەوانان، هەیە کە هیچ یەکەیان بێ رووبەرووبونەوە لەگەڵ دەزگاکە ناتوانێ پێشێلیان بکات» هەمان سەرچاوە، لا 227.

38. The Division of Labour, p. 220.

39. Durkhiem, peofessinal Ethics and Civic Morals, pp. 98ff.

40. Ibid., pp 98 and 99.

41. Ibid., pp. 1023–.

42. The Division of Labour, pp. 2802–; also pp. 4056–.

43. , peofessinal Ethics and Civic Morals. P 75.

44. See E. Durkhiem and E. Denis, Qui a voulu la guerre?, paris, 1915, and E. durkhiem, LAllemagne au–dessus de tout, Paris, 1915.

45. LAllemagne au–dessus de tout, p. 7.

46. Ibid., p. 5.

47. Ibid., p . 22.
48. Ibid., p. 7.
49. Ibid., p. 45.
50. See especially Robert Nisbet, ‘Conservatism and sociology, American Journal of sociology, vol. 58, 1952, pp. 16575–, and The Sociological Tradition, London (New York), 1967; and lewis A. Coser, ‘Durkhiems conservatism and its implication for his sociological theory, in Wolff, Emile Durkhiem, pp. 21132–.
51. Coser, ‘Durkhiems conservatism, p. 212.
52. See my Capitalism and modern social theory, passim.
53. E. Durkhiem, ‘Introdution a la morale Revue philosophique, vol. 89, 1920, p. 89.
54. E. durkhiem, Suicide, London, 1952, p. 383.
55. E. durkhiem, Perface to the Anne sociologue, vol, 2, 19878–, in Wolff, Emile Durkhiem, pp. 3523–.
56. H. Stuart Hughes, Consciousness and Society, New York, 1958, p. 285.
57. L Evolution pedagogique en France.
58. Ibid., p. 323.
59. Moral Education, p. 10.
60. E. Durkhiem, Sociology and philosophy, London, 1953, p. 72.
61. ئازادبوون بەم مانایە نیە کە تاک ئەخوازێ هەر کارێ بکات، ئازادبوون بە مانای کۆنترۆڵکردنی خودە. Durkhim, Sociology and philosophy,

.Glencoe, III., 1956, p. 89
62. «له»دوالیزمی سرشوتی مرۆیی و هەلومەرجە کۆمەڵایەتییەکەی Wolff, Emaile Durkheim p. 327.
63. professinal Ethics and Civic Morals, pp. 478–.
64. The Division of Labour, p. 226.
65. E. Durkheim, Montesquieu and Rousseau, Ann Arbor, 1960, p.33.
66. E. Durkhiem, ‘Deux lois de levoution penale, vol. 4, 1899–1900, pp.6595–.
67. Ibid., p. 650.
68. Ibid., pp. 678–.
69. Ibid., p. 69.
70. Ibid., pp. 88 and 93.
71. professinal Ethics and Civic Morals, pp. 823–.
72. Ibid., p. 87.
73. Ibid., p. 89.
74. Ibid., pp. 96 and 106.
75. Ibid., p. 106.
76. Ibid., p. 51.
77. Ibid., p. 56.
78. E. Durkhiem, The Rules of Sociological Method, London, 1964, p. 121.
79. خۆکوشتن: لاپەرە 360. دژواریگەلێکی چارەسەرنەکراوی سەرەکی لە نووسینەکانی دۆرکهایم لەم بوارەدا بوونی هەیە، کە لە بەشی 4 شیکراوەتەوە.

.80 The Dulism of human nature its social conditions p.’ .339

.81 12–Coser, ‘Durkheims conservatism, pp. 211، بگەڕێوە بۆ : پارسۆنز، (دۆرکهایم ) ئارادەیەک بە شێوەیەکی تەواو بایەخی بەوەی کۆنت ناوی لێ دەنێ «ستاتیکی کۆمەڵایەتی» دەداث. The Structuer of social Actyion (second edition), p. 307.

82. Coser, ‘Durkhiems conservatism, [. 212.

83. The Division of labour, p. 337.

84. Montesquieu and Rousseau, p. 59.

85. The Rules of Sociological Method, p. 47.

86. Review of Deploig, p. 327.

87. The Division of labour, p. 29.

88. Cf. ch. 6.

89. professinal Ethics and Civic Morals, pp. 501–.

90. Ibid., p. 78.

91. For bachground material on webers conception of the state, see my politics and sociology in the Thought of max weber, London, 1972.

92. Parsons, The structure of Social Action (second edition), p. 341.

93. بەڵام، بڵاوبونەوەی نووسینە بەراییەکانی مارکس روونیدەکاتەوە، کە ئەم تیۆرەی دۆرکهایم، لانیکەم لە تەباکردنەوەی لەگەڵ تیۆری مارکس، ناراستە. مارکس لە بنەڕەتدا بایەخی بە دەسەڵاتی نامۆکەری پەیوەندییە ئابورییەکان ئەدا لە سیستمی سەرمایەداریدا: ڕێکخستنی بازار لە دیدی مارکس ئامراز

بوو نەک ئامانج، بگەڕێوە بۆ Capitalism and modern social theory, ch, 15.

94. professinal Ethics and Civic Morals, p. 213.

95. به پێچەوانەی سنورداریێتی مافس سوودوەرگرتن به هیچ شێوەیەک هێرشکردنه سەر چەمکی تاکەکەسی خاوەندارێتی نییە، چونکه خاوەندارێتی تاکەکەسی ئەو خاوەندارێتییەیە، که لەگەڵ تاک دەستپێدەکات و کۆتایی پێ دێت. هەمان سەرچاوە لا 17–216ز

96. The Division of Lobour, pp. 374 and 337.

97. Robert Wohl, French Communism in the Making, 1914–1924, Stanfort, 1966, p. 9.

**سەرچاوە:**

1– ئەنتونی گیدنز: سیاست، جامعه شناسی، و نقریه اجتماعی، ترجمه، منوچهر صبوری، نشر نی..

2– Anthony geddns, politics, sociology, and social theory, polity,

## رۆژمێری روداوە گرنگە فەلسەفییەکان

| ساڵ | زانیاری |
|---|---|
| سەدەی شەشەمی پ. ز. | سەرەتای فەلسەفەی رۆژئاوا لەگەڵ تالس ملتی. |
| کۆتایی سەدەی شەش پ.ز. | مردنی فیساگۆرس. |
| 399 پ. ز. | سوقراط لە ئاتن (یۆنان) مەحکوم بە مردن دەکرێت. |
| 387 پ. ز. | ئەفلاتوون «ئەکادیمی» یەکەم زانکۆی جیهانی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 335 پ. ز. | ئەرستۆ (لوکیون) خوێندنگەی رکابەری ئەکادیمی لە ئاتن (یۆنان) دامەزراند. |
| 324 ز | کۆنستانتینی ئیمپراتۆر، پایتەختی ئیمپراتۆریەتی رۆمی لە بیزەنت، دەگوازێتەوە. |
| 400 | ئاگوستینی پیرۆز دانپێدانانەکانی دەنوسێتەوە. فەلسەفە کێش دەکرێتە ناو ئیلاهیاتی مەسیحەوە. |
| 410 | تالانکردنی رۆم بەدەستی (ویزیگوت)ەکان، هەواڵی سەرەتای (سەدەی تاریکی) دەدات. |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| داخستنی ئەکادیمیا لە ئاتن (یۆنان) بە فەرمانی ئیمپراتۆر (یوستی نیان) کۆتایی بە بیری یۆنانی دێنێت. | 529 |
| تۆماس ئاکویناس شیکردنەوەکانی ئەرستۆ دەنەخشێنێت. سەردەمی حیکمەتی وانەبێژی. | ناوەندی سەدەی 13 |
| روخانی بیزەنت بەدەستی تورکەکان و کۆتایی ئیمپراتۆریەتی بیزەنت. | 1453 |
| کۆلۆمبۆس دەگاتە ئەمەریکا. ڕێنیسانس لە فلۆرانس و دوبارە روکردنە زانستی یۆنانی. | 1492 |
| کۆپەر نیک (لەبابی گەڕانی تەنە ئاسمانیەکان) بڵاودەکاتەوە و بەبیرکاری دەیسەلمێنێت زەوی بەدەوری خۆردا دەسوڕێتەوە. | 1543 |
| کڵێسا، گالیلو ناچار دەکات تیۆری ناوەند بوونی خۆر ئینکار بکات. | 1633 |
| دیکارت، (رامان)ی بڵاوکردەوە کەسەرەتای فەلسەفەی نوێیە. | 1641 |
| مردنی (سپینوزا) بڵاوبونەوەی (رەوشتەکان) دەرەخسێنێت. | 1677 |
| نیوتن بەبڵاوکردنەوەی (یاساوڕێسا) تێگەیشتنی کێشکردنی خستەڕوو. | 1687 |
| لۆک، (وتاری لەبابی تێگەیشتنی مرۆڤ) بڵاوکردەوە، سەرەتای ئەزمونگەرایی. | 1689 |
| بێرکلی رەگوریشەی زانستی مرۆڤایەتی بڵاودەکاتەوە و چوارچێوەیەکی نوێ بە ئەزمونگەری دەبەخشێت. | 1710 |
| مردنی لایبنز. | 1716 |

| زانیاری | ساڵ |
| --- | --- |
| هیوم (نامەی لە سروشتی مرۆڤایەتی) بڵاودەکاتەوە و ئەزمونگەری تا سنوری لۆژیک بەرەو پێش دەبات. | 1739 |
| کانت، بەخەبەر هاتوو لە خەو بە یارمەتی (هیوم)، (رەخنەی هزری پاک) بڵاودەکاتەوە. سەردەمی فەلسەفەی گەورەی ئەڵمانی دەستپێدەکات. | 1781 |
| هیگڵ (دیاردەناسی Phenomenology هـزری) بەرزترین فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی بڵاوکردەوە. | 1807 |
| شۆپنهاور (جیهانی وەک ئیرادە و وێنا)ی بـڵاوکـردەوە و فەلسەفەی هیندی لە فەلسەفەی تیۆری ئەڵمانی پێشنیار دەکات. | 1818 |
| کاتێک نیتچە رایگەیاندبوو (خوا مردووە) لە (تۆرین) تووشی نەخۆشی دەروونی دەبێت. | 1889 |
| وینگنشتاین (نامەی لۆژیکی ـ فەلسەفی) بڵاودەکاتەوە کە داواکاری وەڵامی کۆتایی بۆ بابەتە فەلسەفیەکانە. | 1921 |
| بازنەی ڤین پۆزەتیڤیزمی رەهـا پێشنیار دەکـات. 1927 هایدگەر (هەستی و کات)ی بڵاوکردەوە کە هەواڵی لاواز بونی فەلسەفەی شیکاری و ئەوروپی دەگەیەنێت. | دەیەی 1920 |
| سارتەر (بون و نەبون «هەستی و نیستی») بڵاودەکاتەوە کە پەرە بە ئەندێشەی هایدگەر دەدات و ئەگزیستانسیالیزم Existentialism بەرێدەخات. | 1943 |
| بڵاوکردنەوەی دوای مردنی (لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان)ی وینگنشتاین. بەرزترین قۆناغی شیکاری زمان. | 1953 |

## لە بەرهەمە چاپکراوەکانی دەزگای ئایدیا

| | ناوی بەرهەم | نوسەر | وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|---|
| 1 | ئاشنابوون بە ئەفلاتوون | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 2 | ئاشنابوون بە سپینۆزا | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 3 | ئاشنابوون بە کیرگە گۆر | | شۆرش مستەفا | 2014 |
| 4 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 5 | ئاشنابوون بە کارل پۆپەر | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 6 | ئاشنابوون بە ئالان تۆرین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 7 | ئاشنابوون بە سوقرات | | لوقمان رووف | 2014 |
| 8 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | | ڕێباز مستەفا | 2014 |
| 9 | ئاشنابوون بە قەشە ئاگۆستین | | سەرهەنگ عەبدولرەحمان | 2014 |
| 10 | ئاشنابوون بە جان جاك رۆسۆ | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 11 | ئاشنابوون بە دیڤد هیوم | | مستەفا زاهیدی | 2014 |
| 12 | ئاشنابوون بە نیچە | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 13 | ئاشنابوون بە فرۆید | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 14 | ئاشنابوون بە جۆن لۆك | | عەتا جەمالی | 2014 |
| 15 | ئاشنابوون بە لینین | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 16 | ئاشنابوون بە ئەریك فرۆم | | کۆمەڵێك نوسەر | 2014 |
| 17 | ئاشنابوون بە قوتابخانەی فرانکفۆرت | | عوسمان حەمە رەشید | 2014 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 18 | ئاشنابوون بە بزوتنەوەی فیمینیزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 19 | بلیمەتی و شێتی | بازگر | | 2014 |
| 20 | ئاشنابوون بە کریشنا مۆرتی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 21 | ئاشنابوون بە سکیۆلاریزم | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 22 | ئاشنابوون بە سیمۆن دیبۆڤوار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 23 | ئاشنابوون بە ڤێرجینیا وۆلف | لوقمات رووف | | 2014 |
| 24 | ئاشنابوون بە یۆرگن هابرمانس | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 25 | ئاشنابوون بە درێدا | کۆمەڵێك نوسەر | | 2014 |
| 26 | مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان | ماجد خەلیل | | 2013 |
| 27 | کتێبی سور | ماو تسی تۆنگ | فازل حسێن مەلا رەحیم | 2014 |
| 28 | سەیران بۆ سەرێکانی | ستران عەبدوڵڵا | | 2014 |
| 29 | گەندەڵی | | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2014 |
| 30 | یوتۆپیا | کۆمەڵێك نوسەر | پێشەوا فەتاح | 2015 |
| 31 | لە قەندیلەوە بۆ کۆبانێ | ئەنوەر حسێن<br>شۆڕش مستەفا | | 2015 |
| 32 | پریسترۆیکای بەهاری عەرەبی | ئەنوەر حسێن<br>(بازگر) | | 2015 |
| 33 | گەشتە بێ ئاکامەکانی سەرکردەیەك | بریتا بولەر | رێکەوت ئیسماعیل | 2015 |
| 34 | داعش و داعشناسی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 35 | گروپی قەیرانی چارەسەری پرۆسەی ئاشتی نێوان تورکیا و پەکەکە | ماجید خەلیل | | 2015 |
| 36 | گۆڕینی رژێم و شۆڕشەکان ئەو روداوانەی سیستمی سەدەیەکیان سڕییەوە | سەجعان میلاد ئەلقزی | سابیر عەبدوڵلا کەریم | 2015 |
| 37 | ئاشنابوون بە بێرکلی | ئەرسەلان حەسەن | | 2015 |
| 38 | ئاشنابوون بە باشلار | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 39 | ئاشنابوون بە دیکارت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 40 | ئاشنابوون بە هایدگەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 41 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 42 | ئاشنابوون بە جیل دۆلۆز 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 43 | ئاشنابوون بە هانا ئارێنت | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 44 | ئاشنابوون بە هیگڵ | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 45 | ئاشنابوون بە سارتەر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 46 | ئاشنابوون بە نیچە | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 47 | ئاشنابوون بە ڤۆڵتێر | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 48 | ئاشنابوون بە سلاڤۆی ژیژەك | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 49 | ئاشنابوون بە مارکس 1 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 50 | ئاشنابوون بە مارکس 2 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 51 | ئاشنابوون بە مارکس 3 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 52 | ئاشنابوون بە مارکس 4 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 53 | ئاشنابوون بە مارکس 5 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 54 | ئاشنابوون بە مارکس 6 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 55 | ئاشنابوون بە مارکس 7 | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 56 | ئاشنابوون بە مارکس 8 | جەلال حەمید | | 2015 |
| 57 | بۆچی مارکس لە سەرحەق بوو؟ | تێری ئیگڵتۆن | پێشڕەو محەمەد | 2015 |
| 58 | خەوتن لەگەڵ شەیتان | رۆبێرت بایەر | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| 59 | ئاشنابوون بە فیورباخ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 60 | ئاشنابوون بە تۆماس مۆر | وریا غەفووری | 2015 |
| 61 | ئاشنابوون بە شۆپنهاوەر | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 62 | ئاشنابوون بە گرامشی 1 | ئەرسەلان حەسەن | 2015 |
| 63 | ئاشنابوون بە گرامشی 2 | ئومێد عوسمان | 2015 |
| 64 | ئاشنابوون بە ئەرستۆ | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 65 | ئاشنابوون بە دیموکراسی | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 66 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 67 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 68 | ئاشنابوون بە ئەلبێر کامۆ 3 | مستەفا زاهیدی | 2015 |
| 69 | ئاشنابوون بە ئەرکون | د.نەوزاد ئەحمەد ئەسوەد | 2015 |
| 70 | ئاشنابوون بە فۆکۆ | جەبار ئەحمەد | 2015 |
| 71 | ئاشنابوون بە ئەکیونی | ماجید خەلیل | 2015 |
| 72 | ئاشنابوون بە ئەنگڵس | ئارۆ هەورامی | 2015 |
| 73 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 1 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 74 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 2 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 75 | ئاشنابوون بە جۆن ستیوارت میل 3 | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 76 | ئاشنابوون بە جاك لاكان | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |
| 77 | ئاشنابوون بە لایبنتز | کۆمەڵێك نوسەر | 2015 |

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| 78 | ئاشنابوون بە میکاڤیلی | کۆمەڵێك نوسەر | | 2015 |
| 79 | مارکس کێ بوو؟ | د. عبدلعلی مقبل | مەجید مارابی  جەواد حەیدەری | 2015 |
| 80 | حَركة الحَداثة في الشِعر الكُردي | د. سَرْوَر عَبدُالله | | 2015 |
| 81 | فیتنە | هشام جعیط | سابیر عەبدوڵڵا کەریم | 2015 |